ئەی چاوو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت؟

## کێشی بڕگەیی - پەنجە

ئەم جۆرە کێشە بەتەنیا پشت بەژمارەی بڕگەی لەتە دێڕ و شوێنی وەستانی پێیەکان دەبەستێ. ئەمەش لە تایبەتییەتی زمانی کوردییەوە هەڵقوڵاوە و کێشی ڕەسەنی شیعری کوردییە: «لە گۆرانییەکانی فۆلکلۆریدا بەکار هاتووە و ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی ناوچەی هەورامان، شیعرەکانی خۆیان لەسەر ئەم کێشە داناوە».(١) واتە ئەم جۆرە کێشە لە کوردیدا ڕەسەنە و هەر لە کۆنەوە هەموو گۆرانی و سروود و شیعری میللی و بەیتی پێ نووسراوەتەوە نزیکەی هەر هەموو شاعیرانی زاری گۆرانیش بەکاریان هێناوە و، لە بزووتنەوەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا شاعیران وردە وازیان لە کێشی عەرووزی هێناوە و گەڕاونەتەوە سەر ئەم جۆرە کێشە.

د. عیزەدین مستەفا ڕەسول تازە کردنەوەی شیعری کوردی بەبزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەی کوردەوە دەبەستێتەوە وەکو: دەڵێت: «یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی؛ بەرەو شتێکی تازەی سەر بەجیهانی شیعری جیهانی لە سروودی کوردیدا بوو».(٢) کەچی گۆران هۆی تازە کردنەوەکە بۆ کاریگەری ئەدەبی تورکی دەباتەوە و دەڵێ: (ئەدەبی تورکی، قوتابخانەی شیعری تازەی تیا پەیدا ببوو، کە پێیان دەوترا (ئودەبای فەجری ئاتی) لەوان «تۆفیق فیکرەت) و (جەلال ساهر) بوون و ئەدیبێکی تورک کە (عبدالحق حامید)ە، ئەگەرچی لەم کۆمەڵە نەبوو، بەڵام دیسان هەر پێی موتەئەسیر بووین».(٣) بۆ دەستنیشانکردنی سەرەتای تازە کردنەوە لە شیعری کوردیدا، کاکەی فەلاح دەڵێ: «دەکرێت نێوان ساڵەکانی ٢٠ - ٣٠ مەیدانی تاقیکردنەوەی سەرکەوتووانەی ئەم ڕاپەڕینە شیعرییە بێت».(٤)

دکتۆر مارف خەزنەداریش لەم بارەیەوە ڕای وایە کە: (نێوان هەر دوو جەنگ ماوەی داهاتنی شیعری تازەی کوردی، واتە قۆناغی ڕۆمانتیکی بوو، لەم سەردەمەدا ئەم ڕێڕەوە لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا خۆی گرت و بەتاقی کردنەوەیێکی سەرکەوتوو تێپەڕی).(٥)

---

(١) كمال معروف، الحركة التجديدية في الشعر الكردي الحديث ٩١٤ - ٩٦٥، ستوكهولم، مطبعة (ازاد)، ١٩٩٢، ص ٢٨٣ - ٢٨٤.

(٢) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، شیعری تازەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٥)، ١٩٨٥، ل ١٩٥.

(٣) عەبدولڕەزاق بیمار، دانیشتنێک لەگەڵ گۆراندا، گۆڤاری بەیان، ژمارە (٢)، ١٩٧١، ل ٣.

(٤) حەمە حەمەئەمین قادر (کاکەی فەلاح)، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٣٠.

(٥) د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة، بەغدا، ١٩٨٤، ل ٢٩ - ١٣٠.



گۆڤاری هاوار، کە یەکەم ژمارەی لە (١٥)ی گولانی (١٩٣٢) دەرچووە، ڕۆڵی خۆی لە تازە کردنەوەی شیعری کوردیدا هەبووە، لەم بارەیەوە د. عیزەدین مستەفا ڕەسول دەڵێ: «زۆر بەڵگە لە هاواردا دەبینین کە یەکێتی ڕاپەڕینی تازە کردنەوەی شیعری زمانی کوردی ئەو سەردەمە دەسەلمێنێ و ئەوە دەردەخەن کە نووسەران و شاعیرانی کورد ئاگاداری یەکتر بوون و بەشێکی گەورەی چالاکییان لەسەر لاپەڕەکانی هاوار دەنگی داوەتەوە».(١)

لایەنێکی تازە کردنەوەی شیعری کوردی لەم سەردەمەدا گەڕانەوەی شاعیران بوو بۆ بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی - پەنجە، کە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی هاوار ئەم کێشە خۆماڵییەیان لە شیعرەکاندا بەکارهێناوە. گرنگترین کێشی پەنجەی خۆماڵی گۆڤاری هاوار ئەمانەن:

١- کێشی حەوت بڕگەیی: (٤ + ٣)

هەر لەتە دێڕێک لە حەوت بڕگە پێکدێ. بۆ نموونە قەدری جان لە (ژ ١، ل ٥)دا، لە شیعری (هاوار هەبە گازی ل دویە) ئەم کێشەی بەکارهێناوە:

ژین چ قاس دەلالە
دنێف باف و باران دا
دل هەیە کو نەنالە
بەر برینێن ڕمان دا

ئەم شیعرانەش بەهەمان کێش نووسراون:

- ئوسمان سەبری، شیعری (بەردیللک)، (ژ ٢، ل ١٠).
- د. کامەران عالی بەدرخان، شیعری (ئالا کوردان)، (ژ ٨، ل ٧).
- جەگەرخوین، شیعری (سەر خوە بوونا مریشکان)، (ژ ٢٠، ل ١٢).

نزیکەی سی شیعر لە هاواردا بەم کێشە نووسراون لەلایەن شاعیرانی وەکو: قەدری جان و جەلادەت بەدرخان و ئوسمان سەبری و د. کامەران عالی بەدرخان و لاوێ فندی و جەگەرخوین و عەبدولڕەحمان فەوزی و حەبەش ئیسماعیل و سوبحی دیاربەکری...

٢- کێشی هەشت بڕگەیی: (٤ + ٤)

ئەم کێشە لە کێشە کۆنەکانی کوردییە. محەمەد موکری لای وایە ئەم کێشە لەگەڵ کێشی دە بڕگەیی لە کەلەپووری کوردیدا زۆر باو بوون.(٢)

ئەم کێشە لە لایەن چەند شاعیرێکەوە لە گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە. سلێمان بەدرخان لە شیعری

---

(١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ئەدبیاتی نوێی کوردی، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٩٠، ل ٤٨.

(٢) د. محەمەد موکری، گۆرانی یا ترانەهای کوردی، وەرگێڕان و پێشەکی د. شوکریە ڕەسول، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ١٩٩٩، ل ٢٦.

(ئاخ کوردستان)، کە لە ساڵی (١٩١١) نووسیویەتی و لە (ژ ١٠، ل ٢)دا بڵاوبۆتەوە. ئەم کێشەی بەکارهێناوە:

حەچی وەلات ناحەبینە
روومەتا وی هەر حال نینە

جگە لەوە ئەم شیعرانەش لە هاواردا هاتوون و لەسەر ئەم کێشەن:

– لاوێ فندی، شیعری (هشیار نامە)، (ژ ٨، ل ٣).
– مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (مارشا کوردی)، (ژ ٩، ل ٧).
– ئیسماعیل حەبەش، شیعری (نالە نالا دل)، (ژ ١٢، ل ٦).

لە گۆڤاری هاواردا (١٧) شیعر لەسەر کێشی هەشت بڕگەیی نووسراون کە لە لایەن ئەم شاعیرانە:لاوێ فندی، مستەفا ئەحمەد بوتی، سلێمان بەدرخان، د. کامەران عالی بەدرخان، عەبدولڕەحمان فەوزی، ئیسماعیل حەبەش، قەدری جان، ئیبراهیم مەلا، جەگەرخوین، ئوسمان سەبری، سالح بامەڕنی.

٣– کێشی دە بڕگەیی: (٥ + ٥)

ئەم کێشە، کێشێکی فۆلکلۆری کوردی کۆنە: «گۆران بەکێشی میللی شیعری کوردی دا دەنێ».(١)

ئەم کێشە بەڕادەیەکی زۆر لە شیعری فۆلکلۆری کوردی بەکارهاتووە و: «زۆربەی چیرۆکەکانی دڵداری، قارەمانی، لەسەر شێوەی بەیت بەکێشی (دە) هیجایی کێشراون».(٢)

ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرانی گۆڤاری هاوار لە شیعرەکانیاندا پەیڕەوی ئەم کێشەیان کردووە، بۆ نموونە: د. کامەران عالی بەدرخان کە لە (ژ ١، ل ٦)دا شیعری (خاتر خوەزیا مەمێ)ی لەسەر ئەم کێشە داناوە،

مەمێ گوت، دێ کەرەم کە ئەزبەنی توو
دێکا منی تو نەبایی وەک دوو

ئەم شاعیرانەش هەمان کێشیان لە هاواردا بەکارهێناوە:

– جەگەرخوین، شیعری (پەسنا دێرکێ)، (ژ ٥، ل ٧).
– قەدری جان، شیعری (بەردێلک)، (ژ ٦، ل ٢).
– مەلا عەلی، شیعری (گول بانەکێ هیشارێ)، (ژ ٦، ل ٤).

لە سەراپای گۆڤاری هاواردا (٢٠) شیعر بەم کێشە لە لایەن ئەم شاعیرانەوە نووسراون: د. کامەران

(١) عیزەدین مستەفا ڕەسوول، ڕۆشنبیری نوێ، ژ، (١٠٥)، ل ٣٦.
(٢) معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل ٤٥.



عالی بەدرخان، جەگەرخوین، قەدری جان، مەلا عەلی، پیرۆت، گۆران، عەبدولڕەحمان فەوزی، هێمن، ع. حەسەن، م...، ئوسمان سەبری، ڕەمۆیی قەنجۆ، پیرەمێرد، ب. فەرەیدون، بەنگینە، مەلا ئەنوەر، أ. شێرکۆ.

٤– کێشی یازدە بڕگەیی: (٤ + ٤ + ٣)

ئەم جۆرە کێشە وەک دیارە دوو وەستانی تێدایە. دوای چوارەم و دوای هەشتەم بڕگە. شاعیرانی گۆڤاری هاوار چەند نموونەیەکی شیعریان بەم کێشە نووسیوە.

جەگەرخوین، لە (ژ ٦، ل ٤)دا، شیعری (ژ بونا هاوارێ)ی بڵاوکردۆتەوە کە لەسەر ئەم کێشەیە:

هەزار جاری پیرۆز بتن ئەڤ هەوار
هەزار ئاهو زارین دکن لێ ئەزم

ئەم شاعیرانەش ئەم کێشەیان بەکارهێناوە:

– قەدری جان، شیعری (تابوتا بخوین)، (ژ ١١، ل ٦).
– هەرە کۆڵ ئازیزان، شیعری (بێرییا بۆتان)، (ژ ٢٥، ل ٢).

٥– کێشی دوازدە بڕگەیی: (٤ + ٤ + ٤)

هەر نیوە دێرێک لە سێ پێ پێکدێ، واتە دوو وەستانی تێدایە، دوای بڕگەی چوارەم و دوای بڕگەی هەشتەم. جەگەرخوین شیعری (پەندنامە)ی بەم کێشە نووسیوە و لە (ژ ٥٢، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوە:

هنگی گەریام ئەز ل دنێ من قە نەدی
کەس مسلی مە بێ یار و برا دۆست و خوەدی

٦– کێشی چواردە بڕگەیی: (٤ + ٣ +٤ + ٣)

ئەم کێشە بریتییە لە چواردە بڕگە لە هەر نیوە دێرێک. (وەستان لە ناوەڕاست دایە ٧ + ٧).(١)

واتە نیوە دێرەکە سێ وەستانی تێدایە، دوای بڕگەی چوارەم و دوای بڕگەی حەوتەم و دوای بڕگەی یازدەم. چەند شیعرێکی گۆڤاری هاوار بەم کێشە نووسراون: خدۆک (کە نازناوی حوسێن حوزنی موکریانی)یە شیعری (هەی وەتەن)ی بەم کێشە نووسیوە و لە (ژ ١٠، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوە:

لە خەوی غەفڵەت هەڵستە کە دەمێکی تەنگە
چەرخی کەچڕەو بەشەڕ و شۆڕ و ڕق و نەی ڕەنگە

– قەدری جان، شیعری (دادێ)، (ژ ١٤، ل ٣)
– مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (کانێ ئاخا کوردان)، (ژ ١٦ ، ل ٢).

شایەنی باسە شیعرەکەی مستەفا ئەحمەد بوتی موستەزادە، واتە دوای هەر لەتێک تیکەیەکی (٧) بڕگەیی بۆ زیاد کراوە.

(١) د. معروف خەزنەدار، کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا، ل ٤٥.

– مستەفا ئەحمەد بوتی، شیعری (کوردستانا بێ دبستان)، (ژ ١٧، ل ٣)، ئەم شیعرەش وەکو: ئەوەی پێشوو لەسەر شێوەی موستەزاد ڕێکخراوە.

**کێشی ئازاد:**

پێویستە لە باسی کێشی شیعرەکانی (هاوار)دا ئاماژە بەوە بدەین کە چەند نموونەیەکی شیعری ئازاد لە گۆڤارەکەدا بەرچاو دەکەون. بۆ نموونە: لە (ژ ٦، ل ٣)دا. بۆزان شاهین شیعری (هاوارە)ی بڵاوکردۆتەوە کە شیعرێکی ئازادە.

هاوارە کوڕێ من هاوارە
تو خەو مەکە
گەرەکە کو سندووف و مەربەند
تو زەمت مەکە
گولیێن کەچێن کوردان
د دەستێن ڕۆمان دا
هاوار دکە
تو خەو مەکە لاوێ من ها وەرە
تو خەو مەکە

د. کامەران عالی بەدرخانیش لە (ژ ٨، ل ٣)دا شیعری (سترانا دلان)ی لەسەر کێشی ئازاد نووسیوە.

**سەروا:**

هەر کاتێ باسی ڕەگەزەکانی شیعر بکرێ نابێ سەروا پشت گوێ بخرێ، چونکە: «سەروا مۆسیقای شیعر زیاد دەکات، لەبەر ئەوە خۆشیی شیعرەکە زیاتر دەبێت».(١) لە مێژووی لێکۆڵینەوەی سەروای شیعردا، پێناسەی جیا جیا، لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە بۆ سەروا کراوە. بەپێی ڕێبازی خەلیلی کوڕی ئەحمەدی فەراهیدی: «سەروا لە پیتی کۆتایی دێرەوە تا یەکەم پیتی بزواوی پێش دوو پیتی وەستاوە»،(٢) بەلای هەندێکی ترەوە: «سەروا بەشی دووەمە لە دێرە شیعر بەتەواوەتی».(٣) کەچی بەلای ئەخفەشەوە سەروا: «وشەی کۆتایی دێرە».(٤) هەندێکی تر بۆ ئەوە دەچن کە: «سەروا هەمووی

(١) احمد امين، النقد الادبي، ط ٤، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٦٧، ص ١٠٧.
(٢) احمد محمد الشيخ، دراسات في علم العروض والقافية، دار الجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان، ١٩٨٨، ص ٢١٥.
(٣) احمد محمد الشيخ، دراسات في علم العروض والقافية، ص ٢١٦.
(٤) د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ص ٢١٣.



دێرە شیعرە».(١) گرنگی سەروا بۆ ئیقاع و ئاوازی شیعر لە هەموو زمانەکاندا وەکو: یەک نییە: «لە هەندێ زماندا سەروا نییە وەکو: زمانی گریکی).(٢) لە هەندێ زمانی تردا هەر پێویستییەکی پێویست بووە وەکو: زمانی عەرەبی. بەڵام لە کوردیدا: هەر لە کۆنەوە پەیڕەوی سەروا کراوە، چ لە شیعری فۆلکلۆری و بەیتی میللی و سروود و داستانەکاندا بێ و چ لە شیعری بەرزی شاعیران. ئەو شیعرانەی لە گۆڤاری هاواردا بڵاوکراونەتەوە پەیڕەوی سەروای جۆراوجۆریان کردووە. لە خوارەوەش دابەشبوونی سەروا لەو شیعرانەدا باس دەکەین:

**١- سەروای ستوونی- (یەکێتی سەروا):**

مەبەست ئەوەیە لە یەکەم دێڕەوە تا کۆتایی پەیڕەوی یەک سەروا بکرێ: «ئەم سەروایە لە قەسیدە و غەزەل و قیتعە بەکار دێت».(٣) ئەم جۆرە سەروایە لە هەندێ شیعرەکانی گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە، وەکو: (ئاغایێ مێردینێ)(*) کە شیعری (وەلات)ی لە (ژ ١٩، ل ٢)دا بڵاوکردۆتەوە. شیعرەکەش لەسەر ئەم جۆرە سەروایەیە و سەرەتاکەی ئەمەیە:

ئەو چیاییێن بلند ئاڤێن دسار پاریزێن(**) ڕەنگین
ئەو دەشتێن ب رەز، گوندێن ب پەز، باژێرێن زەنگین

سەروای ئەم شیعرە (ین)ە، هەموو وشەی دێڕەکانی تریش هەر بەم سەروایە کۆتاییان هاتووە، وشەکان ئەمانەن: (نارین، دین، زین...).

لە گۆڤاری هاوار (٣١) شیعر بەیەکێتی سەروا نووسراون، ئەمانە نموونەی هەندێکیانن:

– حاجی قادری کۆیی، شیعری (ئەی کوردینە وشیار ببن)، (ژ ٤، ل ٥).
– عەبدولخالق ئەسیری کەرکوکی، شیعری (وڵاتی کوردان)، (ژ ٥، ل ٣).
– فایق بێکەس، شیعری (کوردەواری) (ژ ٦، ل ٤).

**٢- مەسنەوی:**

ئەم زاراوەیە بۆ شیعرێک بەکاردێت کە دێڕەکانی هەریەکە دوو لەتەی هاوسەروا بن و سەرواکە لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر بگۆڕێ: «دەشبێ شاعیر چەند دێڕێک بەهەمان سەروا بێنێ، بەڵام ئەمە لزوم ما

(١) احمد محمد الشيخ، دراسات في علم العروض والقافية، ص ٢١٦.
(٢) د. محمد غنيمي هلال، النقد الادبي الحديث، دار العودة، بيروت، ١٩٧٣، ص ٤٦٨.
(٣) د. اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، مكتب الشريف وسعيد رافت للطباعة و النشر والتوزيع، ١٩٧٥، ص ٢٢٩.
(*) حوسێن حەبەش لە کتێبەکەیدا (ڕاپەڕینا چاندا کوردی (گۆڤارا هاوارێ)دا لە لاپەڕە (١١٣) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ناوی دروستی ئەم شاعیرە (ئەحمەد مێردینیە).
(**) پاریز = گوڵزار (حديقة الزهور)

لا یولزمه له مەسنەویدا». (د. محەمەد نورەدین عەبدولمنعم) لەبارەی ئەم جۆرە سەروایە دەڵێ: «مەسنەوی ڕەگەزە شیعرێکی باوە لە زمانی فارسیدا. شاعیرانی فارس هەوڵیان داوە بەم جۆرە سەروایە خۆیان لە کۆتی یەکێتی سەروا ڕزگار بکەن».(۱) ئەم جۆرە سەروایە بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر لە شیعرەکانی گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە، کە دەگاتە نزیکەی (٤٠٪)ی هەموو شیعرەکان... د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (خاتر خوەزی یا مەمێ) لە (ژ ١، ل ٦)دا دەڵێ:

مەم گوت دێ کەرەم کە ئەزبەنی توو..................أ
دێکا منی تا نەبایی وەک دوو....................أ
قەدرێ تە ئەرێ گەلەک گرانە....................ب
مەم قەدرێ دێ یان گەلەک دزانە..............ب

نموونەی تری مەسنەوی وەکو:

– جەگەرخوین، شیعری (پەسنا دێرکێ)، (ژ ٥، ل ٧).
– نەوزاد،(*) شیعری (دەست ژێ بوون)، (ژ ١٦، ل ٤).

**۳- سێبینە:**

ئەم جۆرە سەروایە لە شیعرەکانی (هاوار)دا زۆر بەرچاو دەکەوێت، د. عەزیز گەردی لەبارەی ئەم سەروایە دەڵێ: «سێبینە بریتییە لە پارچەیەکی بچووک، لە سێ لەتە دێڕ پێکدێ، دەکەوێتە قاڵبە سەروای جۆراوجۆرەوە. سێبینە دەشێ بەتەنیا بێ و مانای سەربەخۆی هەبێ و دەشێ لە هۆنراوەیەکی پارچەدار بێ، پارچەکانی یەکسان بن (هەموو سێبینە بن) یان جیا بن».(۲)

هەرچەندە باسی سێبینە، زۆر کەم لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی کوردیدا هاتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سێبینە لە شیعری میللی و فۆلکلۆریدا زۆر هاتووە و شاعیرانیش ئاوڕیان لێداوەتەوە. بۆ نموونە جەگەرخوین شیعری (زار و دلبن)ی(*) (ژ ١٣، ل ٥)ی هاواری بەم جۆرە سەروایە نووسیوە.

(۱) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي في القرن الخامس الهجري، دار الثقافة للطباعة والنشر القاهرة، ١٩٧٦، ص ٢٤٧.

(*) گۆڤاری (پەلین)، کە گۆڤارێکی ئەدەبییە و لە ئەستەنبوڵ دەردەچێ، لە ژمارە (٧)، ل (١٠٤)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە نەوزاد نازناوی قەدری جانی شاعیرە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەو شیعرانەی بەم نازناوە نووسراون لە هی قەدری جان دەچن، هەروەها شیعری (دێرێک)، کە لە ژمارە (٢٤)ی هاواردا بەو نازناوە بڵاوبۆتەوە ئەم رایە زیاتر دەچەسپێنێت، چونکە: (دێرێک) ناوی گوندی قەدری جانە.

(۲) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ١٩٨.

(*) ئەم شیعرە لە دیوانی (یەکان)دا (ل ١٢٥)، لە ژێر ناوی (کوما میللەتان) لەگەڵ چەند گۆڕانییەک بڵاوکراوەتەوە.



وەلاتێ کوردان هەمی چیمەنە..............أ
عەگید و شێر و پلنگ تێ هەنە.............أ
هەمی هەڤال و کور باقێ مەنە................أ

بەڵام عەبدولڕەحمان فەوزی لە شیعری (کولا دل) (ژ ١٣، ل ٦)دا سێبینەی بەجۆرە دابەشبوونێکی تری سەرواوە نووسیوە و دەڵێ:

دلێ من تێرە، تێر دەرد و برین...............أ
مێژڤە دەرکەتم ژ وەلاتێ خوە دور...........ب
دلێ من هەرێ تەڤ کولە بخوین...............أ

سەروای لەتی یەکەم و سێیەم وەکو: یەکن سەروای لەتی دووەم جیایە.

جەلادەت عالی بەدرخان لە شیعری (داوەتە)دا کە لە (ژ ٨، ل ٣)دا بڵاوبۆتەوە، جۆرە دابەشبوونێکی تری سەروای سێبینەی بەکارهێناوە و دەڵێ:

ژ زوزانان هات قولنگ.................أ
خەبەر ئانی ژ خوەبینگ................أ
دبێ وەرن داوەتە.............ب

لە هەموو سێبینەکاندا لەتی یەکەم و دووەم هەمان سەروایان هەیە، کە لە سێبینەیەکەوە بۆ سێبینەیەکی تر دەگۆڕێ، بەڵام سەروای لەتی سێیەم لە هەموویان یەک شتە.

**٤- چوارین:**

چوارین هونەرێکی شیعرییە: «چوار لەتییە و کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ. زۆر جاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەسەر چوارینەدا دابەش بووە، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچووک دەگەیەنێ، لە چوارچێوەی گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە».(۱) سەرچاوەکان ئەم هونەرە بۆ فارسەکان دەگەڕێننەوە و لەو بڕوایەدان کە سەرەتا لە شیعری فارسییەوە دەستی پێکردووە.(۲) کێشی چوارین: «لە هەموو کێشە باوەکانی شیعری عەرەبیدا جیایە، فارسەکان بیست و چوار لقە کێشیان لە بەحری هەزەج دەرهێناوە و زیحاف و عیللەی وایان تێدا

(۱) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢٠٤.

(۲) دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە:

١- د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ص ٢١٩.
٢- د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي... ص ٢٣٥.
٣- د. اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، ص ١٦٧.

بەکارهێناوە، کە لە شیعری عەرەبیدا نین». [١] هەر چوارینەیەک لەسەر کێشێکی تر بێ، جگە لەم بیست و چوار قالبە (پێی دەگوترێ دوو بەیت). [٢]

چوارین، هەر لە سەردەمی بابا تاهیری عوریانەوە لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهاتووە و بەچەند جۆر و قالبی جیا جیا هاتووە. چوارین لە گۆڤاری هاواردا بەرێژەیەکی زۆر هاتووە و قالبی جۆراوجۆری هەیە، کە ئەمانە گرنگترینیانن:

– مستەفا ئەحمەد بۆتی لە شیعری (شەهیدێ گەورە)، (ژ ١١، ل ٥)، جۆرە چوارینەیەکی نووسیوە، کە هەر چوار لەتیان یەک سەروایان هەیە.

روهەلات حەتا روئاڤا...........أ
مالا خودێ هزار جار ئاڤا........أ
خەلک پیر بوون ئیرۆ بوون زاڤا...........أ
کوبکن ژ شیری گرتیە داڤا...........أ

د. کامەران بەدرخان، لە شیعری (گولێ)دا کە لە (ژ ١٣، ل ٢)ی هاواردا بڵاوبۆتەوە، جۆرە دابەشبوونێکی تری سەروای چوارینی بەکارهێناوە. لەتی یەکەم و دووەم و چوارەم هاوسەروان و لەتی سێیەم سەروای جیا و سەربەخۆیە:

نە کانی نە رووبارە...........أ
دنێ ئێڤار و سارە...........أ
رۆیی گولێ ئەز کوشتم...........ب
ئەرد ئەڤرازە و خوارە...........أ

قەدری جان لە شیعری (جەگەرخوین) کە لە (ژ ١٢، ل ٢)دا، بڵاوکراوەتەوە، جۆرە سەروابەندییەکی تری چوارینی بەکارهێناوە، کە هەر سێ لەتی پێشەوەی وەکو: یەک وان و سەروای لەتی چوارەمیان جیایە، ئەو سەروای لەتی چوارەمینە لە هەموو چوارینەکاندا وەکو: یەک وایە:

هەڤالێ خۆشەویست پەسنا گوندێ من.............أ
ب ئاه و کەسەران پێشکێش ددی من.............أ
ژ نو ڤە پێتەک ئاردا سەر داخێ من................أ
دەرد و کول تەڤ داین تەوشە(*) جەگەرخوین... ...ب

جەگەرخوین لە شیعری (ژ بو هاوارێ)، کە لە (ژ ٦، ل ٤)دا بڵاوبۆتەوە، شێوەیەکی تری سەروابەندی

(١) د. اسعاد عبدالهادي قنديل، فنون الشعر الفارسي، ص ١٦٧، ١٦٨.

(٢) د. محمد نورالدين عبدالمنعم، دراسات في الشعر الفارسي حتى القرن الخامس الهجري. ص ٢٣٧.

(*) (تەوش) = بێ هوودە، (عبث، هراء)



چوارینی بەکارهێناوە و لەم چوارینەدا سەروای لەتی یەکەم و لەتی دووەم جیان، سەروای سێیەم و چوارەم وەکو: یەک وان:

گولستانێ زارێ مەیە ئەی جوان.............أ
دبێم ئاخ وەلات ئاخ وەلات..............ب
ژ بو بولبولێ دل نەخوش بوو بهار.............ج
ئەڤینا تە کوشتم کرم تارومار...................ج

د. کامەران بەدرخان لە شیعری (برین)دا (ژ ٧، ل ٣)، شێوەیەکی تری سەرواسازی چوارینی بەکارهێناوە، چوارینەکەش وەکو: دوو دێری مەسنەوی وایە:

نە گول و نە کولیک مان.............أ
نە پاریز و گولستان................أ
نە دەنگێ خوەش نە مەقام...........ب
پێڤە ژ ئاه و ئینتیقام.............ب

دیسان هەرەکۆل ئازیزان لە شیعری (ئالێ کوردان)دا، لە (ژ ٥، ل ٤)دا شێوەیەکی تری سەروای چوارینی بەکارهێناوە، کە سەروای لەتی یەکەم و چوارەم وەکو: یەکن و سەروای لەتی دووەم و سێیەمیش جیا و سەربەخۆن:

ئالێ کوردان دناڤ رۆک.............أ
چ بەدەو و ب هەیبەت...............ب
ب چار رەنگی، رەنگێن تە...........ج
چ دەلال و چ خوەشکوک................أ

## ٥- پێنجینە:

پارچەیەکی کورتە و لە (٥) لەت پێکدێ، کە بەدابەشبوونی جیاوازی سەروا و کێشی سەرواوە دەنووسرێ. وا دەبێ سەربەخۆ بێ و وا دەبێ پارچەیەک بێ لە شیعرێکی دوور و درێژ، کە بەسەر پارچەی پێنج لەتیدا دابەش دەبن.

د. مارف خەزنەدار لەبارەی ئەم هونەرەوە دەڵێ: «هونەرێکی شیعری باو و بڵاوە لە ئەدەبی کلاسیکی نەتەوە موسڵمانەکان»دا. [١] د. عەزیز گەردی باسی چەندین جۆری ئەم هونەرەی کردووە لە ئەدەبی گەلانی تردا و دەڵێ: «پارچەی پێنجینە، جا هەر جۆرێک بێ، زۆر قالبی جیا جیای هەیە». [٢] پێنجینە

(١) د. مارف خەزنەدار، لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل ١٨٤.

(٢) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢١٩.

بەچەند قاڵب و جۆرە دابەشبوونێکی سەروا لە شیعرەکانی گۆڤاری هاواردا بەکارهاتووە. ئەمەش چەند نموونەیەکن:

سالح بامەڕنی،(١) لە شیعری (هیڤی یا مە) کە لە (ژ ٣٩، ل ٤)دا بڵاوکردۆتەوە، ئەم هونەرەی پەیڕەو کردووە:

ئاخ و ئۆفــێت مـــە دژوارن..........أ
برین کـــوورن ســـەد هەزارن..........أ
خـــۆشی یا مـــە وەلات و وارن..........أ
هەمی لا دیپـــشک و مـــارن..........أ
وەلات بێ تە ئـەم نەمـــینن..........ب

لێـرەدا هەر چوار لەتی یەکەم هاوسەروان، لەتی پێنجەم جیـان و لە هەمـوو پارچەکـاندا یەکە. ئەم شیعرانەش بەهەمان دابەشبوونی سەروا نووسراون:

خدۆک،(٢) لە شیعری (هەی وەتەن) (ژ ١٠، ل ٤).

لاوێکی کورد – عەونی، شیعری (بۆ خاوەنی هاوار)، (ژ ٢٢، ل ٣).

م. مەعسومێ حامدی، شیعری (ژینا میللەت)، (ژ ٣٠، ل ١٤).

د. کامەران بەدرخان لە (ژ ١٢، ل ٣)دا شیعری (هەیڤ و ستێر)ی بڵاوکردۆتەوە، کە قاڵبێکی تری پێنجینەی تێدا بەکارهێناوە. لەم پێنجینەدا سەروای هەر سێ لەتی پێشەوە وەکو: یەک وان و دوو لەتی دواوەش وەکو: مەسنەوی وان و لە کۆتایی هەموو پێنجینەکاندا دووبارە دەبنەوە:

بێ خـوەیی مـە ئەز تنێ مـە..........أ
یەک ژ جـا مـەرێن دنێ مـە..........أ
ژ بێ بەختی ئەز کە تی مـە..........أ
دل کەتی مە و سینگ ژارم..........ب
بێ وەلات و بێ باژارم..........ب

(١) دیارە لە سەردەمی گۆڤاری هاواردا سەیدا ساڵح یوسفی بەوناوە بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە، چونکە ئەو بەرهەمانەی لە ژێر ئەم ناوەدا لە هاوار بڵاوکراونەتەوە لە دیوانی سەیدا ساڵح یوسفیدا هاتوون. شایەنی باسە سەیدا ساڵح یوسفی لە ساڵی ١٩١٨، لە گوندی بامەڕنی لە دایک بووە و لە ڕۆژی (٢٥)ی حوزەیرانی ١٩٨١ بەزەرفێکی مینرێژ شەهید کرا.

(٢) خدۆک: نازناوی حوسێن حوزنی موکریانییە. بۆ دڵنیابوون بڕوانە:
أ- کریم شارەزا، حوزنی موکریانی مێژوونووس، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی، ژمارە (٦٢)، ل ٥٨.
ب- عومەر ئیبراهیم عەزیز، یادی مێژوونووس حوزنی موکریانی، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٣٥)، ل ٢١.
ج- ڕووناکی، یەکەمین گۆڤاری کوردیی شاری هەولێر، ئامادە کردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٢١.



### ٦- شەشینە:

پارچەیەکە لە شەش لەت پێکدێ و بەشێوەی جۆراوجۆر سەرواکەی دابەش دەبێ، «شەشینە لە ئەدەبی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا بەکارهاتووە».(١) لە گۆڤاری هاواردا چەند قاڵبێکی جیاوازی شەشینە بەرچاو دەکەون.

سلێمان بەدرخان(*) قاڵبێکی شەشینەی لە شیعری (ئاخ کوردستان) (ژ ١٠، ل ٢) بەکارهێناوە،. شایانی باسە لەم ژمارەیەدا ئاماژە بەوەکراوە، کە شیعرەکە ساڵی (١٩١١) نووسراوە. ئەگەر ئەم مێژووە بۆ دانانی شیعرەکە ڕاست بێ، ئەمە دەبێ بەهەنگاوێکی تازە لە شیعری کوردیدا چونکە د. عەزیز گەردی دەڵێ: «لە ڕێی تورکیشەوە شێخ نووری و گۆران و پیرەمێرد لە بیستەکانی ئەم سەدەیە (مەبەست سەدەی بیستەمە) بەدواوە و لە ڕەوتی نوێ کردنەوەی شیعری کوردی و قووڵکردنەوەی لایەنی شکلی، وەریان گرتووە و سەروای شیعری کوردییان پێ دەوڵەمەند و بەهێز کردووە».(٢)

سلێمان بەدرخان لە شیعرەکەیدا دەڵێ:

کـــانی وەلات باڤ و بران..........أ
کـانی ئەو دەنگ کا دلبـەران..........أ
کـــانی چیـــا کـــانی زوزان..........أ
کانی ئەو بەرف و کانی باران..........أ
حـوبـا وەلات ژ ئیـمـانێ..........ب
ئاخ کوردستان ئاخ کوردستان..........ج

ئەم شەشینەیە لەسەر شێوەی تەرجیع بەند نووسراوە، دوو لەتی دوایی لە هەموو پارچەکان وەکو: خۆی دووبارە دەبێـتـەوە. هونەری تەرجیـع بەند بەرێژەیەکی زۆر لە گۆڤـاری هاواردا هاتووە، هەر بۆ نموونە: شیعری (بوهار)، (ژ ١، ل ٤). شیعری (ئەز بشورم)، (ژ ٢١، ل ٧). شیعری (ب یەک بن)، (ژ ٢٨، ل ٧).

(١) د. عەزیز گەردی، سەروا، ل ٢٣٥.

(*) سلێمان بەدرخان کوڕی خالید بەدرخانە، ساڵی ١٨٩٠ لە (حاصبیا) لە باشووری لوبنان لە دایک بووە. ساڵی ١٩١٢ بەدەستی سەربازێکی تورک کوژراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
مالمیسانژ، البدرخانیون فی جزیرە بوتان، ترجمە دلاور الزنگی و گوڵبەهار بەدرخان، مطبعة (ادمیرال)، بیروت، ١٩٩٨، ص ١٧٣.

(٢) د. عەزیز گەردی، سەروا، (ل ٢٣٥ – ٢٣٦).

**٧- مووەششەح:**

هونەرێکی تری شیعری، کە لە گۆڤاری هاواردا دەکەوێتە بەرچاو، مووەششەحە، ئەم هونەرە لە بنەڕەتدا عەرەبییە. مووەششەح: «شۆڕشێک لە سروشتی قەسیدە، بزووتنەوەیەکی تازەکردنەوە بوو». (١) لە بارەی مێژووی سەرهەڵدانی مووەششەح، ئیبن خەلدون دەڵێ: «لە ئەندەلوس لەسەر دەستی موقەدەم کوڕی موعافیری ئەلغەریری سەری هەڵداوە». (٢)

د. محەمەد مەهدی ئەلبەسیر بەم جۆرە پێناسەی مووەششەح دەکات و ڕوونی دەکاتەوە: «جۆرێکە لە ئاخاوتنی کێشدار، بەپێی حەز و توانای شاعیر کێشەکانی زۆر دەبن و سەرواکانی هەمە ڕەنگن». (٣) مووەششەح گەیشتۆتە ناو ئەدەبی کوردی و زۆر شاعیر بەهرەی خۆیان تێدا تاقی کردۆتەوە. لەناو شیعرەکانی گۆڤاری هاواریشدا نموونەی هەیە. شاعیرێک بەناوی (لاوێکی کوردی) شیعری (ئەی فەجر)ی لەسەر شێوەی مووەششەح نووسیوە و لە (ژ ٧، ل ٧)دا بڵاوی کردۆتەوە.

ئەی فەجری جوان، فەجری ئەمەلمان
ئاسمان رووناک کە رۆشن کە ولاتمان
لابە تاریکی لەسەر باغ و چیامان        **مەتلەع**
ڕاپەڕینە لە خەو رۆحدار و ولاتمان

بلێ بەسیە نووستن
بلێ بەسیە سستی        **دەور**

بلێ بەسیە پەستی
ئیتر ئینتیباه        **قوفڵ**

هەروەها جەگەرخوین لە (ژ ٢٩، ل ٩)دا شیعرێکی نووسیوە، بەناوی (ئالا ڕەنگین) کە لەسەر جۆرێکی مووەششەحە:

ئالا ڕەنگین پیرۆز بی خوەش
تەهل دگرم دچم ب مەش        **مەتلەع**
تو ل سەر ملێن خورتێن جوان
دناف تەدە یەک رۆژەک گەش

(١) د. احسان عباس، تاريخ الادب الاندلسي في عصر الطوائف والمرابطين، ط ٥، دار الثقافة، بيروت، ١٩٨٧، ص ٢١٧.
(٢) حنا الفاخوري، تاريخ الادب العربي، المكتبة البوليسية، بيروت، بدون تاريخ، ل ٨١١.
(٣) د. صفاء خلوصي، فن التقطيع الشعري والقافية، ص ٣٠١.



ئالا سێ ڕەنگی تو
ب ناف و دەنگی تو        **دەور**
نیشانا جەنگی تو

ئەی خورتێن کوردان
سلاڤێ لێ بکەن        **قوفڵ**

**زمانی شیعر:**

زمان وەکو: زیندەوەرێکی پێشکەوتوو، لە گۆڕان و بەرەو پێشەوە چوون دایە. مرۆڤ بەزمان لە گیاندارانی تر جیا دەکرێتەوە و بەزمان بیر و هەست و نەستی خۆی بەوانی تر دەگەیەنێ و پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی پێ مەیسەر دەکات و شارەزایی و کەلەپووری ژیریی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەهۆی زمان دەپارێزێ و دەگوازێتەوە. زمان ئامرازی دەربڕینی هەست و بیری مرۆڤە... کەرەستەی سەرەکی ئەدەبە، بۆیە نرخ و هێزی ئەدەبی هەر بەرهەمێک بەڕادەیەکی زۆر بۆ زمانەکەی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەو هێزە شاراوەیە دەگەڕێتەوە کە لەودیو وشەکانەوە پڕشنگ دەداتەوە. کە نووسەری بەرهەمی ئەدەبی بیەوێ بەوردی و خەستی و دروستی هەست و بیری خۆی بۆ خوێنەر بگوازێتەوە: «بەکارهێنانی زمان دەبێ بەکارێکی گران و زەحمەت». (١) بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە نووسەری بەرهەمی ئەدەبی بەشێوەیەکی تایبەتیتر لە خەڵکی ئاسایی زمان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی بتوانێ کار لە خوێنەر بکا. لەبەر ئەوەی هەر نووسەرێک توانا و شێوەی تایبەتی خۆی لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی وشەکانی زمان هەیە، بۆیە زمانی ئەدەبی دەبێ بەپێناسەیەک بۆ کەسایەتی نووسەرەکە خۆی. کە دەگاتە ڕادەیەک دەبێ بەخاوەنی شێوازی تایبەتی خۆی. دەبێ ئەوەشمان لە بیر بێ کە زمان لە شیعردا تایبەتی خۆی هەیە، چونکە جگە لە واتا و ئاماژەی هونەری، پێویستی بەمۆسیقا و ڕیتم و خەستی و ئیحای قووڵ هەیە. بۆیە هەڵبژاردنی وشەکە چەند دەورێکی جیاواز لە شیعردا ببینێ کارێکی یەکجار زەحمەتە و بەرپرسیارێتی ئەو کارە بۆ توانای شاعیر دەگەڕێتەوە. لەبەر ئەوە کاری شاعیر زۆر زەحمەتە، «عەرەب و گریکە کۆنەکان ڕایان وابوو کە هێزێکی ڕۆحی شاراوە لە پشت شاعیرەوە هەیە، ئیلهامی شیعری بۆ دێنی. بەلای گریکەکانەوە وابوو کە شاعیر خوداوەندی شیعری هەیە ئیلهامی پێ دەبەخشێ. عەرەبیش ڕایان وابوو کە هەر شاعیرێک جنۆکەیەکی هەیە شیعری بۆ دەنێرێ». (٢)

ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی بەدرێژایی مێژوو قۆناغی جیا جیای بڕیوە و لە هەر قۆناغێک سیمایەکی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵام لە هەر هەموویاندا زمان بڕبڕەی داهێنانی ئەدەبی بووە. ئەگەر لە زمانی شیعری کوردی وردبینەوە دەبینین: «زمانی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی هەر لە سەرەتاوە هەتا

(١) د. عزالدين اسماعيل، الادب وفنونه دار الفكر العربي، ١٩٨٧، ص ٣١.
(٢) د. خليل ابراهيم العطية، التركيب اللغوي لشعر السياب، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨٤، ص ٢٥.

جەنگی یەکەمی جیهانی زمانێکە تەواو لەگەڵ زمانی ئەدەبیاتی فارسی و تورکی، لە دیمەنی گشتیدا، یەک دەگرێتەوە.»[1] بەپێی لاسایی شاعیرانی سەر بەم ڕێبازە: «شاعیر وشەی هەموو شیعری ڕۆژهەڵات و زمانانی ڕۆژهەڵات بەموڵکی خۆی دەزانێ، لەبەر ئەوە وشەی ناو شیعری کوردی ئەو سەردەمە لە کوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی و زۆر تەعبیر و ئیستیلاحی ئیسلامی تێکەڵە».[2] لەگەڵ تازە بوونەوەی شیعری کوردی و گۆڕانی سیماکانی، زمانی شیعریش کەوتە گۆڕان. لە قۆناغی یەکەمی گۆڕانەکە: «زمانێکی تازە هاتە ناوەوە، ئەو زمانە تەواو لە ژێر تەئسیری ڕۆمانتیکە تورکەکاندا بوو، کە لە پاڵ وشەی کوردیدا پڕ بوو لەو وشە تورکی و عەرەبییانەی لە ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی تورکییەوە وەرگیرا بوون».[3]

شاعیران جگە لە ڕوخسار و ناوەڕۆک بایەخی زۆریان بەزمان داوە. ئەم تازە کردنەوەیە وەک: «ڕوخسار و ناوەڕۆکی گرتەوە، لە هەمان کاتیشدا زمانە شیعرییەکەشی گۆڕی و لە سەردەمی ئەماندا تەنها واتاکەی خۆی دەبەخشی، واتا وشەکاری تیایدا نەدەکرا، کەچی لە شیعری کلاسیکیدا وشەکارییەکی فراوانی تیادا دەکرا».[4] لە قۆناغی سێیەمی ئەو نوێ کردنەوەیەدا: (زمانی ئەدەبی کوردیش بەرەو کوردیی پەتی ڕۆیشت).[5] لە گۆڤاری هاواردا، ژمارەیەکی زۆری شیعر بڵاوکراوەتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بەدوو جۆر:

١- شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی وەکو: جزیری و حاجی و ئەسیری... لەگەڵ ئەو شاعیرانەی کە لەسەر ڕێبازی ئەوان دەیاننووسی.

٢- شیعری شاعیرە هاوچەرخەکانی هاوار کە بەدید و بۆچوون و زمان و تەکنیکی تازە دەیاننووسی.

جۆری یەکەمیان هەر ئەو زمانەیان بەکارهێناوە، کە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا بەگشتی بەکارهاتووە...، جۆری دووەمیان بەلای ئێمە لەسەر وەستانی پێویستترە، چونکە شیعرەکان ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی واقیعی ئەوسای کوردستان بوون، ئەو کاتە کاتی ڕاپەڕین و شۆڕش و بەرخودان بوو لە سەرانسەری کوردستاندا، جا: «بونا هشیار کرنا سیاسی شاعرێن گوڤارێ ب ئاوایەکێ هونەری سادە و ڤەکری بانگی هەمی چین و ڕێزێن گەلێ خوە دکرن».[6]

بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە، شاعیرانی کورد زمانێکی سادە و پاک و پەتییان بەکاردەهێنا و ئەم دیاردەیە

(١) د. عزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٥)، ل ١٩٩.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(٣) هەمان سەرچاوە.

(٤) خورشید ڕەشید ئەحمەد، ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی دار الجاحظ، بەغدا، ١٩٨٩، ل ١٢٩.

(٥) د. عزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٠٥)، ل ٢٠٠.

(٦) حوسێن حەبەش، ڕاپەڕینا چاندا کوردی د گۆڤارا هاوارێ دە، ل ١١٧.



بەئاشکرا لە شیعرەکانی ناو گۆڤاری هاواردا دەبینرێ. بۆ نموونە: ئوسمان سەبری لە (ژ ٢، ل ١٠)دا شیعری (بەردیلک)ی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

ژیین خوشە ب خورتی
ل کوردستان ب کوردان
باڤ و بران چ بکەم
حەمو تێ من ب دەردان.

دەربڕینەکانی زۆر سادە و ئاشکران، وشەی کوردی پەتین، هیچ وشەی بیانی بەکارنەهێناوە. داڕشتنی ڕستەکانی ڕێک و ڕەوان و بێ گرێ و گۆلە.

د. کامەران عالی بەدرخان، لە (ژ ٩، ل ٤)دا، شیعری (کوردستان)ی بڵاوکردۆتەوە، زمانێکی پاک و پاراو و پەتی تێدا بەکارهێناوە و دەڵێ:

ئێڤارە
پرسارە
چولە، گروچیان بێ دارن
تارییە
زارییە
بێ تە دل و جان برینداربن

وشەکان هەموو کوردی پەتین، لە شوێنی خۆیان بەکارهاتوون، ڕستە و دەستەواژەی کورت و سووکی بەکارهێناوە.

جەگەرخوین لە (ژ ٥٤، ل ٢)دا، شیعری (پێش کەڤن)ی بڵاوکردۆتەوە، کە نموونەی کوردییەکی ڕەوان و ڕەسەنە:

خورتنۆ وەرن ئەم ب پشت و مل
بۆ وەلات خەبات ئەم بکن ژ دل
سەر خوە بون دڤێ بومە هەر دەمی
پێشکەڤن هەمی، پێشکەڤن هەمی

هەر لەبارەی زمان و زاری شیعری ئەو سەردەمەوە د. عیزەدین دەڵێ: «شاعیر خۆی بەدیالێکتێکی قسە کردنەوە نەدەبەستەوە، بەڵکو هەموو دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی زمانی کوردی موڵکی شاعیر بوون».[1] ئەم دیاردەیە لەناو هاواردا ئاشکرایە. جەگەرخوین لە شیعری (بەردیلک)دا کە بۆ ئەسیری

(١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٠٥)، ل ٢٠٠.

نووسیوه و له (ژ ۱۰، ل ۳)دا بڵاوی کردۆتەوه، هەوڵی داوه دەست له زاری خۆی (کرمانجی سەروو) هەڵگری و بەزاری ئەسیری (کرمانجی خواروو) بنووسێ، بەڵام وشەی له زاری خۆشی تێ ئاخینوه، وەکو: گوری، صهتان، ئەز، خوه:

ئەی برا شەهبازی ئەوجی فەنن و هەم عیرفانی تۆ
صد وەکی ابن الاثیری گوری یو قوربانی تۆ
تیری خوشخوانی ته صهتان جان و دل ئەی کاکی خۆم
ناتوانم ئەز خوه ڕاگیرم لەبەر خوشخوانی تۆ

بەم جۆره هاوار دەورێکی گەورەی له ڕەوتی بزووتنەوەی نوێخوازی شیعری کوردی دیوه و شاعیرانی ئەو سەردەم بەتەکنیک و زمانێکی پاک و ڕەسەنی کوردی هاتوونەته مەیدان و شیعری کوردییان بەرەو پێشەوه بردووه.

## دووەم: ناوەڕۆکی شیعری گۆڤاری هاوار:

دیوانی شیعری هاوار بریتییه له بەرهەمی شاعیره گەورەکانی کورد بەهەردوو زاری زمانی کوردی، جگه له مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی... که سەر بەڕێبازی شیعری کلاسیکی کوردین، زۆر شاعیری سەردەمی گۆڤارەکه بەرهەمیان لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکردۆتەوه وەکو: پیرەمێرد و گۆران و جەگەرخوین و ئەسیری و قەدری جان و بێکەس و د. کامەران بەدرخان و ئوسمان سەبری و ئەحمەد نامی و حەسەن هشیار... هتد. دەربارەی ناوەڕۆکی شیعرەکان بەتایبەتی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی هاوار، زۆر بابەت و مەبەستی جۆراوجۆر بوونەته هەوێنی شیعری شاعیرەکان، وەکو: بابەتی نیشتمانی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دڵداری و شیوەن و... که له خوارەوه بەنموونه باسیان دەکەین:

### شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی:

شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی بەیەکەوه باس دەکەین، چونکه هەر هیچ نەبێ بەش بەحاڵی کورد، هەموو باسێکی نیشتمانی بەلای نەتەوایەتیدا دەچێت و باسی نەتەوەی کوردیش حەقیقەتی باری نیشتمانەکەی دەردەخا. وەکو: له بەشی یەکەمدا باس کراوه، له ماوەی دەرچوونی هاواردا (۱۵ی گوڵانی ۱۹۳۲ تا ۱۵ی ئابی ۱۹٤۳) خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی دابوون. له پێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان و بەدەستهێنانی مافه ڕەواکانیان بەسەر و ماڵ قوربانیان داوه. هەڵبەت ئەم بارودۆخه داگیرساوه کاری زۆری کردبووه سەر شاعیرانی ئەوسای کورد که بەشیعر گوزاریشتیان له ئازاری خۆیان و میللەت و وڵاتەکەیان دەکردەوه و شیعریان وەکو: چەکی بەرگری دژی دوژمن و داگیرکەران بەکاردەهێنا. دەبێ ئەوەشمان له بەرچاو بێ که گۆڤاری هاوار له شاری دیمەشق دەردەچوو، ئەو کاتەش سوریا له ژێر ئینتدابی فرەنسی دابوو، بۆیه گۆڤارەکه ببووه ڕووگەی ڕۆشنبیران و شاعیرانی کورد له هەموو پارچەکانی کوردستاندا، که بەشیعری بەسۆزی نیشتمانی هاواریان بەسەر



دەکردەوه، ڕێژەی شیعری نیشتمانی و نەتەوەیی له هەموو بابەتەکانی تر، زیاتر بایەخی پێدراوه. تەنیا ئەو شیعرانەی که ناونیشانیان نیشتمانه، (وەلات)، ژمارەیان دەگاته (۱۷) شیعر، هەر بۆ نموونه:

- جەلادەت بەدرخان، شیعری (تو لا وەلێت)، (ژ ۲، ل ۲).
- جەگەرخوین، شیعری (گوتنا وەلات)، (ژ ٤، ل ٦).
- ئەسیری، شیعری (ولاتی کوردان)، (ژ ٥، ل ۳).
- د. کامەران عالی بەدرخان، شیعری (وەلاتی کوردان)، (ژ ٦، ل ٥).

ئوسمان سەبری لەبارەی مێژووی کورد و سنوور و خاکی کوردان، له شیعری (مارشا خەلاتێ)دا، له (ژ ٥، ل ۷)دا دەڵێ:

ژ ناڤێ مه تێته زانین شەلپێن(*) مێرانی
ما هەوجەیه کو ئەم بێژن جیهان دزانی
ژ کەیقوباد هەیا دگێهه ئاستیاغێ زور
مەد سەردەست بوون د ئاسیاده ژێر و ژور

ئەسیری له شیعره بەناوبانگەکەیدا (سنوور)(**) که له (ژ ۱۱، ل ٤)دا بڵاوی کردۆتەوه، هەوڵی داوه سنووری کوردستانی گەوره دیاری بکا وەک له سەرەتادا دەڵێ:

کورده دەزانی له کوێ جێگره خزمانی تۆ
گوێ گره بۆت بڵێم جێگەیی خێڵانی تۆ

دەربارەی خاک و ناوچه جیاجیاکانی کوردستان، خدۆک له شیعری (هەی وەتەن) له (ژ ۱۰، ل ٤)ی هاواردا، له پێنجینەیەکدا دەڵێ:

گەر له خاکی سنه و بانه ئەگەر بابانیم
گەر له کوردی لەک و لوورِ گەر له شنۆ و لاجانیم
گەر له گۆران و جیهان بگلو ئەگەر سۆرانیم
گەر بروکی و بەکری ئێلی دزه و بۆتانیم
هەموو وەک یەک بەبەشی سوود و زیانی ناون

له پێنجینەیەکی تری هەمان شیعردا، شاعیر (خدۆک) باس لەوه دەکا که چۆن کوردستان ئایینی جیاواز و جۆراوجۆری تێدایه و لەگەڵ ئەوەشدا پەیڕەوکەرانی هەموو ئایینەکان بەتەبا و تفاقی لەتەک یەکدا له یەک ولاتدا ژیانی پڕ ئاسووده و هێمن و بێ وەی بەسەر دەبەن و هەموویان له کاتی تەنگانەدا وەک پەنجەکانی یەک دەست مشتێکی توند پێکدێنن بۆ لێدانی دوژمن:

---

(*) شەلپ = شڵپه (دەنگی ئاو که شتێکی بەتوندی پێ دابدرێ).
(**) دەقی ئەم شیعره لەگەڵ ئەوەی دیوانەکه نەختێ جیاوازی هەیه.

گەر موسلمان و دیانین و یەزیدی و گەبرین
زادەی یەک ڕەگەزی و تیرە و شاخ و بەفرین
وەکو: پێنج قامکی دەستێکی زلین تا دەمرین
گەر وەفر بین لە دەمی دوژمن وەک بەبرین
ور بلاو بین و بەتەنها وەشکیین ئەدەین سوتاون

جەگەرخوین لە بارەی خێر و خۆشی و سوود و بەرەکەتی خاکی بەپیت و فەڕی کوردستان لە شیعری (گوتنا ڕاست) کە لە (ژ ١٣، ل ٣)دا دەڵێ:

ئەم جانێ خوە ددن قەت تەرکا کوردستانێ ناکن
لەوا پڕ خوەشە دەشت و نوال و چیا و نزار
هەمی گول و یاسەمین و بنەفش و ناز و ریحان
هنجاز و مشمش و خوخ و ترێ و هەم هنار

ڕەمۆیێ قەنجۆ لە شیعری (فەرمانا کوردان)دا، لە (ژ ٢١، ل ٨)ی هاواردا، زۆر بەوردی وێنەی ئەو زوڵم و زۆرە پیشان دەدا کە داگیرکەرانی کوردستان بەپشتیوانی زلهێزەکان لە کوردیان دەکرد و ئەنجوومەنی نەتەوان (عصبة الامم)یش خۆی لێ بێدەنگ دەکردن:

فەرمانە میرۆ لۆ میرۆ فەرمانە
فەرمانا مەیە فەرمانا کوردان
نەتەنێ فەرمان بۆ میر و ئاغان
فەرمانا مەیە فەرمانا گشکان
فەرمانا میللەت فەرمانا وەلێت
دل ب شەواتە دەورا مەژی پێت

فەرمان مەبەست فەرماندانی داگیرکەرانی کوردستانە بۆ قەلاچۆکردنی کورد و خاپوورکردنی خاک و وڵاتەکەیان. شاعیر ئەوە بیر دەخاتەوە کە ئەم جۆرە فەرمانە هەر تەنیا دژی سەرۆک و میرە کوردەکان نییە، بەڵکو دژی هەموو کورد، دژی میللەت و وڵاتە.

شاعیرانی کورد بەرامبەر بەسیاسەتی شۆڤینی داگیرکەران، بێدەنگ نەبوونە و گوێی خۆیان لە ئاه وناڵەی خەڵکی کوردستان کەڕ نەکردووە، بەڵکو شیعر و وشەیان وەکو: چەکی بەرگری بەکارهێناوە و خەڵکیان هان داوە بۆ شۆڕش و پتەوکردنی ڕیزەکان و قوربانیدان لە پێناوی ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە.

جەلادەت بەدرخان لە شیعری (داوەتە)، (ژ ٨، ل ٣) گەنج و لاوانی کورد بانگ دەکا بۆ ئەوەی وریا ببنەوە و یەک بگرن و بێنە مەیدانی خەبات و تێکۆشان، ئەوەتا لەسەر زاری نیشتمان بانگی کوردان دەکا و دەڵێ:



داوەتە خوەش داوەتە
ژ کوردان رە روومەتە
داوەت شەڕە شاهینەت(*)
بێ خوەیی مان گوند، کەلات
گازی دکە ئەڤ وەلات
دبێ وەرن هەوارە

شاعیرانی کورد، وەکو: تاقمی ڕۆشنبیر و پێشەنگی خەبات و بەرخودان، زۆر بەڕاشکاوی و ئاشکرایی هیوا و ئاواتی خەڵکی کوردستان دەردەبڕن و داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکەن. بەهمەن زەردەشت لە شیعری (ژ خانی را) (ژ ٨، ل ٣) باسی شۆڕشی شێخ سەعید دەکات و لە ژێر کاریگەری بیروڕای نەتەوەیی خانی، داوای سەربەخۆیی بۆ گەلی کورد دەکات و دەڵێ:

شەش ساڵە هەمی ب خوێن دبازن
ئازادی و خوە ب خوەیی دخوازن
یا دێ بمرن وە یا بژین مێر
قەت لایقە کورد بمێنتە ئێسیر

**ئاڵا:**

ئاڵا هێمای بوون و سەربەخۆیی وڵاتە: «ڕێکخراوی (کورد تشکیلات اجتماعیە جمعیتی) لە کۆتایی (١٩١٩) بەسەرۆکایەتی ئەمین عالی بەدرخان و چەند کەسایەتی کوردی نیشتەجێی ئەستەنبۆڵ دامەزرا».[١] یەکێ لە کارەکانی ئەم ڕێکخراوەیە: «دەستنیشانکرنا ئاڵایێ کوردی بوو ب سێ ڕەنگا: ل سەری سوور و ل ناڤەڕاست سپی، کە ڕۆژەکا گەش دناڤ دایە، ل خوارێ کەسک و یێ بژاندی کو ئەڤە ئالایێ وەلاتێ کوردانە».[٢]

هەر لەو ڕۆژەوە ئەو ئاڵایە بوو بەڕەمزی سەربەخۆیی کوردستان و هەموو کورد بەهیوای ئەوە بوون کە بەچاوی خۆیان ئەو ئاڵایە ببینن لەسەر خاکی کوردستانی یەکگرتوودا دەشەکێتەوە. شاعیران و ڕۆشنبیرانی کورد زۆر ڕێزی ئەو ڕەمزەیان گرتووە و هیوایان ئەوە بووە ئەم ئاڵایە، بەشەکاوەیی لەسەر خاکی کوردستان ببینن و، لەبەر گرنگی ئەم ئاڵایە زۆر جار شاعیران کردوویانە بەبابەتی شیعرەکانیان. جەلادەت بەدرخان لە شیعری (ئالێ کوردان)، (ژ ٥، ل ١٤)دا، باسی ڕەنگەکانی ئاڵای کوردستان دەکات:

(*) شاهینەت: ئاهەنگ (حفلة، احتفال)
(١) د. عیزەدین مستەفا ڕەسول، ڕۆشنبیری نوێ ن ژمارە، (١٠٥)، ل ٢٠٠.
(٢) موسەدەق توڤی، ئاڵایێ کوردستانێ د دیرۆکێدا، گۆڤاری پێشمەرگە، ژ (١٥)، ئەیلول، ١٩٩٩، ل ٢٧.

ئالێ کوردان دناڤ روک
چ بەدەو و ب هەیبەت
ب چار ڕەنگی ڕەنگێن تە
چ دەلال و چ خوە شکوک
خێزەک کەسک و خێزەک سوور
ناڤ سپی و نیڤەک زەر
کەسکە سوورە ب ڕۆژە
ئەڤ ل ژێر و ئەو ل ژوور

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (ئالا کوردان)، (ژ ٨، ل ٧) جگە لە دیاریکردنی ڕەنگەکانی ئالای کوردی، شوێنی ئەو ئالایەش دەستنیشان دەکا کە جان و سەرە، واتە لە بەنرخترین شوێندا جێی خۆی کردۆتەوە:

قەهرەمانێ جەنگ و شەڕ
قیبلەگاهێ مێ و نەر
جا یە گاهێ جان و سەر
ئافتابا دار و بەر
ئالا کوردان سەر بەسەر
سوور و گەورە کەسک و زەر

جەگەرخوین لە شیعری (ئالای ڕەنگین) (ژ ٢٩، ل ٩)دا هیوای ئەوە دەخوازێت، ڕۆژێک بێت و ئالای کوردی بەرز بێتەوە:

ئیرو مە تو کرییە هەمبێز(*)
ڕۆژەک وێ بێ تە بکن ڕیز
د ئەیوانان ل سەر بانان
ڕۆژێن شادی تو خەمل و خێز(**)

**شەهیدان:**

بزووتنەوە یەک لە دوای یەکەکانی کورد بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، هەروا بێ قوربانیدان نەڕۆیشتوون، هەزاران خەباتگێڕ لەو پێناوەدا شەهید بوون و بەخوێنی گەشی خۆیان خاکی کوردستانیان ئاوداوە و

(*) هەمبێز = باوەش (حضن)

(**) خێز = جیاز و زێوەری بووک، هەمیشە لەگەڵ وشەی خەمل دێ: خەمل و خێز.



کاروانی ئازادییان هەنگاوێکی تر بردۆتەوە پێش. ئەو شەهیدانە جێگایەکی تایبەتییان لای شاعیران هەیە کە زۆر جار شیعرەکانیان بۆ پیاهەڵدانی شەهیدان تەرخان کردووە. گۆڤاری هاوار زۆر شیعری تێدایە: کە قوربانیدانی شەهیدان و دەوریان لە بەرەو پێش بردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پێشان دەدەن. هەر بۆ نموونە: بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و گشت شەهیدانی کوردستان، جەگەرخوین شیعرێکی دوور و درێژی بەناوی (شەهناما شەهیدان)، لە (ژ ١٨، ل ٥) و (ژ ١٩، ل ٤)دا بڵاوکردۆتەوە:

د خوازم ئەی دلو ژار و ب چاکی
هەری میرێن وەلاتێ مە تو راکی
ببێژن ئەی شەهیدێن دین و میللەت
بەسە ڕابن سەرێ ڕۆژا مە دەرکەت.

**زمان:**

زمان: وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی و بگرە پتەوترین ڕەگەزی بوونی نەتەوەیە و، کەرەستەیەکی سەرەکی شاعیرانە بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ بابەتی شیعری و هەست و نەستی ناوەوەیان. شاعیران بایەخێکی زۆریان بەزمان داوە، چونکە شیعر زمانێکی مەجازی و چڕ و خەست و پتەوی گەرەکە، چ لە بایەخدان بەزمانی پەتی نووسین و چ لە پیاهەڵدانی زمانی نەتەوایەتی. شاعیرانی هاوار زۆر جار زمانیان وەکو: بابەتی شیعر بەکارهێناوە و هەستی خۆیان بەرامبەر زمانی نەتەوایەتی دەربڕیوە.

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (زمانێ من)، (ژ ١١، ل ٢)دا، باس دەکا کە زمان پرسی (کێشەی) سەرەتا و کۆتاییبیە و دەڵێ:

کوردمانجی زمانێ باڤ و کالە
تربا خوەدە دێ ب وێ د نالە
کوردمانجییە دەنگ و پرسا پێشین
کوردمانجییە دەنگ و پرسا پاشین

دیسان لاوێ فندی لە شیعری (هشیار نامە)، (ژ ٨، ل ٣)دا، داوا دەکا کە قسە بەزمانی دوژمن نەکەن، بایەخ بەدەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی بدەن:

هەوار کوردنۆ نەکن نەکن
ب زمانێ نەیار گال گال نەکن
زمانێ کوردان هون فرە کن
کەچ و بووکان پایمال(*) نەکن

(*) پایمال: دابەشکردنی تالان بەسەر تالانکەراندا.

## ئەنجوومەنی نەتەوان:

پاش جەنگی یەکەمی جیهانی بەماوەیەکی کەم، ئەنجوومەنی نەتەوان (عصبة الامم). بۆ چارەسەرکردنی کێشەی دەوڵەتانی جیهان دامەزرا. ئەم ڕێکخراوە نێو دەوڵەتییە بوو بەجێگای ئومێد و بایەخی گەلانی بن دەست کە خەونی ڕزگاری و سەربەخۆییان پێوە دەدی.

کوردیش یەکێ بوو لەو گەلانەی تەمای زۆری بەوە هەبوو ئەنجوومەنی نەتەوان شتێکی بۆ بکات و لە ژێر ئەو چەپۆکە تیژانەی داگیرکەران دەری بێنێ. شاعیرانی کورد زۆر بانگی ئەو ڕێکخراوەیان کردووە بۆ ئەوەی بەهانای کوردەوە بێت و چارەیەک بۆ کێشەی کورد دابنێ،(١) جەگەرخوین لە شیعری (زار و دلبن)، (ژ ١٣، ل ٥)دا، ڕوو لە ئەنجوومەنی نەتەوان دەکات و دەڵێ:

کوما میللەتان ماقەی تو کەڕی
چاڤێ تە کورە تو ل مە نانێڕی
یان کال و کوتی تو ل مە ناگری

شێخ سەلام لە شیعری (لە بۆ جڤاتی میللەتان) کە لە (ژ ٢٢، ل ٧)دا بڵاوبۆتەوە، بانگی (عصبة الامم) دەکات و فێڵەکانی بەڕوودا دەداتەوە و دەیکا بەکوتەکی دەستی هندرسن:

عصبة الامم کۆمەڵی گەورە
بەپێچ و پەنا بەفێڵ و دەورە
چۆن عاجز نابی لەم خوێن ڕشتنە
لە لای تۆ ئەلبەت حقوق کوشتنە
ناترسی تەئریخ لەعنەتت بکەن
کوتەکی دەستی مستر هندرسن.

## شیعری کۆمەڵایەتی:

بابەتی شیعری کۆمەڵایەتی: بریتییە لە دەستنیشانکردنی دەردە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو: ململانێی چینەکان و نەخۆشی و نەبوونی و دابونەریتی جۆراوجۆری کۆن و نوێی کۆمەڵایەتی... کە دەبن بەکۆسپ لە ڕێگای پێشکەوتنی کۆمەڵ. شاعیرانی کورد هەریەکە بەپێی بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژی خۆی مامەڵەی لەگەڵ ئەم بابەتانە کردووە.

---

(١) زۆربەی شاعیران لە (عصبة الامم) نائومێد بوون و بێزارییان بەرامبەر دەربڕیوە. شیعرەکەی ئەحمەد موختار بەگی جاف زۆر بەناوبانگە و وەکو پەند کەوتۆتە سەر زارەوە:

ئەم قەراری عوسبەیە وا خەڵک ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ
هەر قسەی ڕووتە و قسەی ڕووتیش ناچێتە ناو گیرفانەوە

(دیوانی ئەحمەد موختار بەگی جاف، ئامادە کردنی عیزەدین مستەفا ڕەسول، بەغدا، ١٩٨٦، ل ١٣٤.



## نەهێشتنی نەزانین و هاندان بۆ زانیاری:

نەزانین دەردێکی کوشندەی کۆمەڵە و بەهۆی نەزانی و نەخوێندەوارییەوە میللەت تووشیی زۆر تەنگ و چەڵەمە دەبێ و ڕوانینی کورتتر و چارەسەرەکانی سستتر و هەوڵەکانی بێ هێزتر دەبێ. گۆڤاری هاوار زۆر شیعری بڵاوکردۆتەوە کە زیانی نەخوێندەواری و سوودی زانین و خوێندەواری پێشان دەدەن و خەڵک هان دەدەن تا زووە خۆیان لە تاریکی نەزانین و نەخوێندەواری ڕزگار بکەن. فایق بێکەس لە شیعری (کوردەواری)(١) دا لە (ژ ٦، ل ٤)دا داوا لە مرۆڤی کورد دەکا کە لە نەزانین دوور بکەوێتەوە و ڕوو بکاتە زانین:

نیوەڕۆیە هەڵسە ئیتر بەرگی سستی داکەنە
زوڵمەتی شەو وا بەسەر چوو وەعدەیی وشیارییە
ڕێی نەزانین بەربدە و ڕێگەی مەعاریف بگرە بەر
نیشتمانت زۆر کەساسە و ژینی هەر غەمبارییە

## جیاوازی چینایەتی:

کێشەی جیاوازی چینەکانی کۆمەڵ هەر لە کۆنەوە جێگای لەسەر وەستان بووە. شاعیران و نووسەران زۆر چاک هەستیان بەو جیاوازییە کردووە و هەوڵیان داوە لایەنگری چینی چەوساوە بکەن و دەستی زوڵم و چەوسێنەری لەسەر لابەن. بێگومان چەوساندنەوەی چینایەتی لەمپەرێکی سەخت بووە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵ. چونکە پێشکەوتنی کۆمەڵ بەزیانی چینە چەوسێنەرەکانی تەواو دەبێ.

جەگەرخوین لە شیعری (سلاڤ ل سفرا حازرە)، (ژ ٥١، ل ٤)دا دەڵێ:

کنجێ ل شێخ چوخ و قوماش
کنجێ ل سۆفی چادرە
ئاغا ب دەه گوندێ خوە ڤە
باوەڕ دکە کەی خوسرەوە
تالانکەر و دز و کەلەش
وی دایە سەر ڕێچا گورە
حالێ مە کورمانجان ئەڤە
ئەم دێ چلو سەربەست بژین

---

(١) ئەم شیعرە لە چاپەکانی دیوانی بێکەسدا بەناوی (ئامۆژگاری بۆ میللەت) لەگەڵ چەند جیاوازییەک بڵاوکراوەتەوە.

## بێگانەپەرستی:

پەتایەکی تری کۆمەڵی ژێر دەست، بێگانەپەرستییە، کە هەندێ لە خەڵکەکە بۆ سوود و بەرژەوەندی خۆیان دەبن بەداردەستی بێگانە و دژی خاک و نەتەوەی خۆیان دەوەستن. ئەمانە کلکی ئەو بیورەن کە دار دەبڕێتەوە، بێگانەپەرستی هەر لە کۆنەوە سەرنجی شاعیرانی ڕاکێشاوە و هەوڵیان داوە بەشیعر ڕسوایان بکەن و ڕووی ڕەشیان بۆ میللەت دەربخەن.: (بەنگینە)ی شاعیری میللی هێما بۆ دەردێکی سامناک دەکات کە (بێگانەپەرستیبە و لە زمانی (پۆڕ و کەو)ەوە ئەنجامی ئەو پەتایە دەدات بەدەستەوە).(١) بەنگینە شیعری (پۆڕ و کەو)ی یەکەم جار لە ژمارە (٩)ی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاوکردۆتەوە، پاشان دووبارە لە (ژ ٤٥، ل ١٠)ی گۆڤاری هاوار بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

پۆڕ بەکەو ئەڵێ: ئەی کورد تەبیعەت
لەبەرچی هاوڕێت ئەخەیتە زیللەت
بۆچ بۆ بێگانە تۆ خۆت ئەمرێنی
بەقەسپە قەسپ بۆچی ئەخوێنی.

## شیعری دڵداری:

بابەتی شیعری دڵداری ئەوەیە کە: «دەربڕین لەو هەست و سۆزە دەکا کە پیاو بەئافرەت دەبەستێتەوە. وێنەی خۆشەویستی پیاوی تیایە و وەسفی ڕوخساری ئافرەت و ڕەوشت و ئەو خۆشەویستەی لە نێوانیاندا ڕوودەدات، دەکات».(٢) بابەتی دڵداری جێگایەکی زۆری لە شیعرەکانی دیوانی (هاوار)دا گرتووە. د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعرێکدا و بەناوی (سترانا دلا) لە (ژ ٨، ل ٣) دەڵێ:

سوری ڕوهەلاتی
دەنگ و نایی
بوهار و بلووری
بروسک و بایی
پۆڕێن تە زێر و زەر
جانێ تە زیڤ
تو ببە ژ من رە
تاشتێ و شیڤ

(١) محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٩، ل ٥٨.
(٢) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ١٩٨٩، ل ٤٠.



هەروەها مستەفا ئەحمەد بوتی لە شیعری (دیلبەر)، (ژ ٢٠، ل ١٢)دا وەسفی جوانی خۆشەویستەکەی دەکات و دەڵێ:

بخوازە دیلبەرا من تو
د جیهاندا سەرانسەر تو
حمی شێرن هیڤی تو
ژ ڕۆژێ پڕ خویاتر تو
وەرە زلفان بدە بایی
ژ ناف عالەم هلین تایی

گۆران لە شیعری (بۆ خانمێک)، لە (ژ ١٥، ل ٧)دا هەستی خۆی بەرامبەر بەخۆشەویستەکەی دەردەبڕێت و باسی تاسە و پەرۆشی خۆی دەکا بۆ بینینی یارەکەی:

قاسید وتی پێم: بگرە سەبر، خانم ئەوا دێت
سا فەرموو سەبر بێ بەفیدای خاکی بەری پێت
حەسرەتکەشی ئەو شان و مل و گەردنە ڕووتەم
وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی توالێت

جەگەرخوین لە شیعری (ئەزویار)، لە (ژ ٥٧، ل ٦)دا هەستی خۆی بەم جۆرە بۆ خۆشەویستەکەی دەردەبڕێ:

پێژنا مەکر و هوڤەنەدا ڕەنگێ خەزالان
دورکەت و نێری هەر دوو بری ڕەنگی هلالان
من گوت: تو چما دور دڕەڤی قەی مە نەناسی
گۆ: شەرم و فەهێتە مە ژڤان دوست و هەڤالان

## شیعری شیوەن:

بابەتی شیعری شیوەن: «مێژوویەکی کۆنی هەیە».(١) ئەم جۆرە بابەتە شیعرییە: «دەربڕین لە سۆزی بەرامبەر بەمردوو دەکات بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتیەکانی دەژمێرێ و وێنە ڕێژی لە ژیان و مردندا دەکات».(٢) گۆڤاری هاوار زۆر شیعری بڵاوکردۆتەوە کە شین بۆ ناوداران دەکەن و دەیانلاوێننەوە، کوژرانی (شێخ عەبدولڕەحمانی گارسی) بۆتە بابەتی زۆر شیعری شین و، شاعیران

(١) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٨، ل ٩٧.
(٢) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ٦١.

هەستی خۆیان بەرامبەر گەورەیی و نەمری ئەو شەهیدانەی ڕێگای ڕزگارییان گرتووە دەربڕیوە. بۆ نموونە: قەدری جان لە شیعری (تابوتا بخوین). لە (ژ ١١، ل ٦)دا هەستی خۆی بەرامبەر بەم ڕووداوە دڵتەزێنە دەردەبڕێت و دەڵێ:

ل ئەردی دنێرم دلۆپێن خوینێ
ددەمە سەر شۆپێ چ ببینم ئەز
دار و بەر کەڤر و گوچ دکن شینێ
بێ حەمدێ جانی خوە دقیڕینم ئەز

هەر دەربارەی ئەم ڕووداوە دیسان مستەفا ئەحمەد بوتی لە شیعری (شەهیدێ گەورە)، (ژ ١١، ل ٥)، شین بۆ گارسی دەکات و کول و خەمی دڵی خۆی بەو بۆنەیەوە دەردەبڕێ:

شێخێ من ئەزم پەپووک ل دەردا
شێخێ من ژ تەرە ڕەش گرێدا
ئەم ناڤێ تە دکن ئالا
لە چیان و نێڤ نالا

د. کامەران عالی بەدرخانیش لە شیعری (مەشهدا عیبرەتێ)ی (ژ ١١، ل ٣)، لە ژێر کاریگەری هەمان کارەساتدا نووسیویە و دەڵێ:

ب مێرانی و گەڕناسی تو بووی سەیدا تو بووی ڕێبەر
دەلالێ میر و جامێران دەلالێ رەب و پێغەمبەر
ب مالاتە، عەشیراتە، حەمی میللەت بریندارن
گرین و ئاخ و زارینە، گرین و ئاخ و هاوارن

هەر لە بابەتی شین، جەگەرخوین لە شیعری (شاهناما شەهیدان)، (ژ ١٨، ل ٥) و (ژ ١٩، ل ٤) هەستی خۆی بەرامبەر هەموو شەهیدانی گەل و نیشتمان بەگشتی دەردەبڕێت و لە کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێ:

بەلێ ڕۆژا گو کوشتن چوون وەفاتە
چ خۆش ڕۆژە وەکی جەژنا وەلاتە
ژ وێ ڕۆژێ جەگەرخوین و جگەرسۆز
ب قوربانا وەبم عەیدا وە پیرۆز

## شیعری وەسف و ستایش:

سروشتی جوان و جۆراوجۆری کوردستان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەست و نەست و دەروونی شاعیرانی کورد بووە و شاعیران هەستی خۆیان بەرامبەر دیمەنی جوان و قەشەنگی کوردستان دەربڕیوە و



سروشتی کوردستان بۆتە بناغە، یان کەرەستەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ دروست بوونی تابلۆی ڕۆمانسی لای شاعیر و هونەرمەندی کورد.

گۆڤاری هاوار کۆمەڵێ شیعری تێدایە کە وەسفی دیمەنەکانی کوردستان دەکەن و ئوسمان سەبری لە شیعری (بەهار) (ژ ٤٩، ل ٧)دا وەسفی بەهاری کوردستان دەکات:

گاڤا دێ دبە بهار
دبشکڤن دەڤی و دار
زوزان تێنە گهارتن زوو
مینا جلێن بووکێن نوو
نێرگز،سوسن، کولیلکو گوڵ
دڕەڤین خەمان ژ دل

گۆران لە شیعری (ئەی گەلاوێژ)، (ژ ١٢، ل ٣)دا، وەسفی شەو و بێدەنگی و ئەستێرەی گەلاوێژ دەکا:

بەشەو گەشتوگوزاری خاتیرات هەروەک شنەی شەوبا
لە ڕۆحی پڕ تەئەسورما ئەکا سەهرەی خەفەت پەیدا
ئەڵێی بەحرێکی قووڵ و مەنگە دنیای پڕ لە بێدەنگی
بەسەریا هاژە هاژ ئەڕژێ، ئەنینم، سۆزی ئاهەنگی.

د. کامەران عالی بەدرخان لە شیعری (هەنەک)، (ژ ١٤، ل ٤)دا باسی وەرزەکانی ساڵ دەکات و دەڵێ:

دلو ڕابە بوهارە
کەسک و سۆر و ب دارە
دنێ گەرمە نەسارە
دلۆ ڕابە بوهارە

هەر د. کامەران بەدرخان لە شیعرێکی تردا بەناوی (پەهێز) (ژ ١٣، ل ٢)، وەسفی وەرزی پاییز دەکا کە بەرامبەر شیعرەکەی پێشوو (بەهار) دەوەستێ:

پەهیزە، دل پەهیزە
دنێ تاری ب زیزە
پەلێن داران گرینن
جەندەکێن وان برینن

## چیرۆکی شیعری:

هونەرێکی تری شیعری، ئەو جۆرەیە کە چیرۆکە و بەشیعر (بەزۆری شیعری مەسنەوی و کێشی کورت) دەگێڕدرێتەوە. ئەم جۆرە شیعرە وا پێناسە کراوە: «هەر شیعرێک چیرۆکێک بگێڕێتەوە و مەبەستی ئاشکرای شیعرەکە گێڕانەوەی چیرۆک بێت».[١] هەندێ لایان وایە: «دانانی چیرۆک بەشیعر لە پێشا لە مەیدانی شەڕ و شۆڕەوە دەستی پێکردووە پاشان شێوەی دڵداریشی داگیر کردووە و لەوێشەوە گۆڕاوە بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی و کەموکورتییەکانی تری ناو کۆمەڵ».[٢] تا ئێستا زاراوەی تایبەتی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا بۆ ئەم هونەرە شیعرییە نەچەسپاوە ئەگەرچی جاروبار وشەی شیعری چیرۆک ئامێزی بۆ بەکار دێ بەڵام زاراوەکە نەڕۆیشتووە. کەچی وەکو: بابەت چیرۆکی بەشیعر: «شوێنەواری چەرخەکانی کۆنە».[٣] ئەم جۆرە شیعرە بەگشتی دەکرێ بەدوو جۆر: «شیعری داستانی epic poetry و چیرۆکی شیعری میللی Ballad).[٤] هەردوو جۆریان لە ئەدەبی کوردا هەن، بەڵام جۆری دووەمیان (چیرۆکی شیعری میللی) لە گۆڤاری هاواردا زۆر بەرچاو دەکەوێت. شاعیر وەکو: چیرۆک بەڵام لە قاڵبی شیعردا ڕووداوێکی سەردەم یان چیرۆکێکی پەند ئامێز بەشیعر دەگێڕێتەوە.

قەدری جان لە شیعری (دشۆرە زارەکێ دە)، لە (ژ ١٠، ل ٤)دا چیرۆکی دەربەدەرکردنی کورد لەسەر خاک و زەوی خۆی، لەناو گوند و شاری خۆی دەگێڕێتەوە و باسی ئێش و ئازار و دەرد و چەرمەسەری کورد دەکا بەدەست داگیرکەرانەوە. لە پارچەیەکی ئەو چیرۆکە شیعرییەدا دەڵێ:

ڕۆژەکێ دیسان ژ ڕۆژان قەت حال دمە نەما بوو
نە گوند و نە گوندییەک ئەو جە پێدا تەنها بوو
چما شووندا هنەک دەنگ هاتە ژناگیهانێ
لێ بالا خوە ددەمێ ئەو دەنگ پڕ کوور دنالی

لە درێژەی چیرۆکەکەدا دەڵێ:

من ژێرە گوت ئەی برا تە چ حال و هەوالە؟
چمان وسان ل ئەردێ ڤەکەتی و د نالە؟
ویژی ل من ڤەگەڕاند، گوت: دەردێ من گرانە
چیرۆکا من درێژە، بێت نڤیسین ڕۆمانە

پاشان پێدادەچێ و چیرۆکی ژیانی دەربەدەری و چەوساندنەوەی خۆی دەگێڕێتەوە. باس دەکا چۆن خۆی

(١) احمد امین، النقد الادبي، ط ٤، بیروت، لبنان، ص ٩٧.
(٢) بورهان قانع، چیرۆکی کوردی بەشیعر، گۆڤاری ڕزگاری، ژمارە (١٥)، ل ٢٢.
(٣) د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونە، دار الفکر العربي، ١٩٨٧، ص ١٤٩.
(٤) د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونە، ص ١٤٩.



خەڵکی مەلازگردە بەڵام حەوت ساڵە دەربەدەرە و دەربەدەرییەکەی بەهۆی ئەوەوەیە کە زمانی کوردییە و زمانەکەیان لێ (یاساق) کردووە و زمانی (خوار)ی خۆیان بەسەردا سەپاندووە.

زمانێ مەی دەلال (یاساق) کرن ب زۆری
زمانێ خوەی خوار بۆ مە کرن مەجبووری

نەوزاد لە شیعری (دەست ژێ بوو)، لە (ژ ١٦، ل ٤)دا چیرۆکی دەربەدەربوونی خۆی لە خاکی خۆی دەگێڕێتەوە:

دلێ من ب کول چاڤ ژی ب هێسیر
دەرد ژ دەرد زێدە غەم ژ غەم بێتر
فەلەکێ ڤاژی چەرخا خوە گەڕاند
لەیلا و مەجنوون ژنک هەڤ قەتاند

ئەم چیرۆکە شیعرییە (٣١) دێرە. جۆرێکی تری چیرۆکی شیعر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار بەرچاو دەکەوێ کە لەسەر زمانی گیانداران دەگوترێ و پێی دەگوترێ (فابل Fable). فابل بەم جۆرە پێناسە کراوە: «چیرۆکێکی کورتە بەشیعر یان پەخشان، کە پەندێکی تێدایە، کەسەکانی بەزۆری ئاژەڵ یان شتی بێ گیانە).[١] لەوانەیە ئەم هونەری شیعرییە سەرەتا لای گریکەکانەوە سەری هەڵدابێ و یەکەم کۆمەڵە فابل ئەوەی ئیزۆپی یۆنانییە (سەدەی ٦ی پ. ز). دوای ئەو زۆر کەس پەیڕەوی نووسینی ئەم هونەرەیان کردووە و پەند و ئامۆژگارییان پێ بڵاوکردۆتەوە وەکو: فابلەکانی فایدرۆس و بریوس. لە ڕۆژهەڵاتیش ناودارترین کۆمەڵە فابل ئەوەی بەیدەبای فەیلەسووفی هیندە کە لە ئەسڵدا ناوی (پەنجا تەنترا) بووە و پاشان بەناوی ئاژەڵە پاڵەوانەکان (کلیلە و دمنە) ناوی ڕۆیشتووە[*] مەبەست لەم جۆرە فابلە ئەوەیە: «هەریەکە و مەبەستێکی تایبەتی تێدایە، جا ئامۆژگاری بێ، هۆشیار کردنەوە بێ لە مەترسی، پەند و عیبرەت بێ، سوود وەرگرتن بێ لە زیان و بەدبەختی خەڵک، هەرچی هەبێ».[٢]

لە هاواردا شاعیرانی وەکو: ئوسمان سەبری و جەگەرخوین و مەلا ئەنوەر و بەنگینە و هی تر ئەم جۆرە شیعرەیان نووسیوە، هەمووشیان مەبەستی سەرەکیان لە شیعرەکان نیشتمانی و نەتەوەییبیە.

جەگەرخوین لە شیعری (سەر خوە بوونا مریشکان)، (ژ ٢٠، ل ١٢)دا باسی دووبەرەکی و نەبوونی یەکگرتن و هەر کەس خۆ بەزل زانین لەسەر زاری مریشکان دەکات و دەڵێ:

لە وەلاتێ مەغەرزا
دیکەک هەبوو شەهرەزا

(1) J. A Cuddon A Dichanary of lierny Terms penyuin Boele 1997.
(*) شایانی باسە تا ئێستا ئەم دوو بەرهەمە دوو جار کراوە بەکوردی جارێک لە لایەن عومەر تۆفیق (١٩٦٨) و جارێکیش لە لایەن دلاوەر (٢٠٠١).
(٢) ئیزۆب، چیرۆکەکانی ئیزۆب، وەرگێڕانی عەزیز گەردی چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٣.

روکێ ئەو چوو ناڤ دیکا
ژ وان رەگو هێدیکا
بەس خوە بدن ئەنیشکا
وەرن بێژن مریشکا
مریشک تەڤدە بوون کوم
بەرێ خۆدانە جەم بوم...

ئوسمان سەبری لە شیعری (روڤییێ ژیر)، (ژ ٢٩، ل ٨)دا، باس دەکا چۆن ڕێوی توانی شێر تەفرە بدات و دەڵێ:

من بهیست ئەڤ ژ کالان
شیرەت ژ بو هەڤالان
دبێن ڕۆژەک ژ ڕۆژان
رۆڤێکی رەق دکوژان
ژ خەونێن گوور و شێر
ڕابوو رەڤی سەر بەر ژێر
گووری لە پێ کر گازی
رووڤی گوت چ د خازی.

بەم جۆرە بەبەر چیرۆکەکەدا دەڕوا و هەمووی دەگێڕێتەوە. هەروەها مەلا ئەنوەر لە شیعری (بەیتا کەوێ)، (ژ ٥٢، ل ٧)دا، باسی گرنگی جێگا و نیشتمان دەکات و دەڵێ:

بێژن جارەکێ کەوەک ل ژوور وان
دەرکەفت بو بوو سەهران و گەڕیان
هاتە گوند ل بەر گوندی دپرسی
دا بزانت چییە کا حالێ کەوان.

**نامەی شیعری:**

نامەی شیعری لە ئەدەبی کوردیدا دیاردەیەکی کۆنە و بەناوبانگترینیان دوو چامەکەی نالی و سالمە. ئەم دیاردەیە بریتییە لەوە دوو شاعیر نامە بەشیعر بۆ یەکدی بنووسن. لە گۆڤاری هاواردا نامەی شیعری جێگایەکی تایبەتی هەیە. جگە لەو نامە شیعرانەی کە بۆ جەلادەت بەدرخانی خاوەنی گۆڤارەکە نووسراون، شاعیرانی تریش بەشیعر نامەیان ئاراستەی یەکتر کردووە: «ئەسیری و جەگەرخوین دوو شاعیری بەناوبانگی سەدەی بیستەم بوون و لە دوو پارچەی کوردستان چاویان هەڵهێناوە و کورد بوون و بۆ کورد شیعریان چڕیوە... هەردووکیان پێکەوە پەیوەندییەکی پتەویان هەبوو... پەیوەندی نێوان ئەسیری و



جەگەرخوین ئەگەڕێتەوە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی(*) هاوار».(١) جەگەرخوین شیعری (بەردیلک)ی، (ژ ١٠، ل ٣)ی بۆ ئەسیری پێشکەش کردووە، دەڵێ:

سەد سەلاحەدین و پێ سەد وەک ئەبی موسلم هەبێ
فائیدە بۆ مە هیچ نادن سەتوەت و شاهانی تۆ

لە (ژ ١٤، ل ٥)دا، ئەسیری وەڵامی جەگەرخوینی داوەتەوە بەشیعرێک کە لە ژێر ناوی (هو جەگەرخوین) نووسیویەتی:

فەنن و زانینت ئەسەل بەرز بوونەوە و سەرکەوتنە
گەل کە نادان بوو بەشی دیلی و پولی و مردنە

دیسان جۆرە پەیوەندییەکی تر لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار دەبینرێ. گۆڤاری هاوار وەکو: دایکێک کە بانگی کوڕی نۆبەرەی خۆی دەکا (قەدری جان)، ئەویش بەسۆزێکی بەتین وەڵامی دایکی دەداتەوە. لە (ژ ١٤، ل ٣)دا قەدری جان لە شیعری (دادێ)دا بانگی هاوار دەکات وەکو: دایک، دەڵێ:

بوهارا ژیانا من بێ تە پایزە دادێ
بو من دیارێ جەنەت بێ تە فایزە دادێ
چێل کەوا(٢) لنگ شکەستی ل پێ هەڤالێن خوەما
چێل کەو ئەزبم و نەگریم ماقەی جایزە دادێ

لە (ژ ١٨، ل ٣)دا، هاوار(٣) لە شیعری (جهانا دایکێ) وەڵامی کوڕەکەی خۆی دەداتەوە دەڵێ:

قەدری قەدری جانێ من
کوڕکێ من چاڤێ من
نڤیساراتە گەها
خوەش مەقام و پڕ بەها
هەرێ زیزە ب کولە
خوەش بهنە ئەو سور گولە

نموونە بۆ پەیوەندی و نامە گۆڕینەوەی نێوان قەدری جان و گۆڤاری هاوار (جەلادەت بەدرخان) زۆرن.

---

(*) هاوار، ڕۆژنامە نییە گۆڤارە.

(١) مستەفا نەریمان، پەیوەندی نێوان ئەسیری و جەگەرخوین، گۆڤاری بەیان، ژمارە (١٣١)، مایسی ١٩٨٧، ل ١٤ - ١٥.

(٢) چێل کەو = بارە کەو = فرخ القبج (الحجل)

(٣) ئەو بەرهەمانەی بەنازناوی هاوار نووسراون هی جەلادەت بەدرخانن (سلمان عوسمان - کۆنێ ڕەش) الامیر جلادت بدرخان حیاته وفکره، مطبعة الکاتب العربي، دمشق ١٩٩٢، ص ١٤٧.

دیسان گۆڕینەوەی نامەی شیعری لە نێوان جەگەرخوین و ئوسمان سەبریدا لە گۆڤاری هاواردا دەکەوێتە بەرچاو. لە (ژ ٢١، ل ٢)دا. جەگەرخوین شیعری (پیامەکە جەگەرخوین)ی بۆ ئوسمان سەبری نووسیوە و دەڵێ:

بگوری بم ژ بوتە ئەی برایێ من تو کانی
ژ دوری ڤە تە دەستی خوە لە نێڤ دەستی من دانی

لە (ژ ٤٩، ل ٤)دا. ئوسمان سەبری بەشیعری (مارشا جانبێزاران) وەڵامی جەگەرخوینی داوەتەوە و دەڵێ:

کوردێ گەل پارێز
ژ بو سەر خوە بون
دڤێ برژینی
ب جو مەردی خوین

**شیعری عەرەبی:**

لە گۆڤاری هاواردا بۆ ئەوەی هاوار ببێتە مەیدانێکی فراوان و شاعیرانی کورد تیا کۆببنەوە و یەک بگرن و بەرهەمی خۆیان لەو ڕێگایە بڵاوبکەنەوە و بیروبۆچوونی خۆیان بەبێ ترس دەربڕن، گۆڤاری هاوار دەرگای خۆی بۆ هەموو شاعیرانی کورد خستبووە سەرپشت، نەک هەر ئەوانەی بەکوردی دەیاننووسی، بەڵکو ئەوانەی بەعەرەبیش شیعریان دادەنا. شاعیرێک بەناوی (الواني الكردي) سێ شیعری بەزمانی عەرەبی لە ژمارەکانی (١٣ – ١٧ – ٢٠)دا بڵاوکردۆتەوە. لە (ژ ١٣، ل ٦)دا، شیعرێکی بەناوی ( بكاء بكاء بكاء) وەکو: شیوەنێک بۆ (ئەحمەد شەوقی)ی میری شاعیرانی عەرەب نووسیوە و دەڵێ:

سمعت بانني من ابي وهو قائل
من الكرد اصلي جئت في العرب ناشيا

وقد جاء في (الذكر الحكيم) الا ادعهم
لابائهم ان كان ثم تقاضيا
اذا انت كردي وشاعر عصرنا
وملك قريض العرب لازلت راعيا

لە (ژ ١٧، ل ٤)دا، شیعری (حب الوطن من الايمان)ی بڵاوکردۆتەوە کە بەزمانی عەرەبی هەستی خۆی بەرامبەر نیشتمان دەردەبڕێ و دەڵێ:



لي في هوى الاوطان قلب يخفق
وبحب اكراد الجزيرة ينطق
ان صب ارضك يا جزيرة انني
دامي الحشى بك مستهام شيق

لە (ژ ٢٠، ل ١٣)دا، شیعری (الطير والوتر والشعر)ی بڵاوکردۆتەوە کە داوای زانین و هونەر دەکات و دەڵێ:

على الاغصان طير الروض غنت
بالحان عن الاوتار اغنت
وناحت بالنوى والرصد والت
فيا لله ما بالرصد اولت
وغنتنا بلحن الكرد حتى
علمنا انها للكرد حنت

# پەخشان لە گۆڤاری هاواردا

پەخشان بەشێکی سەرەکی ئەدەبە و بەچەند خاڵێک لە شیعر جیا دەبێتەوە. وشەکە (پەخشان) لە ڕووی فەرهەنگییەوە بەمانای بڵاو دێت و لە ڕووی زاراوەوە: بەواتای نووسینی بێ کێش و سەروا دێ، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پەخشان دوورە لە هونەر. پەخشان بەگشتی دوو جۆرە:

**پەخشانی ساکار:** ئەم جۆرەیان بەشێوەیەکی سادە و ساکار و دوور لە هونەرکاری دەنووسرێ.

**پەخشانی هونەری:** ئەم جۆرەیان بەشێوەی سەروادار (سجع) و شێوازی هونەری دادەڕێژێ و پێی دەگوترێ پەخشانی ئەدەبی.

دەربارەی پێناسەی پەخشان (قدامەی کوڕی جەعفەر) دەڵێ: «دەزانم کە زۆر دەستەواژە لە قسەی عەرەبدا یان بەهۆنراوە یان بەپەخشان گوتراوە، هۆنراوە واتە شیعر، بەڵام پەخشان قسەیە».[1]

ئیبن خەلدونیش دەڵێ: «دەزانم کە زمانی عەرەب و قسەکردنیان لە دوو هونەر پێکهاتووە؛ شیعر و نەزم کە ئەمەیان: قسەی کێش و سەروادارە».

«ئەو نووسراوەی بەکێشدا دەڕێژێ هەمووی لەسەر یەک ڕێڕەو دەڕوا کە سەروایە، کەچی لە پەخشاندا قسە بێ کێشە».[2] دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی پەخشان بەگشتی عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: «لە ڕووی مێژووییشەوە ئەگەر سەیر بکەین دەبینین: کۆنترین دەقی ئەدەبیات، کە بەدەستمان گەیشتبێ هەڵبەستە نەک پەخشان».[3] هۆی درەنگ هاتنی پەخشانیش ئەوەیە وەکو د. عیزەدین مستەفا رەسول دەڵێ: «پەخشانی هونەری نووسراو لە شیعر دواکەوتووە، لەبەر ئاسانی لەبەرکردنی شیعر و گواستنەوەی بەشێوەی زارەکی، سروشتی شیعر کە موزیکیە و نزیکە لە سروشتی مرۆڤ خۆی».[4]

لەبارەی سەرەتای پەیدا بوونی پەخشانی کوردییەوەش ڕای جیا جیا هەیە. عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: «لە کوردیدا دوور نییە کتێبە ئایینییەکانی یەزیدی (جیلوە) و (مەسحەفی ڕەش) کۆنترین نموونەی پەخشانی کوردییان بۆ بەجێهێشتبێن، یان کتێبی (سەرئەنجام)، کە ئەویش کتێبێکی ئایینییە، بەو دەورە

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، ل ١٢٥.

(٢) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٢٥.

(٣) عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٩٨، ل ٧.

(٤) د. عزالدین مصطفى رسول، الواقعیة في الادب الكردي، منشورات المكتبة العصریة، صیدا، بیروت، ٢٠٤.



پیرۆزە هەستا بێت».[1] بەڵام (ڕەشید فندی) لەم بارەیەوە ڕایەکی تری هەیە، بەلای ئەوەوە: (عەلی تەرەماخی) یەکەمین پەخشاننووسی کوردییە، دەڵێ: «پشتی مە پەرتووکا (تەرەماخی) خواندی و تێک ڤەدای مە دیت بکوردییەکا ڕاست و ڕەوان و پەخشانەکا جوان هاتییە نڤیسین، تەرەماخی پەرتووکا خو ل سالا هزارا کۆچی یان (١٥٩١ - ١٥٩٢)ز نڤیسیە. تەرەماخی ئێکەمین ڕێزماننووس و پەخشاننڤیسێ کوردە...».[2]

هەر لەبارەی سەرەتای سەرهەڵدانی پەخشانی کوردییەوە، (د. شوکریە ڕەسول[3] و د. فەرهاد پیربال)[4] مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٩ - ١٨٦٧) بەیەکەم پەخشاننووسی کورد دەزانن، کەچی د. عیزەدین مستەفا رەسول لەم بارەیەوە ڕایەکی تری هەیە. کە دەڵێ: «یەکەم پەخشاننووسی کورد شێخ حوسێنی قازییە[5] کە لە (١٧٩١ - ١٨٧٠)دا ژیاوە».

پەخشان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ڕۆژنامەگەریی هەیە: «چونکە نەک هەر لای کورد بگرە لای هەموو نەتەوەیەک ڕۆژنامە و گۆڤار مینبەری بڵاوبوونەوەی پەخشانن و پەخشان زاد و زەخیرەی ئەوانە».[6] سەرەڕای ئەو هەوڵانەی پێش پەیدابوونی ڕۆژنامەی کوردی بۆ نووسینی پەخشانەوە هەبوون، «پەخشانی کوردی لەو ڕۆژەوە ڕۆژنامەنووسی کوردی سەری هەڵداوە، بنکە و بنەمایەکی پتەوی بۆ دامەزراوە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەگەڵ کاروانی پڕ شکۆمەندی ئەودا ڕۆیشتووە و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوەڵی گیانی بەگیانی بووە».[7]

بەم پێیە ئاشکرایە کە پەخشانی کوردی لەگەڵ یەکەم هەنگاوی کاروانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە ڕۆژنامەی کوردستانە (٢٢ی نیسانی ١٨٩٨) و لە شاری قاهیرە دەرچووە، بەشێوەیەکی نووسراو بەهەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە، پاشان گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانی تر پەخشانی ئەدەبی و جۆرەکانیان چەند هەنگاوێک بردە پێشەوە، یەکێ لەو گۆڤارانە: (هاوار) بوو کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێشخستنی

(١) عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٣١.

(٢) ڕەشید فندی، عەلی تەرەماخی ئێکەمین ڕێزماننڤیس و پەخشاننڤیسێ کوردە، بەغدا، ١٩٨٥، ل ٥٢ - ٥٥.

(٣) مەلا مەحموودی بایەزیدی، دابونەریتی کوردەکان، وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە د. شوکریە ڕەسول، چاپخانەی ئۆفێستی العدالە، بەغدا، ١٩٨٢، ل ٦.

(٤) د. فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩ - ١٨٦٧ یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٠، ل ٥.

(٥) د. عزالدین مصطفي رسول/ الواقعیة في الادب الكردي، ل ٢٠٥ - ٢٠٦.

(٦) عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی ئەدەبیات ١٩٨٧، ل ٩.

(٧) محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، نامەی ماجستیر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٩، ل ٧٥.

پەخشانی ئەدەبی کوردی بەگشتی بەشێوەی دیالێکتی کرمانجی سەروو بەتایبەتی هەبوو. ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیرانی کوردی ئەو سەردەمە بەشداری نووسینی پەخشانی کوردییان دەکرد و لاپەڕەکانی هاواریان بەبەرهەمەکانی خۆیان دەڕازاندەوە وەکو: (گۆران، جەلادەت بەدرخان، شاکر فەتاح، حامید فەرەج، نورەدین زازا، د. کامەران عالی بەدرخان، بشاریێ سەگمان، مستەفا ئەحمەد بوتی و هی تر... وەکو: دەردەکەوێ نووسەرەکان سەر بەهەردوو دیالێکتی سەرەکی کوردین (کرمانجی سەروو و کرمانجی خواروو).

پەخشانی کوردی دەبێتە چەند جۆرێک وەکو: (١- وتار ٢- خوتبە ٣- چیرۆک (کورتە چیرۆک و نۆڤلێت و ڕۆمان)، ٤- شانۆگەری ٥- ژینامە ٦- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ٧- بیرۆکە (خاگرە) ٨- دانان ٩- لێکۆڵینەوە ١٠- نامە ١١- وەرگێڕان ١٢- مێژوو ١٣- وتووێژە (مناظرە).[١] گۆڤاری هاوار ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پەرەپێدانی جۆرە سەرەکییەکانی پەخشانی کوردی وەکو:

## یەکەم: وتار

وتار جۆرێکە لە پەخشان و بەرۆژنامەگەرییەوە بەستراوە. هەر بۆیە: «مێژووی وتار بەمێژووی ڕۆژنامەگەریی بەسراوەتەوە».[٢] د. شوکریە رەسول بەم جۆرە پێناسەی وتار دەکا: «نووسینێکی ئەدەبییە لایەنێ لە لایەنە دیاریکراوەکانی ژیان دەگرێتە خۆ، یا بابەتێکی تەسکی ژیان لێکدەداتەوە».[٣]

ئەحمەد ئەمین بەشێوەیەکی تر پێناسەی پەخشان دەکات و دەڵێ: «وتار (essay) گرنگترین و خۆشترین وێنەی پەخشانی ئەدەبییە. داڕشتنێکی پەخشانی کورت و تەواوە، باسی تەنیا بابەتێک دەکات و زۆربەی جار ناکەوێتە ناو قاڵبێکی تایبەت و دیاری کراوەوە».[٤]

مەرجی سەرەکی وتار ئەوەیە «دەبێ دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە بێ لە کەسێتی نووسەر).[٥] بێگومان هەر هونەرێکی ئەدەبی خاسییەت و بناغەی خۆی هەیە، خاسییەتە سەرەکییەکانی وتاریش ئەمانەن:

**١- قەبارە:** وتار ئەوەندە درێژ نییە کە چەند لاپەڕەیەک بگرێ: «چونکە ئەو بیروبۆچوونانەی پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە، هەموویان ناگرێتە خۆی، وەکو لە لێکۆڵینەوەدا هەیە».[٦] وتار تەنیا بیرێک وەردەگرێ و بەکورتی و خەستی بۆچوونی نووسەر پێشان دەدا.

(١) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٢٥.

(٢) د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونه، دار الفکر العربي، مصر، ١٩٧٨، ص ٢٨٨.

(٣) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٢٨.

(٤) احمد امین، النقد الادبي، دار الکتاب العربي، بیروت، لبنان، ١٩٦٧، ص ١٢٦.

(٥) د. فائق مصطفی ود. عبدالرضا علي، في النقد الادبي الحدیث، منطلقات وتطبیقات، ص ١٦١.

(٦) د. فائق مصطفیٰ ود. عبدالرضا علی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦١.



**٢- شێوازی نووسین:** لەبەر ئەوەی وتار بەشێکە لە پەخشان دەبێ بەشێوەی پەخشانیش بنووسرێ نەک شیعر.

**٣- تەکنیک:** لەبەر ئەوەی وتار کەسێتی نووسەر پیشان دەدا، واتە گوزارشت دانەوەیە لەو کەسێتییە، بۆیە هەموو وتارێک بەیەک شێواز نانووسرێ، بەڵکو هەر نووسەرێک تەکنیکی خۆی تێدا بەکار دێنی و هەر کەسە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە.

**٤- خۆیەتی** (WD˙C˙): وتار هەرچۆنێک بێت و باسی هەرچی بکات: «خاسیەتێکی ئاشکرای هەیە ئەویش خودییە. نووسەر هەرگیز ناتوانێ سۆزداری تایبەتی خۆی بشارێتەوە».[١] بەڵکو نووسینەکە ڕەنگ و سیمای نووسەرەکەی هەر پێوەدیارە.

گۆڤاری هاوار بەپێی پڕۆگرامی خۆی گرنگی زۆری بەوتار داوە. وتاری هەمەجۆر لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بەرچاو دەکەون بەهەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردی. چەندین نووسەر و ڕۆشنبیری ناوداری کورد بەشداریان لە نووسینی وتارەکاندا کردووە. ئەو وتارانەی لە گۆڤاری هاوار بڵاوکراونەتەوە. بەپێی ناوەڕۆک دەکرێنە هەشت جۆر:

* **وتاری ئەدەبی و هونەری:** ئەو وتارەیە کە نووسەر بەزمانێکی ئەدەبی پاک و پاراو بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی بابەتێکەوە دەردەبڕێ. وتاری ئەدەبی لە گۆڤاری هاواردا ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی نووسەرەکانیانە لەبارەی ئەو بابەتانەی لێیان دواون. بۆ نموونە: (هەڤند سوری) لە (ژ ٥، ل ١)دا، وتارێکی لە ژێر ناوی (ئەدەبیاتی کوردی) نووسیوە، پێناسەی ئەدەب دەکات و دەڵێ: «ئەدەبیات پێکهێنان و گوتنی مێشک و فیکری ئینسانە بەچەشنێکی جوان و خۆش و ساف کە تەئسیر بکات لەسەر ئینسان، ئایا ئینسان غەمگین و دڵتەنگ دەکات، یان فەرەحناک و دڵخۆش و کەیفدار دەکات. ئەدەبیات ئەو شتانەیە کە لە دڵی ئینسان گرد دەبێتەوە و دێت و دەچێت و دەری دەکاتە دەرەوە و دەیلێت بەزمانێکی شیرین و جوان».

بەبۆچوونی ئێمە ناوەڕۆکی ئەم وتارە بۆ ئەو ڕۆژە شتێکی تازە و گرنگ بووە. لە هەمان ژمارەدا (ژ ٥، ل ٣) جەلادەت بەدرخان وتارێک لە ژێر ناوی (لوری یا بەدرخان) بڵاوکردۆتەوە. لەو وتارەدا شیعری (دەلالیا زاروان)ی ئەمین عالی بەدرخانی باوکی ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەڤ لوربیا کو ب خوە ب زمان و مانا خوە ڤە هێژایە، ژ بونا من، ژ هێلە کە دن بیرەکە مەزن و زەلولە. پێ باپیر، باڤ، دێ و برایێ من - کو هەر چار ژ زودا گەهشتن رەحمەتا خوەدێ - تێنە بیرا من». لە جێگایەکی تری ئەم وتارەدا ئەم شیعرە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ: «ئەوەندە هەر کەس باوەڕ دکت کو ئەڤ لوربیا ها دەلالیا بەدرخانێ مەزن، لوربیا باپیرێ منە. لێ نە وەلێیە. ب ڤێ لوریێ نە باپیرێ من بەدرخان، لێ نەڤیێ وی، برایێ من بەدرخان دنڤیناند و دلوراند».

(١) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٣٩.

شاکر فەتاح لە (ژ ٦، ل ١)دا، وتارێک لە ژێر ناوی (هاوار) بەشێوەیەکی ئەدەبی پڕ سۆز و بەکوردییەکی پەتی نووسیوە و هەستی خۆی بەرامبەر دەرچوونی گۆڤاری هاوار دەربڕیوە و دەڵێ:

«هاوار لە چاوی هەموو کوردێکا دەخوێندرێتەوە، هەتاکو، دار و بەردی وڵاتەکەشمان دەقیژێنێ، هاوار!... هاوار!... هاوار دوکەڵێکی ڕەشی ئاهو ناڵەی لێ قەوماوانی کوردە لە دەروونی سالحییەوە دێتە دەرەوە... هاوار: ئاوازێکی توند و کاریگەرە لە کۆمەڵە گۆڕی مردووانی ئەییوبی و بەدرخانییەوە دێتە دەرەوە... هاوار: ناڵەیەکە لە شوێنێک دێتە دەرەوە، ناوەڕاستی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، شوێنی دوارۆژی عالەم، بەڵام چی شینی ئێستای کورد...». لە (ژ ١٤، ل ٤)دا ئوسمان سەبری وتارێکی بڵاوکردۆتەوە ڕەخنە لە هەندێ بابەتی گۆڤارەکە دەگرێت وەکو: لاوازی و نزمی ئاستی ئەو بەرهەمانە، مەبەستی نووسەرەکان، دەڵێ: «گەلی بران گۆڤارا هاوارێ ئیرۆ هەفت مەهن لەسەر زارێ کورمانجی ب دەر دکەڤە بنافیا چاپ کرنا هاوارێ، ژ بوونا دانینا بنگەهێ زمێن بوو، ژ بۆ ڤێ یەکێ ژی خوەدیێ هاوارێ د هژمارا (١)دا دا بو زانین کو قەسدا بلاڤە کرنا هاوارێ جڤاندنا پرسێن کوردی یێن کو وندا بوونە، ئەدەبیات کەڤنار و نوژەن، چیرۆک، چیرچیرۆک، قەوایدێن وێ بوون. ئەز نهۆ دنهێرم کوهنەک برایێن مە یەکجار، ژ بۆ کو ناڤێن خوە د گۆڤارێ دە ببینن چاڤدانە بەندکان، هنەک بێ پەسنا خوە پێڤە توتشتی نانڤیسینن. گەلو نزانم ئەڤ نڤسارێن هایێن تەوش(*) دلێ من تنێ دئێشینن؟ ئان هەڤالێن من هەنە؟» ئەگەر بەوردی سەیری ئەم پارچە وتارە بکەین دەبینین بەزمانێکی پەتی و پاراو نووسراوە، ئەمەش بۆ ئەو سەردەمە شتێکی تازە بوو.

*** وتاری زانستی:**

ئەم جۆرە وتارە لە بابەتی زانستی دەدوێ. وەکو بابەتی پزیشکی یان زانستێکی سروشتی یان پراکتیکی. باسی بابەتێکی لەو جۆرە دەکا و ڕوونی دەکاتەوە. گوتاری زانستی بەرێژەیەکی باش لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بەدی دەکرێ. بۆ نموونە: جەمیلێ تاجدو لە (ژ ٣٨، ل ٥)دا وتارێکی دەربارەی مێژوو و چۆنیەتی دروستکردنی (نوقار - غواصة) بڵاوکردۆتەوە و لە شوێنێکدا دەڵێ: «یەکی ئەمریکانی ب ناڤێ (داڤید بهنەل) نوقارەک چێ کر بوو و ناڤێ (تورتەل) لێ کرد بوو. تورتەل نەوەکو نوقارێن ئیرۆ بوو بتەنێ نووقی ئاڤێ دبوو و دبن بەهرێ رەدچوو. شکڵێ وی گرۆڤر و درێژ وەکە سیگارەکێ بوو. تێدە پەیاکی ب تنێ دڕونشت و ئەو دمەشاند. سەرێ نوقارێ وەک سنگوکێ تووژ بوو و پێڤە بومبەیەک هەبوو».

نووسەری ئەم وتارە دێتە سەر قۆناغەکانی دروستکردنی نوقار تا دەگاتە جەنگی یەکەمی جیهانیی و دەڵێ: «نوقارێن تورپیل ئاڤێژ د شەڕێ (١٩١٤) ئان دە پەیدا بوونە دڤی شەڕێ کەتنە شکلەکی تە کوزتر و نوقارێن ئیرۆدە ل گورا مەزناهیا نوقارێ (٤٠ - ٥٠) دەریاڤان چەند تۆپ و تورپیل هەنە».

هەرەکۆل ئازیزان لە (ژ ٥٦، ل ٢)دا وتارێکی دەربارەی داهێنەری بەنج، زانای ئینگلیزی جیمس

(*) تەوش = بێ هوودە، (هراو، عبث)



سمپسون (١٨١١ - ١٨٧٠) بڵاوکردۆتەوە، باسی ژیانی ئەو زانایە دەکات، پاشان دێتە سەر چۆنیەتی دۆزینەوەی بەنج و لە برگەیەکی وتارەکەیدا دەڵێ: «چارێ چریا پاشین سالا (١٨٤٧) ئان بوو. د (لە بوراتورا سمپسون) دە دوو پژیشکێن دن هازر بوون، د. کەیت و، د. دونکان، هەر دوو ژی معاونێن وی. سمپسون بەنجەک نوو چێ کر بوو و دڤیا بوو وێ ب جەربینە. لێ تەجریبە نە ل سەر کێڤروشکان، لێ بەلێ ل سەر نەفسا دکتۆران بخوە دێ بهاتا چێکرن. د. کەیت دەست پێ کر و قەدەرەک ژ وی دەرمانێ بهن کر. پشتی دوو دەقیقان کەیت بێ هش کەتبوو ئەردێ. سمپسون و دونکان دابوون پەی. هەر سێ پژیشک ب ئەنجامەکە نەناس ڤە خوە ل ئەردێ درێژ کر بوون. ژ زندیان بێتر دمان مریان، ئان ئەوێ ڤەگەڕیانا ژینێ و ئینسانیەت ژ ئێشا عەمەلیاتێ دێ خەلاس بوا ئان هەرسێ ژی د خزمەتا ئینسانیەتێ دە دێ ب قوربان ب چوان».

*** وتاری کۆمەڵایەتی:**

وتاری کۆمەڵایەتی بابەتەکانی: «لە ناخی کۆمەڵەوە وەرگیراون. نووسەر ڕووبەڕووی گرفتێکی کۆمەڵایەتی دەبێتەوە و ڕای خۆی دەردەبڕێ، وەک: هەژاری و نەخۆشی و نەزانی و دابونەریت و ئافرەت و زانست و ئازادی».(١) چەند دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بوونەتە هەوێنی هەندێ وتاری گۆڤاری هاوار. جەگەرخوین لە (ژ ١٠، ل ٥)دا وتارێکی بەکوردی نووسیوە بەڵام ناونیشانەکەی عەرەبییە (قولوا الحق ولو علی انفسکم)، ڕەخنە لە شێخ و مەلاکانی کورد دەگرێت، چونکە خەڵک هان نادەن بۆ خوێندن و زانیاری: «گەلی سەیدان ئەزێ چەند گوتنا ژ وەرە بێژم، گەرەک هون (نەخەیدن).(*)

ژ رێڤە چمان ئەم بەلنگازن و خەڵک دەوڵەمەندن. لەورا ئەم نزانن. چمان ئەم گازا چوخ ب دەه مەجیدیان دکرین و ئەم گازا شالی خوە ب دەه قروشان ناکرن؟ وەها ڕەنگە کڕین و فروتنا مە تەڤدە ژ مەرە زیانە، نەکارە ئەڤ ژی ژ دەستێ مەلا و شێخان تێ سەرێمە. لەورا جارەکێ دناڤ وەعزو گوتنێ خوەدە ژمەرە نابێژن چمان ئەم نەزانن؟».

لە (ژ ٢٧، ل ٧)دا ڕەوشەن بەدرخان وتارێک دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵدا نووسیوە و لە ژێر ناوی (کەبانی و مامۆستە). داوا دەکا کە ئافرەتی کورد بخوێنێت، چونکە ئەرکەکانی لەو قۆناغەدا لە ئافرەتی وڵاتانی تری جیهان زیاترە، تەنیا زانست و زانین یارمەتی ئافرەتی کورد دەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و دەڵێ: «بێ شک وەزیفا ژنان ئا پێشین دیاتی و کەبانێتییە، ژ بو ژنان ژڤان پێشتر وەزیفە نینە و هەر کار و وەزیفە دپەی وان رە تێت. لێ گاڤا مرۆڤ بالاخوە ددە و تەسیرا ژنان لەسەر ژیانا میللەتان ئا جڤاکی دەرپێش دکە دبینە کو ژن ڕاستەڕێ و نەڕاستەڕێ و بەئاوایێن تیڤە ل ژیانا مللەتان کار دکن ژ لە ورە ژنان ژ وەزیفەیێن خوە ئێن ئەسڵی پێڤە وەزیفەیێن دن ئێن مهم هەنە».

لەبەر گرنگی باری کۆمەڵایەتی و ڕووداوە زۆرەکانی ئەو سەردەم، گۆڤاری هاوار بایەخێکی بەرچاوی

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٤٠.

(*) نەخەیدن: تووڕە نەبن، عاجز نەبن.

بەم لایەنە داوە و چەند وتارێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە:

أ- جەمیل حاجۆ، وتاری (دەردێ سادۆ)، (ژ ١٣، ل ٤).

ب- لاوێ فندی، وتاری (دەردێ نەزانینێ)، (ژ ١٤، ل ٢).

ت. ک...، وتاری (لە کوردستانی خوێنین دا)، (ژ ١٤، ل ٦).

پ. یەکی ڤەخاندی، وتاری (دوو سەر ساڵ)، (ژ ١٥، ل ١).

لەگەڵ کۆمەڵێ وتاری تری کۆمەڵایەتی.

*** وتاری سیاسی:**

هەرچەندە جەلادەت بەدرخان لە (ژ ١، ل ١)ی هاواردا دەڵێ: «هاوار ژوپێڤە ب هەر تشتی کو کوردانی و کوردێتی پێ بەندەوارە دێ مژول ببە. تنێ سیاسەت ژێ دوورە، خوە نا ئێخە سیاسەتێ. هاوارێ سیاسەت ژ چڤاتێن ولاتی رە هشتیە»، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر ئەوەی کوردستان لە هەموو بوارێکدا لە ژێر کاریگەری سیاسەتدا دەژیا، هاوار و نووسەرەکانی نەیانتوانیوە خۆیان لەو بارودۆخە بەدوور بگرن و بەبێ هەڵوێست بن، بۆیە دەبینین بابەتەکانی گۆڤارەکە ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە و وتاری سیاسی جێگایەکی فراوانی لەناو لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا گرتووە. جەلادەت بەدرخان لە (ژ ٩، ل ١)دا وتارێکی لە ژێر ناوی (وەلات، وەلاتینی و ئال) بڵاوکردۆتەوە، باسی نیشتمان و نیشتمانپەروەری و ئاڵا دەکات و دەڵێ: «وەلات ئەردێ باب و کالکێن مەیە. وەلات ئەو درە کو پێشییێن مە ل وی رابونە، ژ بونا ئاواهییا وی خەبتینە و ل وی مرنە. وەلات ئەو دیارە کو ئەم تێدا سەکنینە و ڕۆژەکێ دناڤ ئاخێن وی بێنە ڤەشارتن» لە جێگایەکی تری هەمان وتاردا باسی هاونیشتمانی دەکات و دەڵێ: «وەلاتی بقەنجیا هەڤ شاد بن، بەر خراپیا هەڤ دکەڤن. شین و شاهینە تاوان یەکن. خەڵکێ وەلاتەکی برایێن هەڤ، پسمامێن هەڤن، هەر گاڤ ب هەڤرە، دەست بەدەست ژبونا خوەشی، ئاڤاهی و ئازاهییا وەلاتێ خوە دخەبتن. کام و ئارمانجا وان یەکن». دەربارەی ئاڵاش هەر لەو وتارەدا دەڵێ: «ئالا ناموسە، روومەت و بەختێ مللەتانە. زارویێ هەر میللەتێ ژ بونا بلندی و بقەدر بوونا ئالا خوە، بێ پەروا خوە ددەن کوشتن». لە (ژ ٤٩، ل ٢)دا، رەشید کورد وتارێکی دەربارەی زاراوەی جڤات واتە ئەنجوومەن بڵاوکردۆتەوە، لەسەر واتا و ئەرکەکانی ئەنجوومەن دەدوێت و دەڵێ: «د کورمانجیدا ژ کومبوون و جڤینا چەند مروڤان را جڤات تێ گوتن. لێ ژ گوتلەک مروڤ را وێ چاغێ جڤات دبێژن کو ئەو گوتل بو جیهانینا دوزەکێ ئان گالاز و دەهـ کەکێ جڤیابە و خورتی سەر دەستی یا ل باتان ل سەرهەڤ هەبە، (بکورتی: رامان و ئارمانجەکە جڤاتێ هەبە). ئەگەر رامان و ئارمانج ژ جڤاتێ دوور بە ئەوێ بێتە گوتن کو (دەهبەژی پەڤ را دژین و دخەبتن). لێ نەوسایە خەبات و جڤینا دەهبەیان ب ئاژوتنەکە نەهشییە. پشییێن وان چاوان بوون ئەو ژی وەک وانن و ئەوێ هەر وەبن. جڤینا مرۆڤان بەهەش و ژیرەگیێ هاڤلا شەهرەزاییێیە، بزانین و بنگەهە، هەر جڤینەک مرۆڤان پێشڤە چوونەکە». بابەتی سیاسی لە هاواردا زۆرن و چوارچێوەیەکی فراوانیان داگیر کردووە و بەچەند بیروبۆچوونی جیا جیا بەپێی نووسەرەکانیان لە



سیاسەتی گشتی ئەو سەردەم دواون و شییان کردۆتەوە و ئەنجامیان لێ بەدەست هێناوە. هەروەها لە ژمارەکانی (٣٠ - ٥١) (نێرەڤان)(١) دەربارەی جەنگی دووەمی جیهانیی، زنجیرە وتارێک لە ژێر ناوی (رەوشا دونیایێ) بڵاوکردۆتەوە.

*** وتاری مێژوویی:**

لە خاڵی حەوتەمی پڕۆگرامی گۆڤاری هاواردا هاتووە کە یەکێ لەو بوارانەی گۆڤارەکە گرنگییان پێدەدا بواری مێژووە. بۆیە گۆڤارەکە بایەخی تایبەتی بەمێژووی کورد و کوردستان داوە. خاوەن و نووسەرە دیار و بەردەوامەکانی هاوار گەیشتبوونە ئەو ڕاستییە، کە بەشێکی زۆری مێژووی کورد و کوردستان لە لایەن بێگانەوە نووسراون، بۆیە ئەو مێژووە پێویستی بەپێداچوونەوە و ڕاست کردنەوە و سەرلەنوێ نووسینەوە هەیە. هەر بۆیەش هاوار دەرگای بۆ بابەتی مێژوویی هەموو سەردەمەکان خستبووە سەر گازی پشت و، شارەزایانی کورد چەندین وتار و لێکۆڵینەوەیان لەسەر لاپەڕەکانی هاوار نووسیوە. بۆ نموونە: لە (ژ ٣٢، ل ٤)دا هەرەکۆڵ ئازیزان وتارێکی لە ژێر ناوی (کاردوخ و وەلاتێ کاردوخان ئان کورد و کوردستان دوەختێیە و نانستانا کەڤن دە) نووسیوە و لە شوێنێکدا دەڵێ: «پشتی مرنا داریوشێ دووەم کورێ وی یێ مەزن ئەردەشێر لەسەر تەختێ عەجەمستانێ روونشت. برایێ وی یێ کچک کورش، کوڕی پەری زادێ، دلێ خوە لێ خرا کر بوو. ئەردەشێر پێ هەسیا، برایێ خوە داگرتن کر کو وی بکوژە. لێ کورش، ب هەمدەرڤانیا دیا خوە جانێ خوە خەلاس کر. ئەردەشێر لە برایێ خوە بووری، ئەو ب خاترێ پەریزادی دلێ ل جەم خوە نەهشت. ئەردەشێر کورش کرە والیێ ئەنەدۆلێ و ژ جەم خوە ب دوورخست».

ئەمە دەربارەی مێژووی کۆنی کورد. لە (ژ ١٣، ل ١)دا جەلادەت بەدرخان وتارێکی مێژوویی لە ژێر ناوی (سولتان سەلاحەدینێ ئەیوبی) بڵاوکردۆتەوە باسی گەورە پیاوانی کورد دەکات و لە بڕگەیەکدا دەڵێ: «ژ میللەتێ کوردان گەلەک مرۆڤێن مەزن دەرکەتنە. هەر وەکی شارموی - زاناکی رووسی - گوتیە. ئەزێ چەند پرسێن شارموی ب کورتی بگهێزمە هەوە (میللەتێن هەنە بجەنگاوەری و دلاوەری یا هەن سەردارێن خوە، خوە دانەناس کرن و ژهن دەولەتێن ئاسیا و ئەفریقایێ پادشاهێن دانە. کورد ژوانن. ناڤێ کوردان، هێژ د پێشیا زەمانێ کەڤن دە بدربێن رۆستەم و پێشدە تر ب کێشوەر کشاییێن سەلاحەدین و برایێ وی مەلکێ عەدل، بلند و گەش بوویە. ژڤان پێڤە ئەڤ میللەتێ ما مەزنێن دن ژی گەهاندنە. هەر وەکی کەریم خانێ زەند کو دنێڤێ بابە لیسکا هەڤدەهەم دە مالباتا زەندی دانییە و زانایێ مەزن ئیبن ئەلئەسیریێ جزری و ئەبو ئەلفیدا، ژمێرکێن ئەیوبی و دیروکنڤیسا زراڤ ئیدریسێ بەدلیسی...». هەروەها دەربارەی مێژووی نوێی کورد. هەڤند سوری لە (ژ ١٧، ل ١)دا وتارێکی دەربارەی کتێبی (مێجەر هەی) نووسیوە، کە لە ساڵی (١٩١٨)دا حاکمی سیاسی ناوچەی سۆران بووە و دواتر کتێبی (دوو ساڵ لە کوردستاندا)ی نووسیوە و دەڵێ: «مێجەر هەی لەو کتێبە نایابەی زۆرجار لەلایەن کوردەکانەوە فیکری

(١) نێرەڤان، نازناوی جەلادەت بەدرخان بووە، بڕوانە: سەلمان عوسمان (کۆنێ ڕەش)، الامیر جلادت بدرخان حیاته وفکره، مطبعة الکاتب العربي - دمشق ١٩٩٢ - ص ١٤٧.

خۆی دەرخستووە کە دەتوانین ئیستفادەی لێ بکەین. جوانترینی (قەنجتر) ئەو قسانە ئەمەی خوارەوەیە:

ئەمێ لێرەدا دەیبێژین بێشکو کوردەکان عیبرەتی لێ وەربگرن.

مێجەر هەی بێژیویەتی: (کوردەکان لە جڤاتێکی (کۆمەڵێکی) خێڵات پێکهاتوون کە قەد بەیەکەوە نەنووساون و یەکگرتنیان پەیدا نەکردووە، وە زۆر کەم دەیانەڤێت کە یەکیەتییێک لەناویانا پێک بێت، ئەوان دەیانەڤێت وە هێڤی دکەن کە لە جێگا سەختەکانی ناو چیاکان و کوێستانان (زۆزان) بژین و ڕابوێرن، وێرگ بدەنە هەرچی حکوومەتێک ئەگەر هێزدار بێت)...».

## * وتاری زمانەوانی:

هاوار هەر لە سەرەتاوە لە (ژ ١)دا ئاماژەی بەگرینگی زمان کردووە: «زمان شەرتا هەیینێ ئا پێشینە» واتە زمان مەرجی سەرەکی هەبوونە. هاوار لەبەر ڕۆشنایی ئەم گوتنە یان ئەم دروشمە، بایەخی زۆری بەزمانی کوردی داوە. هەر لە یەکەم ژمارەدا جەلادەت بەدرخان دەستی کرد بەبڵاوکردنەوە و دانان و بەکارهێنانی ئەلفوبێیەکی تازە بۆ زمانی کوردی بەپیتی لاتینی: «دڤێ ڕۆژێ دە کوردمانج بوونە خوەدیێ ئەلفا بییێکە ب سەرخوە ئەلفا بییێکە کوردی و ژنیری ئەلفا بییێن مللەتێن دن، مللەتێن بیانی خەلاس بوون. ئەڤ ئەلفا بێ ئالەکە، ئالا بسەر خوە بوونە هەیینا مە ئا ئەدەبییە».(١)

دەربارەی مێژووی دانانی ئەم ئەلف بێیە جەلادەت بەدرخان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێ: «بەڵێ، ئەلف بایە کو ژ سالا هەزار و نەهـ سەد و نوزدان ڤە ئەز لێ دەخبتم، من ئەو دوێ ڕۆژێ دە، درو پەلێن هاوارێ دە بلاڤا کر».(٢) هەندێ دەیانگوت جەلادەت بەدرخان ئەم ئەلف بێیەی لە تورکی وەرگرتووە، جەلادەت خۆی وەڵامی ئەو جۆرە کەسانە دەداتەوە و دەڵێ: «ئەز پاشێ ژی ب ئەلفا بێ یا خوە مژول دبوم، لێ هەتانێ کو ترکا ئەلفا بێ یا خوە بلاڤ کرن یامە وەکە خوە دما و تێدا مە تشتەکی بنگەهی نەگوهارت. من هەر تشتێن خوە پێ نڤیساندن و ناسین خوە رە ددا زانین. وەکی ترک ئەلفا بێ یا خوە بلاڤ کرن مە دیت کو ددەنگێن هن حەرفان دە ئەلفا بێین مە نەمینا هەڤن. دەنگێن هەبوون کو ترکان نە بوان حەرفێن کو مە نیشان کرنە لێ ب حەرفێن دن نیشان کر بوون. هەر وەکی مە بەرێ ژی چەند جاران گوت بوو، ژبونا هێسانی کرنا خوەندنا نڤیسارێن مە، ژ کوردمانجێن ترکیێ رە، مە دەنگ هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن و هەر چەند هەبوو مە ئەو چەند ئەلفا بێ یا خوە خست نیزنگێ ئەلفا بێ ترکان».(٣)

ئەو ئەلف و بێیەی جەلادەت بەدرخان دایناوبو ئەمڕۆ شان بەشانی ئەو ئەلف و بێیەی لە کوردستانی عێراق و ئێران کوردی پێ دەنووسن، لە زۆر جێگای جۆراوجۆر بەکاردێ و کوردی پێ دەنووسرێ.

(١) جەلادەت بەدرخان، سێ تاریخێن هاوارێ، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢٧)، (١٥)ی نیسانی ١٩٤١، ل ٤.
(٢) سەرچاوەی پێشوو.
(٣) جەلادەت بەدرخان، روپەلنێن ئەلفا بێ، چاپخانا تەرەقی شام ١٩٣٢، کتێبخانا هاوارێ، هەژمار (٢)، پێشگوتن.



بۆ ئەوەی خوێنەری کورد فێری نووسینی کوردی ببێ بەئەلف بێی لاتینی، جەلادەت بەدرخان زنجیرە وتارێکی بڵاوکردەوە و کە پازدە ئەڵقە بوو. لە (ژ ١ تا ژ ١٨) جگە لە ژمارەکانی (١٤، ١٥، ١٦). لەو زنجیرە وتارەدا زۆر بەوردی باسی چۆنیەتی بەکارهێنانی پیتەکانی بەنموونەوە کردووە و بۆچوونی خۆی ڕوون کردۆتەوە. شایانی باسە لە (ژ ١)ی هاواردا، ئەلف بێیەکەی خۆی بەپێنج زمان: کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی و فرەنسی بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی بەهەموو خوێنەرانی ئەو زمانانەی بناسێنێ.

پاشان لە (ژ ٢، ل ٥)دا وتارێکی لە ژێر ناوی (ئەلفبایێ کوردی) بڵاوکردەوە و ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەوانەیە ئەلفابایەکەی هەندێ کەموکورتی تێدا بێ: «هەروەکی د گەلەک تشتان دە تێت دیتن دبە کو د جارا پێشین دە د ئەلفا بێ یا مەدە ژی کێم و زێدە هن کێمانی دێ بکەڤن بەر چاڤان. ئەڤ کێما نییێن ها د ئەسلێن خوە دە ژکێما نیێ بێتر پاشیاهن کوتەکیانن کو مرۆڤ ژی وان نکارە خوە بدە ئالی».

وەنەبێ گۆڤاری هاوار تەنیا گرنگی بەدانان و چەسپاندنی ئەلف بێ دابێ و بەوەندە وازی هێنا بێ، بەڵکو درێژەی بەبڵاوکردنەوەی بابەتی تری زمانەوانی داوە، وەکو: ڕێزمان و مێژووی زمان و دیالێکتەکانی.

لە وتاری (سێ تاریخێن هاوارێ) کە لە (ژ ٢٧، ل ٤)دا بڵاوکراوەتەوە، جەلادەت دەربارەی پێناسەی ڕێزمان دەڵێ: «ب کورتی گرامێر تەڤاییا قەیدەیێن (قاعدە) ڕاست ئاخافتن و ڕاست نڤیساندنا زمێنە. ئەڤ قەیدە ب خوە ژ زمێن تێنە دەر، بەلێ هەر کەس ب زمانێ خوە ئێ مادەر بێی کو بدە ئەقلێ خوە ڕاست دئاخڤە. ئەڤ ڕاستیی ب هن قەیدان تێتە پێ و مرۆڤ دەما خەبەردانێ دە بێی کو ب زانە ب وان ڤە دچە». جەلادەت بەدرخان وەکو شارەزایەکی پسپۆر لە بواری زمانەوانیدا دێتە مەیدانی نووسین و زنجیرە وتارێک لە (٢٢) ئەڵقە بڵاو دەکاتەوە، کە لە (ژ ٢٧)ەوە دەست پێدەکات و تا (ژ ٥٧) بەردەوام دەبێ. لەبارەی مێژووی دەست پێکردنی نووسینی زمانی کوردی دەڵێ: «گرامێرا کو ئەز ئیرۆ د هاوارێ دە بلاڤ دکم، من بنگەهێن وێ د سالا (١٩٢٩) ئان دە ل هەسیچێ (حەسەکە) دانی بوون. ژ هنگێ ڤە ئەز لێ د خەبتم».(١) لە (ژ ٣٥، ل ١٤)شدا وتارێکی لەبارەی ڕێزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە باسی ڕاناوە کەسییەکان دەکات و دەڵێ: «پرۆناڤێن کەسین ژ ڤان پرۆناڤان رە پرۆناڤێن کەسین دبێژین. ژ بەر کو ئەو نەمازە د کەڤن شونا کەسان و وان دنمینن. د کەسەکی دە سێ کەس هەنە دکەڤن ئاخافتنێ. ئێ خەبەر بێژ، یانی یێ کو دئاخێڤە، ئو یێ کو پێ رە تێتە ئاخافتن و کەسێ کو ئاخافتن ل سەر وییە. دگرامێرێ دە ژوانرە کەسێ پێشین، کەسێ دووەم. کەسی سێیەم دبێژن». گەورەترین کێشەی زمانی کوردی ئەوەیە کە بەسەر چەند دیالێکتیک دابەش بووە و تا ئێستا زمانێکی ستاندەرد لەو دیالێکتانە نەهاتۆتە ئاراوە. ئەم کێشەیە سەرنجی خاوەن و نووسەرانی گۆڤاری هاواری ڕاکێشاوە، بۆیە بایەخی تایبەتییان بەم لایەنە داوە و چەند وتارێکی زمانەوانی لەبارەی یەکگرتنی زمانی کوردی لەسەر

(١) جەلادەت بەدرخان، (خوە دیێ هاوارێ)، سێ تاریخێن هاوارێ، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢٧)، (١٥)ی نیسانی ١٩٤١، ل ٥.

لاپەڕەکانی گۆڤاری هاوار بڵاوکراوەتەوە. لە چوارچێوەی بایەخدان بەم بابەتە گرنگە. (پیرۆت) لە وتارێکدا کە لە ژێر ناوی (عەکسی صەدای هاوار) نووسیویە و لە (ژ ١٠، ل ١)دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: «من ئومێدم وایە ئەگەر هاواری خۆشەویست بۆ مودەتێکی مناسب لەسەر ئەم ڕێگایەوە بڕوا ئەوسا لەهجەیەکی مشتەرەکی کوردی دادەمەزرێت و بۆ لەیەک تێگەیشتن مەجبوور نابین بەکەڵک هێنانی زمانێکی ئەجنەبی».

هەر لەبارەی یەکگرتنی زمانی کوردی (عەلی سەیدو گۆرانی) لە (ژ ٢٢، ل ١)دا بەشداری لەو گفتوگۆیەی کردووە کە لەبارەی ئەو بابەتەوە لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکە دەکرا، پێشنیاری کردووە کە: «بەری هەر تشتێ دڤێت ئەم زارەکی ژ بو خوەندن و نڤیساندنێ ب بژێرن، پشترە پرسێن زارێن دن بێخن ناڤ وی زاری». هەر لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردی و پێویستی کورد بەو زمانە، (هەڤند سوری) لە (ژ ١٦، ل ١)دا وتارێک لە ژێر ناوی (لە بۆ یەکێتیا زمانی کوردی) بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: «هەمووتان دەزانن پایەی یەکەمین، بەشکو پایەی هەرە گەورەی (یەکیەتی)، یەکیەتی زمانە و بەبێ یەکیەتی زمان و شێوە، یەکیەتی قەومی پێک نایێت».

لایەنێکی تری لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار، ئاوڕدانەوەیە لە وشەی زمان و داواکردنە بۆ پاککردنەوەی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە. (لاوێکی کورد) لە (ژ ٢١، ل ١)دا وتارێکی لە ژێر ناوی (یەکێتیا زمانی کوردی) بڵاوکردۆتەوە، زیاتر ئاوڕی لە پاککردنەوەی زمانی کوردی داوەتەوە لە وشەی بیانی.

پێشنیازی کردووە چەند کۆمەڵێک دابمەزرێ ئەرکیان پاککردنەوەی زمان و دۆزینەوەی وشەی کوردی پەتی و دانانی فەرهەنگی کوردی بێ. بۆ گەشەپێدان و پێشخستنی زمانی کوردی، د. کامەران عالی بەدرخان لە (ژ ٣، ل ١)دا وتارێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (د دور هەڤ خستنا زمانان دە)دا. دەڵێ: «ڤێجا ژ بونا ڤەژاندنا زمانێ مە دڤێت کورد هەمی، گاڤا د ئاخڤێن، ئان دنڤیسن، بالاّ خوە بدن و پرسێن نە کوردی تە ڤلێ زمانێ خوە مەکن. ب ڤێ ئاوایی زمانێ مە پرسێن خوە یێن ژ بیر کری ئان وندا بووی ژ نووڤە پەیدا دکە. ژ بلێ دن ژی پرسێن نو دزێ و هالو زمانی ڤە دگەڕە سەر خورتی یا خوە ئا پێشین» بەم جۆرە دەردەکەوێ کە وتاری زمانەوانی دەوری کاریگەری خۆی هەبووە لە هۆشیار کردنەوەی خوێندەوارانی کورد بۆ زیندووکردنەوە و پاککردنەوە و پەرەپێدانی زمانی کوردی و هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی زمانێکی یەکگرتووی وا کە هەموو کورد پێی بنووسێ و بخوێنێ.

**⁕ وتاری وەسفی:**

وتاری وەسفی بەشێکە لە پەخشانی ئەدەبی. نووسەر لەم جۆرە وتارەدا وەسفی شتێک یان دیمەنێک یا دیاردەیەک دەکات و بەڕێگەی ئەو وەسفکردنەوە بیروبۆچوون و هەستی خۆی دەردەبڕێ: «لێرەدا وەسفکردن هۆکارە و ئامانج نییە. هۆکارێکە بۆ چەسپاندنی ئەو ڕایەی دەیەوێ دەریببڕێ. لەوانەیە بابەتەکە سروشت بێ یان گیانلەبەرێک بێ. نووسەر لە سەرنجدان و دەستنیشانکردنی بابەتەکەش



مەبەستی ئەوەیە ببێ بەیاریدەدەرێک بۆ دەربڕینی ئەو ڕایانەی دەیەوێ پێشنیاریان بکا».(١)

گۆڤاری هاوار وەکو گۆڤارێکی ئەدەبی... هەمەچەشن و دەوڵەمەند بەهونەرەکانی شیعر و ئەدەب، وتاری وەسفی جێگایەکی زۆری لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە بەخۆوە گرتووە. چەندین نووسەری کوردی بەتوانا بەشدارییان لە نووسینی وەسفیدا کردووە. گۆران لە (ژ ١٢، ل ٤)دا وتارێکی وەسفی ئەدەبی جوان و پڕ هەست و سۆزی نووسیوە، دەڵێ: «ئەگەر جوانی نەمامێکی سەوزی پاراو بێ، چاو جووتێ گوڵی گەشە بەتەوقەسەرەکەیەوە. چاو جووتێک شا ئەستێرەیە بەبەرزایی ئاسمانەوە، چریسکە چریسک ئەدرەوشێتەوە، جووتێک گەوهەری پڕشنگدارە، تاجی عیشق و جوانی ئەڕازێنێتەوە، جووتێک پەنجەرەی ڕووناکە، ئەنوارێ بەسەر باخچەی ڕۆحا. چاو دوو پەڕەیە لە کتێبێکی مقدەس، پڕە لە ئایەتی حوسن!... حەقیقەتەکانی ڕۆح، سڕەکانی دڵ، ڕازەکانی دەروون بەحەرفی نوور تیا نووسراوە!... ئاخۆ لە چاو بەلیغتر، لە چاو پڕ مەعناتر، لە چاو سحراویتر، چ ئەسەرێکی ڕۆحی، چ کتێبێکی عاسمانی هەیە؟...» دیسان گۆران لە (ژ ١٣، ل ٥)دا وتارێکی هونەری نووسیوە، پەخشانێکی شاکارە لە وەسفی فرمێسک دەدوێ: «فرمێسک چییە؟ دڵۆپێک ئاو... بەڵام لە ئاو ڕوونتر، لە ئاگر ڕووناکتر، لە نەشتەر تیژتر... دڵۆپێک کە لە خوێنی دڵی عاشق سویرتر، لە جگەری ڕۆڵە کوژراو گەرمتر، لە وجدان سافتر، لە ئەخلاق پاکتر، لە عیشق حەساستر...»

لە (ژ ١٩، ل ٣)دا نەزیر لەوەند وتارێکی لە ژێر ناوی (ب خوالێ خوەڤە) بڵاوکردۆتەوە، لە بڕگەیەکی وتارەکەدا وەسفی نیشتمان دەکات و دەڵێ: «وەلاتێ من خوەشە، دەلال و رندە، تەڤ زیڤ و زێڕە. چ فیدە لێ خوەدی نینە وەکە پەزێ بێ شڤان وەلاتێ مە کانییا قیز و خورتانە. وەلاتێ مە هەمی هنارە، خورتێن دوان فەنا گورێ هارە، قیزێن وان تەڤدا گەردن بموری نە». لە (ژ ٢، ل ٣)دا، وتارێک بەبێ ناوی نووسەر بڵاوکراوەتەوە و ناوی (لەهی) بەسەرەوەیە واتە لافاو. نووسەرەکە وەسفی لافاو دەکات بەڵام مەبەستی بیرێکی سیاسییە، دەڵێ: «لەهی ژ هەڤ گەهانا دلۆپێن بارانێ پێڤە نە توشتە. پەشکێن بارانێ گاڤا ژ هەڤ جودا و یەک ب یەک د کەڤن روێ ئەردێ، ئەرد وان داد قورتینە، تهنیا خوە پێ ڤە دکوژینە. لێ گاڤا دگەهن هنگی ژوان پەشکێن قەلس لە هیکە بوش ڕا د بە. دلۆپ و پەشکێن بارانێ و یەکبوونێ د تفاقێ دەنە». وەک دیارە ئەم وەسفی لافاوە بەمەبەستی هاندانی ڕۆڵەکانی گەل نووسراوە بۆ ئەوەی یەکبگرن، چونکە بەیەکگرتن دوژمن ڕادەماڵن، بەڵام ئەگەر پەرشوبڵاو بن و تاک تاک بڵاو ببنەوە دوژمن هەڵیاندەلووشێ و ورگی خۆیان پێ تێر دەکا. هاوار زۆر وتاری تری وەسفی تێدایە کە پێویست ناکا باسی هەموویان بکەین.

---

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٤٠ .

### * وتاری شیوەن:

وتاری شیوەن ئەوەیە یەکێ هەستی خۆی بەرامبەر کارەساتێک یان ڕووداوێکی دڵتەزێن یان شەهید بوونی قارەمانێک یان کۆچکردنی کەسێکی نزیک دەرببڕێت. بۆ نووسینی ئەم جۆرە وتارە پێویستە نووسەر وشەی وا بەکاربێنێ و ڕستەی وا دابڕێژێ کە کار لە هەست و سۆزی خوێنەر بکا. لەوانەیە هەندێ لێکۆڵەرەوە ئەم چەشنە وتارە بخەنە چوارچێوەی وتاری کۆمەڵایەتی یان وەسفی، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە لەبەر ئەوەی وتاری شیوەن تایبەتە بەجۆرە ڕووداوێکی ناخۆش و جەرگبڕ و وشەی تایبەتی خۆی تێدا بەکار دێ و جۆرە شێوازێکی تایبەتی هەیە، جۆرە وتارێکی سەربەخۆیە. لەبەر ئەوەی شیوەن جێگایەکی زۆری لەسەر لاپەڕەکانی هاوار داگیر کردووە بەپێویستم زانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی بکەم وەکو دەزانین هاوار لە دوای نسکۆ هێنانی چەند شۆڕشێکی کوردی دەرچوو و لە ماوەی دەرچوونیشیدا هەندێ شۆڕشی تری کورد تووشی شکست و نوشوست هاتن، ئەم هەموو نسکۆ و نوشوستانە زۆر قوربانیان تێدا درا و کارەساتی جەرگبڕیان بەدوا داهات، بێگومان ئەم بارودۆخە سەختەی کورد و کوردستان ڕاستەوخۆ کاری کردۆتە سەر نووسەرانی گۆڤارەکە و، لە ناخەوە هەژاندوونی و وای لێکردوون بەسۆزێکی گەرم و هەستێکی بریندارەوە شیوەن بۆ شەهیدەکان بگێڕن و، کول و کۆڤانی دڵیان بەرامبەر کارەساتەکان دەرببڕن و بانگەوازی مەزلوومیەتی کورد بەگوێی دنیادا بدەن، خەڵکی کورد هان بدەن بۆ ئەوەی سووربن لەسەر خەبات و قوربانیدان تا کورد بەئامانجی خۆی دەگات.

بەبۆنەی شەهید بوونی شێخ عەبدولرەحمان گارسی، جەلادەت بەدرخان لە (ژ ١١، ل ١)دا وتارێکی شیوەنی بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: «شین... شین... شین هەر دەر ڕەش، نەما هسین، دل ب کول، جان ب کەسەر، چاڤ ب گرین، بانگدان، شێخ عەبدورەحمانێ گارسی نەما، هاتبوو خێری، چوو ڕەحمەتێ... بەلێ شێخی من، من ژ تەرە کفنەکێ وەلێ بژارت کو هێژ تو کەلاش پێ نەهاتیە پێچاندن، من ژ تەرە تربەکە وەلێ کولاند کو هین تو مری نەکە تنێ... من کفنێ تەکر: سور، سپی و کەسک و زەر، ئالاتە و، من تو ڤەشارتی ناڤ روپەلێن هاوارێ و لەسەرێ وی کێلاتە داچکاند... بگری کوردستانێ بگری، بگری بوتان بگری، بگرین گارسی بگرین، بگری گوزگەهێ بگری. کەچ و بووکێن کوردستانێ، گولێین خوە کور بکن، خوەلی ل سەرێن خوە بکن، رەشاخوە گرێ بدن، شین. شین بکن و ب ئاخ و زارینێ بگرین. تو ژی میرو بگری! بکەڤە پێشیا حەمیان، بگری و بنال».

لە (ژ ١٧، ل ٣)دا، د. کامەران عالی بەدرخان وتارێکی شیوەنی بۆ یادی شێخ سەعیدی پیران نووسیوە، نموونەیەکی خەم و پەژارە و کەسەری قووڵی نووسەرە بەرامبەر بەیادی شەهید بوونی ئەو سەرکردە کوردە بەجەرگە، دەڵێ: «سورا ئێڤارێ لێڤا خوە هێدی هێدی دگەهینە تربا تە. بێدەنگی یا وێ دەمێ دە تنێ دەنگێ تەئێت بهیستن. ئەنیا من گران وتاری، ڕویێ من سار و دلێ من هشکە، هاتم بەر تربا تە راوەستیامە. کێلاتە نابینم، ئاخاتە هێژ نەرمە، تربا تە نە ناڤکری و بێ رەوشە. ناڤێ تە، ب حەرفێن خویندار و روهن ل سەر ڕێیا پیران، خارپێت و دیاربەکرێ دەنڤسیاندییە. ناڤی تە سەر پولاو هەسن، سەر فەرش و ل سەر دلێ جامێران دە د چرسەو د بروسکە. ئەڤ چەند سالن کو چێبوویە، لێ



نهۆژی ژ ناڤێ تە دژمن دلەرزە».

لە (ژ ٢٢، ل ٦)دا بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەلیاس ئەفەندی کە دەکاتە خاڵی قەدری جان، قەدری جان شیوەنێکی گەرم و بەسۆزی بۆ کردووە بەناوی (شینا خوالێ من). دەڵێ: «د سسێی حوزەیرانی دە، ل ئەزمانێ کوردان، گوفانەک عەجیب قەومی، هستیرکەک پڕ ب شەوق و پڕ ب نور ژ نشکاڤە ڕژیبیا، خەیدی، خوەدا ری یا دونیاکە دن و نەهات! ژ بەرڤێ حالییە کو ئیرو ل دونیا مە روناهی کێم، حوزن و ملال زێدەتر بوویە، ئەهلێ دونیا کوردان نەمازە روشنداری ژ رەوشاوی هستیرەکێ کەزەب برین و دل بخوین مانە».

هەروەها لە (ژ ١١ ل ٦ – ٧)دا، دوو وتاری تری شین بڵاوبوونەتەوە. یەکەم دەربارەی کۆچکردنی (د. ئەحمەد بەیرەقدار) و لە لایەن جەلادەت بەدرخان نووسراوە و، دووەمیش هەر جەلادەت بەدرخان نووسیویەتی، بەڵام ئەمەیان بەبۆنەی کۆچکردنی خەلیل رامی بەدرخانە.

### دووەم: ژینامە

ژینامە هونەرێکی پەخشانی ئەدەبییە، ئەوەیە کە «لەبارەی کەسێکی هەڵکەوتووەوە دەنووسرێ بۆ ئەوەی زیاتر کەسێتی و شکۆمەندی ئەو مرۆڤە دەربخرێ و پلە و پایەی بخرێتە بەرچاو».[1] هەربۆیە زۆر کەس وای بۆ دەچن کە (ژینامە واتە ژیانی مرۆڤ).[2] لە (ژ ١، ل ٧)ی هاوار و لە گۆشەی فەرهەنگۆکدا، بەم جۆرە پێناسەی ژینامە کراوە:

«ژینە نیگاری ئاوایێ ژیانێ و تەڤایا ب سەرهاتێین مرۆڤەکی ژینە نیگارییا وییە».

ئەم هونەرە ئەدەبییە لە «ڕۆژئاوا بۆ مێژوویەکی دێرین دەگەڕێتەوە».[3] بەڵام لە کوردیدا «یاداشت و ژینامە و ئەوەی باس لە (خۆ) دەکات تازەیە و نموونەی کەمە».[4] مەبەست لە نووسینی ژینامە، جگە لە دەرخستنی کەسێتی مرۆڤەکە لە بوارە جیا جیاکانی ژیاندا، پیشاندانی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیە، چونکە ژینامە وەکو ئاوێنە وایە هەموو کارەسات و ڕووداو و باری ئابووری و کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی تێدا ڕەنگ دەداتەوە، «چونکە ژیانی ئەو کەسانە دەنووسرێتەوە کە خاوەنی ئەزموونێکی فرەن لە ژیاندا و لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیاندا دەوریان هەیە و، ڕەنگە هەندێ ئاکار و تایبەتی ژیانی ئەو کەسە بەشێکی زیندوو لە ژیانی کۆمەڵەکە ڕوون بکاتەوە».[5]

ئەم هونەرە ئەدەبییە وەکو هەموو هونەرەکانی تر بنەما و مەرجی خۆی هەیە، نووسەرەکە دەبێ «ڕاستگۆ بێ و خۆ بەدوورگرتن لە زێدەڕۆیی و قەبە کردن، هەروەها بایەخدان بەشێوەی هونەری لە

(١) د. عزالدین اسماعیل، الادب وفنونە، ص ٢٧٥.

(٢) هیمداد حوسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەبی کوردیدا، ل ١٥٣.

(٣) هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

(٤) عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ١٨٣.

(٥) هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٤.

نووسینەکەدا». [1] ڕەچاو بکات. ژینامە بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆرە:

(ژینامـەی بابەتی Biogrophy و ژینامـەی خـودی Auto Biogrophy). ئەم هونەرە لە سـەردەمی گۆڤاری هاواردا لە ئەدەبی کوردی هێشتا تازە و ساوا بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شوێنی خۆی لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارەکەدا کردۆتەوە.

لە (ژ ٦، ل ٣)دا هەرەکۆڵ ئازیزان (ژینە نیگاری مەلایێ جزیری) نووسیوەتەوە و لە بڕگەیەکدا دەڵێ: «مەلایەک ژ شاعیر و دانایێن مەزن و ناڤداریێ کوردستانێیە. ناڤێ وی ئەحمەد نیشانی بوو. لێ ب ناڤێ مەلاێ جزیری ناس و دەنگینە. مەلا د جزیرێ دە خوەدێ دایە.

خوەند ناوی ئا پێشین ژی د جزیری دە بوویە، پێشتر ژ بوونا خوەندنێ چوو بوو عێراق، سوریا، میسر و عەجەمستانێ. بەر دەڤکێ میرێ جزیری بوو. لێ جارەکێ ژێ ئەنری و چوو بوو دیاربەکرێ. مدەکە خوەش ل وێ مایە، برەک ژ شیعرێن خوە ل دیاربەکرێ نڤسیاندییە».

هەروەها قەدری جان لە (ژ ٣، ل ٤)دا پوختەیەکی لە ژینامـەی سلێمان بەگی بەدرخان بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ: «سلێـمان بەگی کـوڕی خـالیـد بەگ بەدرخـانە. د (١٨٩٠) دە هاتیـە دنێ، ل ئەسـتـەنبـولێ د سولتـانییێ دە خوەندییە، خورتەکی ژیر، عـاقڵـمەند و دەلال بوو، ژ ملەتێ خوە گەلەک حەژ دکر... بەلێ سلێمان بەگ ب جوانی سەرێ خوە درێ یا وەلات دا... بیست و دوو سالی بوو، لێ حەسرەتا وەلات پێ رانەمـا دگەل ڤێ قـاسێ رێ یا خـوە نەقـەداند. لێ ب نێـڤـیکر، فکر و سـەرهاتێین وی ژ بوونا خـورتێن کوردان بو دەرسەک، دەرسەک ب عیبرەت».

لە (ژ ٤، ل ٧)ی هاواردا هەڤندی سوری کورتییەکی لە ژینامەی حاجی قادری کۆیی نووسیوەتەوە و دەڵێ: «حاجی قـادری کۆیی شاعـیری قەومی بەرز و بەقیـمەتی کوردە. لە ساڵی (١٢٣٢ک)دا لە گوندی (گور قرج)ی نیـزیک کویسنجەق هاتـووەتە دنیا، لە پاشان چووەتە ئەستـەموڵ و لەوێ میـوانی کوڕانی بەدرخان پاشا بووە و لە ساڵی (١٣١٢)دا لەوێ وەفاتی کردووە». جگە لەم نموونانە، لە گۆڤاری هاواردا نموونەی تریش لە ژینامە بەرچاو دەکەون کە وەکو هەنگاوی سەرەتایی؟ بۆ ئەم جۆرە پەخشـانەی ئەدەبی کوردی.

### سێیەم: نامە

نامـە هونەرێکی تری پەخشـانە، وا پێناسـە کـراوە کـە «ئەو ئاخـاوتنەیە کـە دەنگت ناگـاتە یەکـێک ڕووبەڕوو قـسـەی لەگـەڵ بکەی، جـا دێی بەنووسین یان بەڕاسـپـاردنی یەکـێکی تر بەزار پێی ڕادەگەیەنی». [2] نامە وەکو هەموو هونەرێکی دی، مێژووی خۆی هەیە، «مێژووی نامەنووسین کۆنە، لە مێژەوە هەبووە، لە دوای پەیدابوونی خوێندن و نووسینەوە کەوتۆتە برەو». [3] هەروەکو دەزانین خوێندن و

(١) محمد دلێر امین محمد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، ل ١١٣.
(٢) محەمەد دلێر ئەمین، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەسەندن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، ل ١٢٣.
(٣) محەمەد دلێر ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل ١٢٤.



نووسین بەزمانی کـوردی درەنگ هاتووە لەبەر ئەوە «پەخشـانی نامەنووسین لە ئەدەبی کوردیدا بابەتێکی نوێیە و لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤاردا سەرەتای دەرکەوتووە». [1]

نامە بەگشتی دوو جۆرە:

### نامەی گشتی و نامەی تایبەتی:

نامەی گشتی «بریتییە لە نامەی میری و کاربەدەستانی دەوڵەت، یان نامەی ئیشوکار». [2] ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین (كتاب رسمي).

جۆری دووەم کـە نامـەی تایبـەتییـە، ئەوەیە «کە نـووسـەر بۆ گـەیاندنی نیـازی خۆی بەیەکـێک یان دۆستێک یان خزم و کەسوکاری خۆی دەینێرێ». [3]

هەر دوو جـۆرە نامـە ناوەڕۆکی جـۆراوجـۆریان هەیە. ئاڵوگـۆڕکـردنی نامـە لە ناو گـۆڤـاری هاواردا بەڕادەیەکی زۆر هاتووە، چ لە نێوان گۆڤارەکە و خوێنەرانی بێ و چ لە نێوان نووسەرەکان خۆیان. ژمارەی ئەو نامانەی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکراونەتەوە زۆرن و بۆ مەبەستی جیا جیا نووسراون. لە (ژ ٢٤، ل ٩)دا خاوەنی گۆڤارەکە، کە جەلادەت بەدرخانە، نامەیەکی ئاراستەی (لاوانی کورد لە عێراق) کردووە و ڕۆڵی نووسەرانی بۆ ئەو سەردەمە پێشان داوە و گلەیی لەوە کردووە کە بۆچی بۆ گۆڤارەکە نانووسن و دەڵێ:

«هەتا (١٥ – ١٦) ژمـارەی هاوار بەهەر دوو کـوردی دەردەچوو، بەڵام لـە پاشا کوردی سـۆرانی، یانی بابا – کوردی خۆی کەم کرد، چونکی وەکو لە پێشەوە وتمان هاوار ئیتر نەدەچووە عێراق. ئێوە نووسراوی خـۆتان لە هاوار نەدەدی وەبەری کـۆشـشی خـۆتان نەدەخـوارد، بەڵام ئەی لاوان باش بزانن ئەم ڕەوشـتی ئێوەیە ڕاست نییە.

ئەوەلجار بەری کۆششی ئێـمە بۆ ئێـمە نیـیە؟ ئەوا بۆ نەوەی پاشەڕۆژە، ئێشی ئێـمە تۆو بەزەوییـەوە چاندنە. ئەمـە کـە ئێـمـە پێی ئەڵێین تۆو دەنکە بەسـەر زەویدا بڵاو دەکـرێتـەوە و، بەگـاسن دەخـرێتـە بن زەوییەوە لێ پاش ئەوە لە ئێمەوە دیار نییە هەتا سەوز دەبێت. نووساری ئێـمەش هەر وایە، ئێمە ئەوە لەسەر ڕوو پەڕەی هاوار دەڕێژین، ڕەنگە سـەوزی ئەو ببینن و، ڕەنگیـشە نەیبیـنن، نابێ ئێـوە لەبەر ئەوە دڵتـەنگ بن و لە دڵی خـۆتان بڵـێن: (نووسـراوێک کـە من لە شکلی چاپدا نایبـینم بۆچی و بۆ کێ بنووسم). ئێوە ئەوە بۆ یەکیەتی زمانی کوردی و بۆ نەوەی پاشەڕۆژ بنووسن».

لە شـاری سلێـمـانی نووسـەرێک بەناوی (لاوێکی کـوردپەروەر) نامـەیەکی دوور و درێژی بۆ (تەوفـیق وەهبی بەگ) ناردووە و داوای لە تۆفیـق وەهبی کردووە کە هەوڵ بدات خەبات و تێکۆشانی خۆی لەمەڕ

(١) عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٢٣٣.
(٢) عەبدولڕەزاق بیمار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣.
(٣) عەبدولڕەزاق بیمار، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٣.

یەکگرتن و یەکبوونی زمانی کوردیدا لەگەڵ بنەماڵەی بەدرخانییەکان پتەو بکات و یەک بخات بۆ بەرژەوەندی میللەتی کورد. ئەم نامەیە لە (ژ ١٥، ل ٢)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ: «بەڵێ!. جەنابتان ئەو ئیشە گەورانەتان کردووە و بەتەنیا زۆر تێکۆشیون و هەوڵتان داوە... بەڵام بەڵکو خۆتانیش بزانن هەموو شتێک بەکۆمەڵی دەتوانرێت بناغەی بۆ دابندرێت و، چی ئیشێک لەم زەمانەدا بەبێ کۆمەڵی و یەکگری ناسازێت و نالوێت و ڕێک ناکەوێت، بەشکو پێکنایێت. ڕۆیشتنی جەنابتان بۆ سوریە و دانیشتنتان لەوێ، وابزانم ئێوەی زۆر نزیک کردەوە لە کوردخواهان و کوردپەرستان و ماوەیێکی زۆر چاکتان بۆ هەڵکەوت بۆ تێکۆشین بەکۆمەڵی، بەیەکدی گری، بەهەمواییی...» وەنەبێ هەر نامەی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر لاپەڕەکانی هاوار بڵاوکرابوونەوە، بەڵکو نامەی دڵداریش جێگای خۆی تێدا کردۆتەوە. ئوسمان سەبری لە (ژ ٤٩، ل ٤)دا نامەیەکی پڕ هەست و سۆزی لە ژێر ناوی (ل پێشبەرێ یارێ) نووسیوە و ئاراستەی دلبەرەکەی خۆی کردووە و دەڵێ: «دەلالا من! د روپەلێن ژینا خوەدا ئەڤ بوو جارا ددوان کو ب بەر پلێن هەز کرنێ دکەڤ مە. بێ شڤیک نڤشاپاشین، پەرێ تاڤا تەیروکا تە ل من دا...

دایلانا من! ئەز ناخوازم وەک ئەڤینکەرێن مای پەسنا روچک و وسنچییێن تە بدەم. هە کە من وەلێ کر، دوور و نزیک، پر و هندک ئەز ژی دکەڤم سەر شوپا وان...»

ئەم جۆرە نامەیە بۆ ئەو ڕۆژە شتێکی نوێیە، هەنگاوێکی تازە بووە بۆ دەوڵەمەند کردنی پەخشانی ئەدەبی کوردی. دەبێ ئەوەش بگوترێ نموونەی تری نامەنووسین لە لاپەڕەکانی هاواردا بەرچاو دەکەون، وەکو: دوو (ڕەشبەلەک) لە هەردوو (ژ ٤٤، ل ٣)، (ژ ٤٨، ل ٢)ی هاواردا، کە جەلادەت بەدرخان بۆ هەردوو کۆڕپەکانی خۆی (سینەم و جەمشید)ی نووسیون. دیسان لە (ژ ٤٩، ل ٦)دا نامەیەکی تر بەناوی (ژ شەبستان) بڵاوکراوەتەوە. لە (ژ ٨، ل ٥)دا نامەیەکی تر لە ژێر ناوی (هاوارەک)، لە نووسینی وەجدی جەمیل پاشا بڵاوکراوەتەوە ئەم نامەیە ئاراستەی خاوەنی هاوار کراوە و، وەکو برازایەک بانگی مامی دەکات و گلەیی لەوە دەکات کە هێشتا منداڵە و لە قوتابخانەکانی بێگانە دەخوێنێت و حەز لە زمانی کوردی دەکات.

### چوارەم: دراما

دراما هونەرێکی ئەدەبی کۆنە و بەهەردوو شێوەی شیعر و پەخشان دەنووسرێ. دراما لە یۆنانی کۆن بەشیعر دەستی پێکرد، پاشان وردە وردە بەرەو پەخشان ڕۆیشت و لە سەردەمی تازەماندا، زۆربەی بەپەخشان دەنووسرێ.

دراما بەوە پێناسە کراوە کە «وەکو هەموو هونەرێکی تری ئەدەب، دارشتنێکی هونەری تایبەتە بەتاقیکردنەوەیەک و بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێک لەو ئامانجە زۆرانەی مەبەستی هەموو جۆرەکانی درامایە. ئەو ئامانجانە بەپێی سەردەم و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دەگۆڕێن».[١]

(١) د. محمد مندور، الادب وفنونە، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة، ١٩٧٤، ص ٨٠.



کەچی ئەرەستۆ بەشێوەیەکی تر پێناسەی کردووە، ئەو دەڵێ دراما «چیرۆکێکە بۆ نواندن ئامادە کراوە، کرداری مرۆڤ و سۆزی هەڵچووی تێدا دەردەکەوێ».[١] مێژووی سەرهەڵدانی دراما بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ (سەدەی شەشەمی پێش مەسیح)،[٢] دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی گریک. بەڵام مێژووی دەستپێکردنی درامای کوردی زۆر ڕوون نییە، «سەرەتای لە دایکبوونی ئەم هونەرە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک نەئەزانرا».[٣] تا ئێستا سەرچاوەکانی ئەوەیان دیار کردووە کە (یەکەمین درامای کوردی نووسراو پیەسی مەمێ ئالانە، لە نووسینی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکارییە».[٤]

کە لە ژمارەی (١٥)ی گۆڤاری (ژین)دا ڕۆژی (٣)ی ئاداری (١٩١٩) بڵاوکراوەتەوە. پاشان چەند شانۆگەرییەکی کوردی لە شاری سلێمانی پێشکەش کران و وردە وردە ئاستی هونەری درامای کوردی بەرەو پێشەوە چووە. گۆڤاری هاواریش بەشدارییەکی بچووکی لەم بوارەدا کردووە، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی پیەسی (هەڤند)، کە خاوەنی هاوار: (جەلادەت بەدرخان) نووسیویەتی و لە (ژ ٢٠، ل ١)ی گۆڤارەکەدا کە لە (٨)ی گوڵانی (١٩٣٣) بڵاوکراوەتەوە.

دەربارەی پیەسی هەڤند، نووسەرەکەی دەڵێ: «ب بیست هەژمارێن کوڤارا مە کو هەتا نهو بەلاڤ بوونە مە دل کر ئەم هەر ئاوایێ نڤیساندنێ ب جەرببینن و بێخن زمانێ خوە. هەروەکی ئاوایێن بنگەهی، نەزم و نەسر و چەند شکلێن نەسرێ کێم و زێدە د هاوارێ دە بەلاڤ بوونە. تەنێ ئاوایێ تەماشایێ نەبوو کو هێژ نەکەت بوو زمانێ مە. مینا کو خوەندەڤانێن مە دڤێ هەژمارێ دە دێ بخوینن مە ئەو شکل و ئاوا ژی جەرباند و خستە زمانێ خوە».[٥] مەبەستی نووسەر ئەوەیە: ئەم جۆرە نووسینە، واتە شانۆگەری بەزمانی کوردی تاقی بکاتەوە. پیەسی هەڤند یەک پەردەیە و لە نووسینی جەلادەت بەدرخانە. ناوەڕۆکی ئەم درامایە ململانەیەکی بیری و لەشکری و کۆمەڵایەتییە لە نێوان بەرەی ڕزگاریخوازی کورد و هێزی داگیرکەر. جەخت لەسەر خەباتی چەکدار دەکات بۆ ڕزگاری نیشتمان.

لەم پیەسەدا بەرەی ڕزگاریخوازی بۆ یەک چینی کۆمەڵ پاوان نەکراوە، بەڵکو لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ، لە ئاغا و بەگ و شێخ و مرۆڤی کوردی ساکار و ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕ، پێکهاتووە.

ڕۆڵی ئافرەت لە شۆڕشدا خاڵێکی گرنگ و بەرچاوە لەم درامایەدا، بەبۆچوونی نووسەرەکە:

ئافرەت دەتوانێ شان بەشانی پیاو بەشداری لە خەباتی نیشتمانپەروەری و ڕزگاریخوازی کوردستان بکات و دەتوانێ ببێتە هاندەرێک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و شۆڕشەکەی. دیسان لەم درامایەدا ڕێزگرتن لە

(١) د. شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ١٧٠.

(٢) حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، دار افاق عربیة للصحافة والنشر، بغداد، ١٩٨٥، ل ١٣.

(٣) حەسەن تەنیا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١.

(٤) محەمەد ئوزون، دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی، وەشانێن بەیبوون، ئەنقەرە، ١٩٩٢، ل ٧٧، ٧٨ (بەپیتی لاتینی).

(٥) جەلادەت بەدرخان، هەینەکە یەکساڵ، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢٠)، ل ١.

قوربانیدانی شەهیدان و درێژەدان بەڕێبازەکەیان بەکارێکی نەتەوەیی پیرۆز پێشان دراوە. پێویستە ئاماژە بۆ خاڵێکی تری گرنگی ئەم پیەسە بکەین ئەویش بەکارهێنانی سروودی نیشتمانییە. واتە ئەم درامایە بەپەخشان نووسراوە، بەڵام شیعریشی تێکەڵ کراوە.

**پێنجەم- چیرۆکی کوردی لە گۆڤاری هاواردا:**

سەرهەڵدانی هونەری چیرۆکنووسی بەمانای نوێ، بۆ ئەوروپا دەگەڕێتەوە، لەوێوە گەیشتۆتە ڕۆژهەڵات و کوردستان: «لە ئەدەبی جیهاندا سێ چیرۆکنووس بەداهێنەری بەردی بناغەی ئەم هونەرە دادەنرێن، چونکە ئەوان بوون ئەم هونەرەیان پێشخست و گەیاندیانە پۆپە: ١- ئەدگار ئالان پۆ - ئەمریکی ٢- گی دی مۆ پاسان - فرەنسی ٣- چیخۆف - رووسی». (١) بەتایبەتی موپاسان کە یەکەم چیرۆکنووس بوو، چیرۆکی کورتی بۆ دەربڕینی ڕووداوی ڕیالیزم و ساکار تەرخان کرد.

لە سەدەی نۆزدەدا جگە لەو پێشەنگانەی باسکران، چیرۆکنووسی زۆر گەورە هاتنە کایەوە وەکو: «بلزاک و فلوبێر و ستاندال لە فرەنسا و دیکنز لە ئینگلتەرا و گۆگۆل و تۆلستۆی و دیستۆفسکی... لە ڕووسیا». (٢)

چیرۆک وەک هەر جۆرێکی ئەدەبی تر، خاوەنی بنەما و ڕەگەز و چوارچێوەی تایبەتی خۆیەتی، وەکو ڕووداو و گێڕانەوە و بینا و کەسێتی و کات و شوێن و بیر. لە کوردیدا مێژووی دەرکەوتن و گەشەسەندنی ئەم هونەرە بەقۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە و زۆر لەوانەی لەم بارەوە لە هونەری چیرۆکنووسییان کۆڵیوەتەوە، لەو باوەڕەدان سەرهەڵدانی ئەم جۆرەی ئەدەبی کوردی بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە. لەبارەی سەرەتاکانی چیرۆک لە کوردیدا ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە.

د. عیزەدین مستەفا رەسول سەرەتای حیکایەت و چیرۆک بۆ مەولوودنامەی شێخ حسێنی قازی (١٧٩٠ - ١٨٧٠) دەگەڕێنێتەوە و چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائب بەیەکەم چیرۆکی کوردی دەژمێرێت. (٣)

د. شوکریە رەسول ڕایەکی تری دەربارەی سەرەتای چیرۆکی کوردی هەیە کە دەڵێ: «یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی لە ڕێگەی گۆڤاری (ڕۆژی کورد)ەوە پێمان گەیشتووە کە لە ساڵی (١٩١٣)دا لە ئەستەمووڵ چاپ کراوە». (٤)

بێگومان مەبەستی چیرۆکی (شەویش)ی فوئادی تەمۆیە کە بەتەواو نەکراوی ماوەتەوە. کەچی د. فەرهاد پیربال بۆچوونێکی تری هەیە و مێژووی دەستپێکردنی چیرۆکی کوردی بەجۆرێکی تر دەستنیشان

(١) عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، ل ٤٧.

(٢) د. فائق مصطفى و عبدالرزاق علي، في النقد الادبي الحديث، ص ١٣٢.

(٣) د. عزالدین مصطفى رسول، اراء في القصة الكردية، مجلة الاقلام، العددان ٢، ٣، ١٩٨٤، ص ١١٢.

(٤) د. شوکریە رەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، ل ٢١١.



دەکا و دەڵێ: «تا ئەم ساتەی ئێستا هیچ چیرۆکێکی تر، پێش ئەم تێکستە (١٨٥٦) (مەبەست چیرۆکی مەم و زینە، ع. أ) لە لایەن نووسەرانی کوردەوە نەنووسراوە. ئەمە لە کاتێکدا مەلا مەحموودی بایەزیدی جگە لە نووسینی ئەم مەم و زینە. خاوەنی چەندین چیرۆک و پەخشانی تریە، لەوانە چیرۆکی (لەیلا و مەجنوون)، لەگەڵ چل کورتە چیرۆک، کەواتە جێی خۆیەتی ناو لە بایەزیدی بنێین، یەکەمین چیرۆکنووسی کورد». (١) دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ ئەم مەم و زینەی ئەو، پوختەی مەم و زینی خانییە، بەڵام بەپەخشان نووسراوە. ئەو چل چیرۆکەش کە باس دەکا هەموویان هەقایەتی میللی و ڕووداوی کوردەوارین و بەقاڵبی چیرۆکی هونەریی نەنووسراون. لە لایەکی تریشەوە (د. عبدالله ئاگرین) لەبارەی سەرهەڵدانی کورتە چیرۆکی کوردی ڕای وایە کە: (ئەوەی تا ئێستا ساغ بۆتەوە ئەوەیە کە یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی... چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیبە). (٢)

جەمشید حەیدەرییش لەم بارەیەوە دەڵێ: «لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری ڕۆژی کورد ژانرێ چیرۆک لە دایک دەبێ، کە جیاوازی هەیە لەگەڵ چیرۆکی (حیکایەتی) فۆلکلۆری، کە لەنێو کوردا زۆر باو بووە و باوە، چونکە بۆ یەکەم جار چیرۆک ناوی نووسەری پێوەیە و زاخاوی مێشک و داهێنانی تایبەتی تاکە مرۆڤێکی ناسراوە کە بەم شێوەیە هاتبێتە بڵاوکردنەوە». (٣)

وەک دەرکەوت ئەم نووسەرانە و نووسەرانی تریش ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە دەربارەی دەستنیشانکردنی سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی کوردی، ئەمەش هۆی خۆی هەیە، چونکە «هەر نووسەر و توێژەرەوەیەک بەپێی بۆچوون و لێکدانەوە و ئاستی ڕۆشنبیری و جۆری شارەزایی لە دنیای ئەدەبدا بیروڕای خۆی سەبارەت بەم مەسەلە گرنگە دەربڕیوە». (٤) نکوڵی ناکرێ ڕۆژنامەگەریی کوردی دەورێکی باڵای هەبووە لە سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی چیرۆکی هونەریی کوردی سەرهەڵدانی چاپ و چاپەمەنی و دەوری گۆڤار و ڕۆژنامەکان بووە هۆی سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەریی کوردی. هەر لەبارەی ئەم ڕۆڵە گرنگەی ڕۆژنامەگەریی عەبدولڕەزاق بیمار دەڵێ: (یەکێک لەو بناغانەی کە چیرۆکیان لەسەر دادەمەزرێت ڕۆژنامەنووسییە). (٥)

ئەگەر چاوێک بەکتێبخانەی کوردیدا بخشێنین دەبینین بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆک تا دەوری نیوەی ساڵانی پەنجاکان، دواکەوتووە، لەمەوە دەوری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانمان بۆ دەردەکەوێ لە بڵاوکردنەوەی

(١) د. فەرهاد پیربال، مەلا مەحموودی بایەزیدی ١٧٩٩ - ١٨٦٧، یەکەمین چیرۆکنووس و پەخشاننووسی کورد، ل ٣٠.

(٢) د. عەبدوڵڵا ئاگرین، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی لە کوردستانی عێراقدا، ١٩٦١ - ١٩٧٠، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٥٠.

(٣) جەمشید حەیدەری، کورتەیەک لە مێژووی لێکۆڵینەوەی پەخشان و چیرۆکی کوردی تا ناوەڕاستی حەفتاکان، گۆڤاری وان، ژمارە (١)، ١٩٩٢، ل ٢٤.

(٤) د. عەبدوڵڵا ئاگرین، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١١.

(٥) عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، ل ٢٦٦.

چیرۆکی کوردی. یەکێ لەو گۆڤارانەی ڕۆڵێکی گەورەی لە پێشخستنی چیرۆکی کوردی هەبوو، گۆڤاری هاوارە، کە هەر لە یەکەمین ژمارەوە پرۆگرامی گۆڤارەکەی بڵاوکردۆتەوە و بایەخی بەچیرۆک داوە: «بەر هڤکرنا چیرۆک، چیر چیرۆک و هەر تەحلیێلا لاڤژە و سترانیێ کوردی و بریێڤە بەلاڤکرانا وان». خاڵی سێیەمی پرۆگرامەکەیە.

گۆڤاری هاوار ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی کوردی. بەدرێژایی (٥٧) ژمارەی، توانی کۆمەڵێ چیرۆکنووسی بەتوانا لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، وەکو: جەلادەت بەدرخان، قەدری جان، مستەفا ئەحمەد بوتی، د. کامەران عالی بەدرخان، نورەدین یوسف (زازا)، ئوسمان سەبری، ژمارەیەکی تر، کە هەریەکە بەچیرۆکێک یان زیاتر بەشدارییان کردووە.

چیرۆکەکانی هاوار: هەندێکیان هونەرین و پلەی هونەرییان بەرزە و لە ڕیزی پێشەوەی چیرۆکی هونەرین و هەندێکی تریان سیمای حیکایەتی فۆلکلۆرییان پێوە دیارە و، بڕێکی تریان لەسەر زمانی گیانداران نووسراون، واتە (فابل. Fable) ئەوانەی دەتوانین ناوی چیرۆکیان لێ بنێین بەڕای د. فەرهاد پیربال:[1] ژمارەیان دەگاتە حەفتا چیرۆک لە گۆڤاری هاواردا. د. حوسێن حەبەش، نیوەی ئەو ژمارەیە واتە (٣٥) چیرۆکی هاوار بەچیرۆکی هونەری دەژمێرێ و نورەدین یوسف زازا بەچیرۆکنووسی یەکەم دەستنیشان دەکا لە گۆڤاری هاواردا.[2]

ئەم هەڵسەنگاندنەی د. حوسێن حەبەش، دەبێ بەتەواوکەرێک بۆ ڕای جەلادەت بەدرخان، کە بەنورەدین زازای گوتووە: «تۆ چەکوفێ مەیی».[3] ئەگەر بەوردی و زانستی لە ناوەڕۆک و تەکنیکی چیرۆکەکانی هاوار بکۆڵینەوە، شتی تازە و گرنگمان دەربارەی ئەم بابەتە بۆ دەردەکەوێ و، بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دەدەین بەجیا جیا لە ناوەڕۆک و تەکنیک و شێوەی هونەری چیرۆکەکانی هاوار بکۆڵینەوە.

## ناوەڕۆکی چیرۆکەکانی هاوار:

ناوەڕۆکی بەشی هەرە زۆری چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار ڕەنگدانەوەی باری ڕیالیزمی ئەو سەردەمەی کوردستانە. چیرۆکەکان بابەتی نیشتمان و ئەو کێشانەی بەو بابەتەوە بەستراون، چارەسەر دەکەن. بۆ نموونە: (چیرۆکی دوو عەگید)ی د. کامەران عالی بەدرخان کە لە (ژ ٢، ل ٥)دا بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی هونەری لە ڕووداوێکی واقیعی دەدوێ و بەهەستێکی نیشتمانپەروەری مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بابەتی چیرۆکەکە ئەمەیە: دوو عەگیدی کورد لە شەڕی نیشتماندا بەدیل دەگیرێن، بەچاوی خۆیان کوشتن و وێرانکاری نیشتمان و دەستگیرکردنی دوو سەرکردەی خۆیان دەبینن. یەکێ لەو دوو عەگیدە خەیاڵی بۆ لای خێزان و منداڵەکانی دەچێ و ئەوەی تر دەڵێ: «پیرەک ژ بو من چییە؟ زارو ژ بو

(١) د. فەرهاد پیربال، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤)، ١٩٩٧، ل ٤٣.

(٢) د. حوسێن حەبەش، ڕاپەرینا چاندا کوردی د کوڤارا هاواڕێ دە، ل ١٣٣.

(٣) د. نورەدین زازا، پێشەکی گۆڤاری هاوار، کۆکردنەوەی حەمرەش ڕەشۆ، بەرلین، ١٩٧٦، ل ٥.



من چییە؟ پێتەکە بلنتر د دلێ مندا رابوویە، پیرەک و زارو هەکە بر چینە، بەردە بلا هەرن بگەرن، وەلاتێ من، وەلاتێ من وندا بوویە».[1] ئەوەی تر دەڵێ: ئەگەر مردم تکا دەکەم لاشەکەم لە کوردستان بنێژن و من بەقیافەی تەواوی لەشکەریی لەگەڵ هەموو چەکەکانم بخەنە ناو گۆڕ بۆ ئەوەی کاتێ دەنگی پێی ئەسپەکانی عەگیدانی کورد و دەنگی تۆپ و تفەنگ هات، من لەناو گۆڕ بێمە دەرەوە، بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەم. هەرچەندە بەڕای (ئەنوەر محەمەد تاهیر) مەبەست لە ڕووداوی ئەم چیرۆکە، جەنگی یەکەمی جیهانییە.[2]

بەڵام من ئەم بۆچوونە بەدروست نازانم، چونکە نووسەری چیرۆکەکە، جەنگی یەکەمی جیهانی بەشەڕی کوردستان نەزانیوە، بەبۆچوونی من: ئەم ڕووداوەی چیرۆکنووس باسی دەکا، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانە و شیوەنەکەی بۆ زیندانییانی بن دەستی داگیرکەرانە.

(سبحی ڕەسول) چیرۆکی (دلاوەرێ چاردە سالی)ی کە لە (ژ ٢٩، ل ٧)دا بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: «شەرە، ژ پیرانێ شێخەکی مەزن، سەر گە ڤازەکی هێژا رابوویە و دکە نەیاران ژ کوردستانێ دەرینە و وەلێت ئازاد و سەر خوە بکە». پاشان وەسفی دلاوەر دەکات و دەڵێ: «دلاوەر خورتەکی چاردە سالی بوو، ب زۆر دی یا خوە رازی کر، ژێ خاتر خواست، تفەنگا باڤێ خوە ب ملێ خوە ڤەکر و گها شەڕ ڤانان». هەروەها باس دەکا کە جەنگاوەران بەرەو کەلات دەچوون، ئەمە چوار سەد ساڵە دوژمنان ئاڵای کوردیان لەسەر کەلات هێناوەتە خوارەوە لەجیاتی ئەوە، ئاڵای خۆیان بەرز کردۆتەوە.

جەنگاوەرانی کورد گەیشتنە نزیک کەلات، دلاوەر خۆی لەسەر عەرد ڕاکێشا و خۆی گەیاندە پێشەوەی لەشکر و سەری بەرز کردەوە و گوتی: «میر خاسنۆ، وەلات وەکە گولەکێیە، جار جارا ب خوینا وەلاتیێن خوە دڤێت بێتە ئاڤدان. ئەز دبینم کو گولامە چلمسییە دڤێت ئەم وێ ب خوینا خوە ئاڤ دن».

دلاوەر هەرکە لە قسەکەی بووەوە، تەقەی لە تفەنگەکەیەوە هێنا و شەڕ دەستی پێکرد و نزیکەی دوو سەعاتی خایاند، دوژمن نەیتوانی خۆی ڕابگرێ، بەزی و هەڵات. دلاوەر پێش هەموو هاوڕێکانی گەیشتە ناو کەلات و ئاڵای دوژمنی داگرت و ئاڵای ڕەنگینی کوردستانی لەجیاتی چەقاند، بەم جۆرە دلاوەر بەئاواتی خۆی گەیشت، بەڵام عەردی ژێر پێی سوور بوو، هەرچەندە خەڵک وایان دەزانی کە ئەم ڕەنگە سوورە ئاڵای دوژمنە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە خوێنی دلاوەر بوو، چونکە دلاوەر بەسەختی بریندار بوو کەسیش پێی نەزانیبوو.

جەنگاوەران دەوری دلاوەریان دا و ویستیان برینەکەی تیمار بکەن، بەڵام دلاوەر دەیزانی برینەکەی سەختە بۆیە گوتی: «هەڤالینو، برینا من خەدارە، برینا مرنێیە، نە تو خەمە (دلاوەر هنەک سەکنی و ژ بیرکاخوە ئالەکە ڕەنگین دەرخست) بەتەنێ من ژ وە دڤێت هون ڤێ ئالێ بکن کەفەنێ من، جەندەکێ من

(١) د. کامەران عالی بەدرخان، دوو عەگید، گۆڤاری هاوار، ژمارە (٢)، ل ٥.

(٢) ئەنوەر محەمەد تاهیر، ڕۆڵی گۆڤاری هاوار بۆ پێشخستنا چیرۆکا کوردی یا هونەری، گۆڤاری مەتین، ژ (٧٥)، ١٩٩٨، ل ٣٨.

د ئالا کـوردان دا بپـێـچن و ژ دی یا من ره بێـژن کـو برینا من نه ژ پار(*) ره بوو». ئەم بابەتە، واتە بابەتی نیشـتـمـانی بایەخـێکی زۆری پێـدراوە و چیـرۆکنووسـانی هاوار چەندین چیـرۆکی بەپـێـزیان لەم بارەیەوە نووسیوە، وەکو:

چیـرۆکی (دل دزیا گـولەکێ)ی د. کـامـەران عـالـی بەدرخـان، کـە لە (ژ ٥، ل ٥)دا بڵاوکـراوەتەوە، هەروەها چیرۆکی (لەیلانا راستییێ)ی هەمـان نووسەر کە لە (ژ ١٠، ل ١)دا بڵاوبۆتەوە. نورەدین یوسف (زازا)ش چیـرۆکی (کـەسکە سـوور)ی لە (ژ ٣٠، ل ٤)دا نووسـیـوە. ئەمـانە و چەندیـن چیـرۆکی تر کـە پەیوەندییان بەبابەتی نیشتمانییەوە هەیە.

جگە لە بابەتی نیشـتـمـانی، گۆڤاری هاوار گرنگی بەبارودۆخی کۆمەڵایەتیش داوە و ئەم لایەنە بۆتە تەوەرێکی گرنگی چیـرۆکەکان. نەزانین و نەخـوێندەواری و دابونەریتی دواکەوتوو و پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوونەتە ناوەڕۆکی زۆر لە چیرۆکەکانی هاوار. بۆ نموونە: لە (ژ ٥، ل ٦)دا قەدری جان چیـرۆکی (بەسرەکا زێڕین)ی بڵاوکـردۆتەوە، باسی ئەوە دەکـا کە (بەسـرەکا زێڕین) نـاوی گوندێکە و گـەورەی ئەو گوندە کە مـەکـسـیـە کـچـێکی هەیە ناوی پیـرۆزە، ئاغـایەکی تر هەیە نـاوی (مـیـرزا فـیـرۆز)ە و گـەورەی ناوچەی مەتینایە.

میـرزا مەتینا حەز لە کچی مەکسی دەکـا، بەڵام ئەم، کـچی خۆی ناداتێ، میـرزا نامـەیەک بۆ مەکسی دەنێرێ و هەڕەشەی لێدەکا ئەگەر داواکەی بەجێ نەهێنێ میرزا ناچار دەبێ هێز بخاتە کار و هێرش بکاتە سەر بەسرەکا زێڕین.

مەکسی ڕازی نـابێ و مل بۆ مـیـرزا کـەچ ناکـا. لە ئەنجامدا دەبێـتـە شەڕ لە بەینیـان و بەسـرەکا زێڕین وێران دەبێ و میرزا... (پیرۆز) بۆ خۆی دەبات.

شایانی باسە ئەم هەموو هەرایە دەقەومێ بێ ئەوەی هیچ حیساب بۆ ڕەزامەندی پیرۆز بکرێ.

قـەدری جـان لە چیـرۆکی (گـونەه)دا، کـە لە (ژ ٣٩، ل ٦)دا بڵاوکـراوەتەوە، باسی ئەو دابـونەریتـە پاشکەوتووانە دەکا، کە بۆ چارەسەری نەخۆشی و ئێش و ئازار، کورد پەنا دەبەنە بەر شێخ و مەلا.

قەدری جان وێنەی ئەوە دەکێـشێت کە چۆن شێـخـێک بۆ ئەوەی جنۆکە لە لەشی منداڵێک دەربکات. دەست دەکا بـەفـەلاقـە دانی، تـا بنی پێی خوێـنی لێ دێ و لە کـۆتـاییدا منداڵەکـە لە ژێر ئەو دارکـارییـەدا فـەراقی لەبەر دەبڕێ. نورەدین زازا لە (ژ ٢٧، ل ١٠)دا چیـرۆکی (خـورشـیـد)ی نووسـیـوە و بـاسی ئەوە دەکـات: کـە پیـاوێکی دەوڵەمـەند لە گـوندێکدا هەبوو ناوی خـورشـیـد بـوو، ڕۆژێ ڕوو لە مـەلا دەنێت و دەڵێ: «کوڕەکی من چێ بوو، ژێرە ناڤەکی شیرین ژ تە دخوازم» مەلا ناوی جەمشیدی بۆ هەڵبژارد.

خـورشـیـد زۆر بەناوی جەمـشـیـد شاد بـوو، چونکە لە ناوی خۆی دەهات. دوای شازدە سـاڵ جارێکی تر خورشید چووە لای مەلا و گوتی: «ئیسال کوڕێ من جەمشید خوەندنا خوە بر سەری و دناڤ هەڤالێن خوە دا ئێ پێشین دەرکەت، من دڤێت ئیرۆ ژێ را مەولودەکی بدەم خوەندن، ئەز هێڤی دکەم تو ئیشەڤ خوە ب

(*) پار = پشتەوە (خلف) واتە من بەرەو ڕووی دوژمن دەچووم کە بریندار کرام، نەک لەبەریان هەڵبێم.



ئێشینی بێی مـالا مە و ب دەنـگێ خوە ئێ شیرین ڤێ مەولودێ ژ مە رە بخوینی» دوای هەشت سـاڵی تر جـارێکی دی خـورشـیـد لەگـەڵ چەند خـزمـێکی چووە حزوور مـەلا و پێی گـوت: «من ژ کـوڕێ خوە کـەچا جامـێرەکی خواستییە، دەولەمـەند، پر پەرە خوەست، لی کـورێ من یەکە و ل بەر دلێ من بهایە، ژ کـەرەما خوە مەهرا وان ببڕە»، مەلا چووە مارەیی بڕین و لێکی پیرۆزکردن.

چەند هەفـتـەیەکی پێـچـوو خورشـیـد و جەمـشـیـدی کوڕی بەکـەشتی دەچوونە شار جلوبەرگی بووک و زاوایەتی بکڕن، بەڵام لە نـاوەندی دەریادا جەمـشـیـد کەوتە ناو ئاو و خنکا. دوای ئەم ڕووداوە بەساڵێک خورشـیـد دیـسـان چووە مـاڵی مەلا و پێی گوت: «هاتیـمـە تشـتـەکێ ب نـاڤێ کورێ خوە (جـەمشـیـد) بدەم تە، ژ بو خوەندنا زاروکێن گوندئێن بەلەنگاز» ئینجا خورشید کیسە پارەیەکی لەبەردەم مەلا دانا.

مەلا بەخورشیدی گوت: ئەم پارە زۆرە، بەڵام خورشید گوتی: «بەلێ ئیرو من نیڤێ زەڤیێن خوە فروتن، جەمـشـیـد دخوەست ب دەستێ خوە ژ مللەتێ خوەرا قـەنجییێن مـەزن بکە، لێ خـوە دێ نەهشت، نهـا ئەز دەینی وی ددم».

مەلا دەستی خورشیدی گرت و پێی گوت: «وەرە ئەمێ هەڤ کرنا خوەبدن زارویێن گوند و ژوان خورتێن خوەندا خورتو هێژا ببن پێ»، خورشـید دوای بیرکردنەوە بەقسـەی مـەلا ڕازی بوو «خورشـید مالێ خوە، مـەلا زانینا خـوە دابوون مللەت. پشـتی شـانزدە سـالان ل گـوند دا داوەتا چل خـورتێن هێـژا، خـوەندا و مللەتپەروەر چێ دبوو. خورشید تێدە ب سەرێ سەر گوڤەندێ گرتبوو».

لەم چیرۆکـەدا سامان و زانست یەک دەگرن بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی هۆشیار و لێهاتوو بۆ خزمەتی نیشـتـمان و مـیللەت. چیرۆکنووسانی گۆڤاری هاوار ڕۆڵـی ئافرەتیان لە بیر نەکردووە، بەڵکو بایەخێکی زۆریان پێـداوە. ئافرەت لە چەند چیـرۆکێکدا کـراوە بەپاڵەوانی سەرەکی. ئافرەت لەو چیرۆکـانەدا. هەر وەکو لە واقعیدا، دەوری دایک و خوشک و ژن و یاریشی دیوە، جگە لەمانە ئافـرەت وەکو ئەندامێکی کاریگەر لە کـۆمـەڵی کوردەواریدا جێگای گرتووە. خاڵێکی گرنگی تر: ئەو چیـرۆکانە لەبارەی مامـەڵە کـردنیـان لەگـەڵ ئافـرەتدا ئەوەیە: دەوری ئابـووری ئافرەت نەتـەنیا بـەخێـوکردنی خـۆیەتی و بەس، بەڵکو بەخێوکردنی هەمـوو خێزانەکەی دەگرێتەوە. وێنەی ئافرەت بەو شێوەی لە چیرۆکەکاندا هاتووە بەبۆچوونی من بۆ ئەو کاتە شتێکی نوێیە.

یەکێ لەو چیـرۆکـانەی باس لە دەوری ئافـرەت دەکـەن، چیـرۆکی (بەر تـەڤنا مـەهفـورێ)ی جـەلادەت بەدرخانە کـە لە (ژ ٤، ل ١)دا بەهەر دوو جۆرە ئەلفـوبـایێ (لاتینی و عـەرەبی) بڵاوکـراوەتەوە. مێژووی نووسینی چیرۆکەکە (٥)ی تشرینی یەکەمی (١٩٢٧)ی لەسەر داندراوە و لە بێروت نووسراوە. جێگای ئاماژەیە مێژووەکە لەسەر ئەو دانەی بە ئەلفوبێی عەرەبی نووسراوە بەچەوتی نووسراوە (١٩٢٣)... دکتۆر فـەرهاد پیربـاڵ ئەو مـێـژووەی لە وتاری خـۆیدا. کە لە ڕامـان بڵاوی کـردۆتەوە، بەچەوتی وەرگـرتووە.[(١)] بۆیەش (١٩٢٧) ڕاسـتـە و (١٩٢٣) چەوتە، چونکە لەناو چیـرۆکەکـەدا ئامـاژە بەوەکراوە کـە ڕووداوی

(١) د. فەرهاد پیرباڵ، چیرۆکەکانی گۆڤاری هاوار، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (١٤)، ١٩٩٧، ل ٤٩.

چیرۆکەکە لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران قەوماوە، واتە لە ساڵی (١٩٢٥). چیرۆکی (بەر تەڤنا مەهفورێ) باسی خێزانێکی کورد دەکات کە پیاوەکەیە و لە شۆڕشی شێخ سەعید شەهید بووە. بەر لە شەهید بوونی، وەسیەتی کردووە کە کوڕەکەی (گەفو) بچێتە قوتابخانە و خوێندنی خۆی تەواو بکا، بۆ ئەوەی بتوانێ باشتر خزمەتی نیشتمان و میللەتەکەی بکات. دایکی گەفو ئافرەتێکی چالاک و لێهاتوو بووە. گەفو دوو خوشکی هەبووە (رندێ و زیزێ). دوای شۆڕشی شێخ سەعید گوندی بەنگی ئاغا وێران دەبێت و ئەم خێزانە ئاوارەی شار دەبن. لە شار گەفو دەچێتە قوتابخانە و خوشکەکان لە کارگەیەکی مەحفور و چینی ئیش دەکەن. هەر دوو خوشک تووشی زۆر کێشە و ئارێشە دەبن، چ لەبەر باری گرانی ژیان و چ لەبەر ئەوەی بەرپرسەکەیان لە کارگە پیاوێکی تورکە و هەر بەتورکی قسەیان لەگەڵدا دەکات و مامەڵەیەکی ناخۆشیان لەگەڵدا دەکات. لەگەڵ ئەم بارە نالەبارەش رندێ و زیزێ بیر لە وەسیەتی باوکیان دەکەنەوە، کە بەهەر دەردەسەرییەک بێ وا بکەن گەفوی برایان بۆ خەبات و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان پێ بگەیەنن: «ما زیزێ تو نزانی کو خەباتامە ژ بونا گەفویە، ژ بونا خوەندنا گەفویە.

– بەلێ رەندێ چاوان نزانم، وەرنە بووا کەنگێ دێ یامە ئەم ددان خەباتێ.

– نەخوە چرا دگری؟

– تو نابینی ئیدن ناگریم، لێ تشتەک هەیە، ما دنیا تەڤ نە زڤستانە، بوهار و هاڤین وێ ژی هەیە. بلا گەفو ل هاڤینێ بخوینە و ل زڤستانێ تەڤدا ل مالێ رونن، مانابە؟

– د بە زیزێ، لێ باڤێ مە وەساندییە کو بلا گەفۆ زانا ببە، ب زانە رێزکا دنیایێ بگەرینە، ژ بونا وی ژی خوەندنا هاڤینێ تێر ناکە، دڤێت ل زڤستانێ ژی بخوینە. داکو زانا ببە».

هەروەها بۆ سووککردنی کاریگەری جنێودانی سەروەستا (مراقب)ی تورک کچەکان لەناو خۆیاندا دەڵێن: «کو کوردستان ب سەرێ خوە ببە، هنگی هەر تشتێن وەلێتێ مە ژ مە دبن، ئەڤ سەر هوستە ژی ژ کوردان تێتە بژارتن و پرسا کورد نەوەک ئیرۆ پرسا دژوونێ لێ پرسا پەسنێ ببە. نەتنێ سەر هوستە، لێ ژ حاکمان هەتا پالەیان هەمی، ژ مە، ژ ملەتێ مە دێ ببن. وێ گاڤێ ئەڤ زمانێ کو ئەم پێ دئاخێڤین و ژمەرا شیرینە و هەر دەرێ د بێتە گوتن و بهیستن».

لەبەر ناخۆشی ژیان و دوورکەوتنەوەیان لە گوندی خۆیان و نەزانینی زمانی کار، کە زمانی تورکییە، رندێ و زیزێ زۆر خەمناکبوون، جا بۆ لە بیرکردنی ئەو ژیانە تاڵە، دایک و هەر دوو کچ پێکەوە دەگریان و بۆ تازەکردنەوەی ورەی خۆیان سەبووری دڵیان: «دگوهەکێ مەزەلێ دە پشت خەنجەرا بەنگی ئاغا هلاویستی بوو. ژو پێڤە ددەستێن وان دە تو تشتێ وی نەما بوو. ژ خوەرە کر بوون عادەت د دەمێن تەنگی و زیزێ دە ئەو زیارەت دکرن. هەر چاران بەرێن خوە دان خەنجەرێ و کەتن هەمبێزێن هەڤ».

دیارە خەنجەر هەم یادی سەرۆکی خێزانە و هەم ڕەنجی خەباتی شۆڕشگێڕییە.

نورەدین یوسف لە چیرۆکی (گولێ)دا، کە لە (ژ ٢٩، ل ٨)دا بڵاوبۆتەوە، بەپێچەوانەی دیتنی کۆمەڵ بۆ ئافرەت، وێنەیەکی تازە دەکێشێ و هێز و توانای ئافرەت بۆ هەموو کەس ئاشکرا دەکات. گولێ



کچێکی گوندی شادیان بوو باوکی گولێ، بەداری زۆرێ گولێی دایە پیاوێکی گوندەکە. گولێ پیاوەکەی کوشت و خۆی گەیاندە لای (قوچۆ) کە حەزی لێ دەکرد.

قوچۆ سەرۆکی دەستەیەکی چەکدار بوو لە شاخ دەژیا. خەڵکی گوند بەچاوی ئافرەتێکی بەد ڕەوشت و داوێن تەڕ سەیری گولێیان دەکرد، ڕۆژێ لەشکری تورکیا هاتە سەر گوندەکە، خەڵکی گوند زۆر ترسان. قوچۆ و دەستەکەی دابەزینە ناو گوند و پارێزگاری و بەرگری کردنیان لە گوندەکە گرتە ئەستۆ، بەڵام کە خەڵکی گوندەکە گولێیان لەگەڵ قوچۆ دی زۆریان پێ ناخۆش بوو، کەوتنە تانە و تەشەر و جنێودان و هەڵبەستنی قسەی بێ بنەما.

دوای دانانی نەخشەی بەرگریکردن لە گوند، گولێ دەستی دایە چەک و بەرەو دوژمن چوو. خەڵکی گوند ئەمەیان بەدەرفەت زانی و کەوتنەبەرێ، دلی قوچۆ لەسەر گولێ سارد بکەن و پێیان گوت، ئەوە گولێ چوو زانیاری بۆ دوژمن ببا و هەر بەردەوام بوون لەسەر ڕیسوا کردنی گولێ و تاوانبارکردنی بە بەدڕەوشتی، تا وای لێهات قوچۆ دڵی کەوتە خەتەرە هەر ئەو شەوە، لە تاریکیدا گولێ، گەڕایەوە ناو چەکدارەکانی خۆیان، بەڵام قوچۆ تفەنگی لە بەژن و باڵای گولێ ڕاگرت و هەر لەوێ گولێی کوشت.

پاشان شەڕێکی گران لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و دوژمن ڕووی دا. دوژمن شکستی خوارد و هەڵات. کە شۆڕشگێڕان چوونە شوێنی لەشکری تورکیا دیتیان ئەفسەرێکی تورک کوژراوە و خەنجەری گولێی لەسەر لاشەی بەجێماوە، ئەوسا گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە گولێ ئەو ئەفسەرەی کوشتووە و کوژرانی ئەفسەرەکەش بۆتە هۆی شکانی لەشکری تورک. لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا هاتووە و دەڵێ: «چوون، لێ دژمن بێ ل بەرخوەدان رەڤین، کورد کەتن ئاسیگەهێ، هەر دەر ڤالا بوو. بەتەنێ د ئودەکێ دە تشتەکی ئەجیب دیتن. سەری زابتێ دژمن ژ لاشێ وی هاتبوو بڕین و مەزەل ب خوین بوو. ل سەر نڤینێ خەنجەرەکە ب خوین دەچرسی. قوچە خەنجەر راکر، وی ئەڤ خەنجەر دابوو گولێ... قوچو کولمکێن خوە گەز کرن و وی پلنگێ کو چیا دهەژاندن ژ بو جارا پێشین گری و گوتە گوندییان: (وە ب من گونە هێ پاشێن دا کرن، ژ گولا قەحپەرە مە قەحپەتی کر».

دیسان چیرۆکێکی تری نورەدین زازا بەناوی (هەڤینا پەریخانێ) لە (ژ ٣٧، ل ٥)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆڵی ئافرەتی کورد لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردستان پێشان دەدا. لە پاڵەوانێتی پەریخان دەدوێ، چۆن بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی باوکی لە داگیرکەرانی کوردستان خۆی لەناو ژمارەیەک سەرکردەی دوژمن دەتەقێنێتەوە و خۆی بەقوربانی کوردستان دەکا.

مێژوو و ڕووداوی مێژوویی‌یش جێگای خۆی لەناو چیرۆکەکانی هاواردا کردۆتەوە. ئەو چیرۆکانەی پەیوەندییان بەمێژووەوە هەیە زۆرن. یەکێ لە چیرۆکنووسانی هاوار، پسپۆریی لەم بوارەدا پێشان داوە و چەندین چیرۆکی مێژوویی نووسیوە، ئەویش: (بشارێ سەگمان)ە.

هەر بۆ نموونە: وەکو چیرۆکی (کیلوپاترە) کە لە (ژ ٥٠، ل ٣)دا بڵاوکراوەتەوە و چیرۆکی (سەلاحەدین و ریچاردی شێردل) کە لە (ژ ٥١، ل ٣) بڵاوبۆتەوە و چیرۆکی (شوشا دلان) کە ئەویش هەر لە (ژ ٥١، ل ٦) بڵاوبۆتەوە و چیرۆکی (کەلەها شاهێن) کە لە (ژ ٥٢، ل ٣)نووسراوە.